ڕەووف محەمەد ئالانی

# خواستی خەڵك لەزمانی قەڵەمەوە

چاپی یەکەم
سلێمانی 2007




- كتێب: خواستی خەڵك لەزمانی قەڵەمەوە
- بابەت: ریپۆرتاژی رۆژنامەنوسی
- نوسینی: رەووف محەمەد ئالانی
- تایپ: ئاشنا دلێر
- نەخشەسازی: عادل شاسواری
- هەڵەچن: نوسەر
- چاپ: چاپخانەی قانع
- چاپی یەکەم: سلێمانی 2007
- تیراژ: پێنج سەد دانە
- ژمارەی سپاردن: (744)ی ساڵی 2007 ی پێدراوە


چاپکردنەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ نووسەر.

# ناوەڕۆك

**بابەت** **لاپەڕە**

کێ لە کێشەی نیشتەجێبوون بەرپرسە؟................9

کەناروێی شوێنەواری مێژوویی کۆن و لانەی شۆڕش و بەرەنگاری، لە بەردەم چەند داوایەکدا .............. 18

لە گوندی (قامیش) ، فێر بوونی کۆمپیوتەر لاوانی سەرقاڵکردووە....24

شینکایەتی .. ئەو ناوچەیەی لە گشت سەردەمێکدا ماڵی شۆڕشەکانی کورد بووە..............................................................28

لە ئەزمڕی سەیرانگای گشت وەرزەکاندا............ 39

ئەزمڕ و گۆیژە بەرگی سپییان پۆشیووە........... 48

دوای گەڕانەوەی یەکجاریان بۆ کوردستان.............54

دەربارەی گەڕانەوەی یەکجارییان بۆ کوردستان.............. 61

دوای ئاوەدانکردنەوە، چۆڵکردن بۆچی؟.................. 68

گوندەکان بەشێکن لە بەرنامەی بەرێوەبەرێتی هۆشیاری مین....... 75

کۆچی پێچەوانە.. لە گوندەوە بۆ شار.......................... 78

دووبنەیی نەبێت، ژیانی گوندنشین خۆشترین ژیانە..........88

عەلی کیتابی لە مووچەی خانەنشینی خۆی یانەیەکی منداڵانی لە گوندێك کردۆتەوە.......................................................95

یانەی سارا، لە دێی زرگوێز، کرایە باخچەی ساوایان........... 100

ئەو منداڵانەی خەونە بچووکەکانیان تێکەڵ بە دنیای ئاڵۆزی بازاڕ دەبێت.................103

گلەیی و سکاڵای هاووڵاتیانی قەزای ڕانیە سەبارەت بە شێوازی دیاریکردنی ناوەکان لە دروستکردنی خانوودا.................................... 111

کە زەنگی شۆڕش لێدرا

لە مەفرەزەکاندا زۆر جار بە (8) کەس تەنها (3) چەکیان پێ بوو..... 117





دامەزراندنی کۆلێجی ئەرکان دەسکەوتێکی مەزن و سەروەرییەك بۆ گەلی کورد..............................................................................123

(PUK tv) 15 ساڵ تەمەنی تێپەڕاند..............................135

پاش 15 ساڵ حوکمڕانی کورد، دەکرێت پێشمەرگەی دێرین هەبێت هێشتا زەوی وەرنەگرتبێت؟....................................................141

ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لە 27 ساڵەی تەمەنیدا

هەوڵدەدات دەنگی ڕەوای خەڵکی کوردستان بێت.................. 149

شارەزوور

فرێدانی تەرمی منداڵێك لە لایەن شۆفێرێکەوە..................157

دەبێ سکاڵاکانی ناو سندوقی سکاڵا چییان تیادا نووسرابێت؟....... 162

زیادەڕۆیی لە قسەکردندا، نەریتێکی خراپی کۆمەڵایەتی............ 172

دوو لاو بە پێنج مانگ شاخێك دەبڕن.................................. 177

دابینکردنی شوێن بۆ گیانەوەران زامنی پاراستنی ژینگەیە.......... 182

ئاژەڵە بەرەڵاکان و لە ناوچوونیان لە ژینگەدا......................... 187

ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان، جوانی سروشتن با بە ڕاو قڕیان نەکەین.... 190

دابەزینی نرخی بەروبوومی کشتوکاڵی و چۆنیەتی کڕینەوەی

لە جوتیاران................................................................ 199

# لەجیاتی پێشەکی

کارکردن لەبواری رۆژنامەوانیدا هەرچەندە بۆ کەسی خاوەن پیشە دوولایەن دەگرێتەوە، لایەنی یەکەم خۆشی و کامەرانییە بەهۆی گەیاندنی پەیامی خزمەت کردن بە خەڵك و هاونیشتمانیان ووشیارکردنەوەیان لەکارە دزێوەکانی دەسەلاٚت و خەڵکانی مشەخۆر.

لایەنی دووەم ناخۆشی و مەینەتییە بەهۆی ئەو کارەی ئەنجامی دەدات لەلایەن کەسان وبەرپرسانی لایەنی باسکراولەبابەتی رۆژنامەوانییەکەیدا،تەنانەت زۆرجار رێکدەکەوێت لەسەر هەڵوێست وبەرگری کردن لەرەوایی ،توشی ئازارو ئەشکەنجەولێدان وهەڕەشەوزیندانیش ببیتەوە،،.

منیش کەرۆژنامەوانیم کردووە بەپیشەو کارکردن لەو بوارەدا خۆم بۆ هەموو ئەم لایەنانە داناوەو توشی هەندێکیان هاتووم، بەلاٚم بێباك وبیٚ منەتی خۆمم دەربڕیوەو لام ئاسایی بووە کەتوشی هەرکام لەوکێشانە ببم.

ئەم بابەتانەی کراونەتە دووتوێی ئەم کتێبەوە، بابەتی زیندووی ناوناخی کۆمەڵی کوردەوارین، زۆر خۆشحاڵدەبم کەتوانیبێتم هەر لەزمانی قەڵەمەکەمەوە هەستو ناخی خۆم و خەڵکی بخەمە سەر لاپەڕەی رۆژنامەکان،لەبەرامبەردا زۆرجار دەستخۆشیم لێکراوەو دڵی خەڵکیم شادکردووە، زۆرجاری تر رێکەوتووە لەلایەن کەسانی بەرپرس ودەسەلاٚتەوە سەرزەنشت کراوم، کەبەهەمان جۆر دڵخۆشی





پێبەخشیوم،چونکە وام هەستکردووە توانیومە بەبەردێك گۆمێکی مەنگ بشڵەقێنم.

لێرەوە زۆر سوپاس بۆ ئەوکەسانەی توانیان بەزمانی چرپە بەگوێی قەڵەمەکەمدا بچرپێنن ورازەکانی خۆیان دەربڕن وقەڵەمەکەشم خواستەکانی ئەوانی گەیاندووەو ئارامی پێبەخشیون.

جارێکی تر سوپاس بۆ ئەو مینبەرانەی هاواری قەڵەمەکەمیان گەیاندە خەڵك ودەسەلاٚت،سوپاسی بێپایانیشم بۆ هاوکاران وخوێنەرانی بابەتەکانم گەر توانیبێتم خزمەتیان بکەم، شادمان وکامەرانم وهیوای دوارۆژی روون بۆ خەڵك وئازادی ونەبەزی بۆ قەڵەمە بوێرەکان.

**رەووف محەمەد ئالانی**
**سلێمانی/ ئابی** 2007

# کێ لە کێشەی نیشتەجێبوون بەرپرسە؟

شوێنی نیشتەجێبوون لە مێژوودا، کێشەیەکی گەورەیە و هەر لە دۆزینەوەی ئەشکەوت تا دروستکردنی شارە گەورەکان گەیشتن و گۆڕانی شێوازی نیشتەجێبوون. بە لە بەرچاوگرتنی ئازادییەکانی مرۆڤ جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ پێی داگرتووە لە سەر مافی هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ گشت کەسێک.

لەم بارودۆخەی ئەمڕۆی کوردستاندا کێشەی نیشتەجێبوون یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکان، بە تایبەت لە شارەکاندا بۆ خەڵکانی هەژارو کەمدەرامەت.

## لاوان و کێشەی نیشتەجێبوون

سەرەتا ( نامیق ڕەسوڵ حەمە فەرەج ) وتی: ماوەی چەند مانگێکە هاوسەرم دیاریکردووە بە هۆی دەست نەکەوتنی خانوو کاری ئاهەنگ گێڕا نمان دواخستووە، هاوسەرەکەشم هەر مامۆستایە، یەکێتی مامۆستایان لە دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بە کەمتەرخەم دەزانم، چونکە ئەوان زەوی دەدەن بە مامۆستایەك کە زیاد لە ( 25 ) ساڵ خزمەتی کردبێت، بەلاّمزەوی نیشتەجێبوون بۆ سەرەتای دروستکردنی ژیان و خێزان پێویستە نەك پاش پیر بوون و بێزاری لە ژیان، ئەم کێشەیە تەنها کێشەی من نییە بۆ نموونە لە خوێندنگەکەی ئێمەدا زیاد لە ( 6 ) مامۆستا لە بەر نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون پرۆسەی خێزانی نوێیان دواخستووە،هەروەها وتی: ئەم قەیرانە لەوەوە سەری هەڵداوە کە زەوی زۆر بە ناڕێکی دابەشکراوە، چونکە هەیە خانووی هەیە و زەویشی وەرگرتووە یان خێزانی نییە و زەوی پێدراوە.

دە ساڵە مامۆستام لە دەرەوەی شار، لە ترسی کرێچێتی و نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ شار، ئەمە و لە گەڵ بەرز بوونەوەی مووچەش نرخی هەموو شتێك بەرز کراوەتەوە بە تایبەتکرێی خانوو، جا هەر کرێکەش نییە، بەڵکو بە ئاوو کارەباوە دەبێتە دوو کرێ.

کێشەکە تەنها لە لایەن حکومەتەوە چارەسەر دەکرێت بە ئاوەدانکردنەوەی گوندو شارۆچکەکان و ئەنجامدانی بوارە خزمەتگوزارییەکان، تا خەڵکی ڕوو لە گوندەکان بکەنەوەو شارەکان چۆڵ بکەن یان بۆچی بە پێی خزمەت و خاڵ زەوی بە سەر فەرمانبەراندا دابەش دەکەن، چونکە ڕێژەی خاڵەکان کە دانراوە زۆرەو کەسێك خزمەتێکی زۆری نەبێت نایدرێتێ.

هەروەها هاوولاّتییەکی تر بە ناوی ( هێرش جەبار ) وتی: ئەم قەیرانە لە ناڕێکی دابەشکردنی زەوییەوە بە سەر چین و توێژەکانی کۆمەڵدا سەریهەڵداوە، چونکە زۆرێك لەو فەرمانبەرانەی خانوو زەوییان هەیە خستویانەتە سەر ( کچ یان کوڕ یان ژن ) ە کانیان و بۆ چەند جارێك سوودمەند بوون، هەروەها باشبوونی داهاتی تاکە کەس وایکردووە خەڵك بە لێشاو ڕوو لە شارەکان بکەن و دروستکردنی خیزان زۆر زیادیکردووە، هەروەها بوونی چەند جۆر لە ئاوارە لەم شارەدا کە هەموویان نیشتەجێن، بۆیە لە سەر حکومەتە یاسایەك دەربکات بۆ دیاریکردنی شێوەی بەکرێدانی موڵك، هەروەها زەوی نیشتەجێ بدرێت بەو کەسانەی لە دەرەوەی شارن ، با زەوییەکان لە شوێنەکانی خۆیان وەربگرن، شارەوانیش دەتوانێت سنوری شارە گەورەکان گەورەتر بکات و گەڕەکی نوێیکرێتەوە.

هەر سەبارەت بەم کێشەیە هاووڵاتی ( فەرهاد کەریم ) وتی: خەڵکی بە دەست بارگرانی ئەم کێشەیەوە دەناڵێنن، ئەم مەسەلەیە بۆ هەندێك کەس وایلیێهاتووە بۆتە خراپترین کەناڵی چاوچنۆکی ولە لایەن ئەوانەی بازرگانی بەم لایەنە گرنگەی ژیانی خەڵکەوە دەکەن، جگە لە کرێیەکی زۆر پێشەکی چەند ساڵێك وەردەگیرێت، ئەمەش لە ئەنجامی کارو کردەوە چەپەڵەکانی بەعسە کە لە ناو خەڵکدا ماوەتەوە، بە بۆچوونی من سلێمانی لەم کێشەیەدا پێشڕەوی گشت شارەکانی کوردستان و عێراق و تەنانەت جیهانیشە، ئەگەر بەراورد بکەین لە نرخی کەلوپەل و کرێی خانوو زەوی، جا بە ئەنقەست بە دەست چەند کەسێکی سەرمایەدار بێت یان هۆکارەکانی تر بن وەکو بوونی ئاوارەیەکی زۆری شارەکانی کوردستان.

هەروەها وتی: قەیرانی نەبوونی خانوو کاریگەرییەکی زۆر نێگەتیڤی هەیە بۆ سەر چەندین لایەنی تری ژیان، بە تایبەتی پرۆسەی هاوسەرێتی ئەویش بە هۆی دەستنەکەوتن و نەبوونی شوێنی نیشتەجێی تا خێزانی نوێ دروستبکەن.

## ڕای کرێچییەکان

کرێچی ( کامیل ئەحمەد ) وتی: تا ئێستا خاوەنی خانووی خۆم نەبووم و هەمیشە کرێچی بووم، لە گەڵ شۆڕشی کورد دەربەدەرو ئاوارە بووم و تا ئێستا زەوییەکم نییە لەم کوردستانەدا، هەر چەندە لە شاری سلێمانی لە دایك بووم ، لە تاو کرێچێتی و نەبوونی خانوو، چوومەتە کانی کوردە و لە خانویەکی خراپدام، مانگی ( 500 ) دینار چاپی کۆن دەدەم، لەم کێشەیەدا دەوڵەمەندو سەرمایەدارەکانی ئەم شارە بە بەرپرس دەزانم، چونکە هەموو سەرمایەکەیان بۆ گیرفانی خۆیانە و لە قازانجی خانوو زەویدا بە کڕین و فرۆشتن





بەکاریدەهێنن، ئەگەر سەرێك لە گەڕەکە راقییەکان بدەیت دەبینیت کرێ خانوو لە ( 20 ) وەرەقەی دۆلار کەمتر نییە، هۆی سەرەکی ئەوەیە، ئەو خانوانە هی دەوڵەمەندەکانە و بە گران نەبێت نایدەن، لەو کاتەدا هەژاران ناچارن بچنە گەڕەکە دوورو هەژار نشینەکان، داواکارم لە شارەوانی سلێمانی هەوڵبدات کرێ کەمبکاتەوەو دیاردەی پێشەکی وەرگرتن نەمێنێت و زەوی بە سەر هەژاراندا دابەشبکات و هەوڵبدات، نارێکی لەو جۆرە دابەشکردنە دوور بخرێتەوە یان سەرژمێری بکرێت تا بزانرێت چەند کەس خانووی نییە و پێویستی بە هاوکاری هەیە تا پلان و نەخشە دابنرێت بۆ ئاوڕدانەوە لەم کێشەیە و چارەسەرکردنی.

## خاوەن خانوەکان چی دەڵێن؟

هاووڵاتی ( ئاراس بورهان ) خاوەنی خانووەو داوێتی بە کرێ ، بەم جۆرە وتی: زیاد لە ( 30 ) ساڵە خانوومان هەیە و داومانە بە کرێ و تا ئێستا زۆر کێشەمان هاتۆتەڕێ لە گەڵ کرێچییەکاندا، تەنانەت چەند جار بۆ ئەو کێشانە چوینەتە دادگاوبنکەی پۆلیس، پێموایە سەرچاوەی ئەو کێشانە نەبوونی یاسایەکە لەو بارەیەوە کە بتوانێت چارەسەری کێشەکە بکات، هەندێك جار خانوومان بە پێی پەیوەستنامەی نووسینگە داوە بە کرێ، بەلاّم کرێچییەکە پاش ماوەیەك پەشیمان بۆتەوە لەو بەڵێننامەیەی کە مۆری کردووە، نووسینگەکەش پاش وەرگرتنی کرێ خۆی لێی بەرپرسیار نابێت. هەروەها نووسینگەکانیش بەرپرسن لەم کێشەیە، چونکە ئەو پارەیەی کە دیاریان کردووە بۆ دۆزینەوەی خانووی کرێ لە لایەن هەر دوو لا کرێ وەردەگرن لە کرێچی و خاوەن ماڵ، بۆیە ئەمانیش لەمە سارد دەبنەوەو خۆیان بە بێ بەڵێننامەی نووسینگە ڕێکدەکەون، پاشان بە پێی گۆڕانی باری ئابوری کێشە

لە نێوان هەر دوولا دروستدەبێت و ئەو شێوازەی لێی دەکەوێتەوە کە ئەمڕۆ بووە بە دیاردەیەکی ناخۆش بۆ هەر دوولا و حکومەت، سەبارەت بە زۆری و گرانی کرێی خانووش وتی: من پێموانییە کرێی خانوو زۆر بێت، چونکە ئەگەر سەیری ناو بازاڕ بکەیت بۆت دەردەکەوێت کە هەموو شتەکان وەك خۆیەتی لەو کاتەدا کرێش بەو شێوەیە بێت.

## بۆچوونی نووسینگەکان

بۆ ئەم مەبەستە بە باشمانزانی سەردانی چەند نووسینگەیەك بکەین، سەرەتا نووسینگەی (عەلی توانا) کە مۆڵەتی ژمارە (1) ە لە سلێمانی، وتی: لە ساڵی 1967 وەوە من خەریکی کاروباری خانووبەرەم لە سلێمانی و یەکەم کەس بووم مۆڵەتی یاساییم وەرگرتووە، سەبارەت بە کێشەی خانوو لە سەرەتای دروستبوونی سلێمانیدا بە کرێدانی خانوو هەر هەبووە، تەنانەت خانوو هەبووە (7 تا 8) ماڵی تێیدا بووە و پێیان وتووە حەوشی گەورە، بەلام تا ساڵانی حەفتاکان کێشەی خانوو کەمبووە لە بەر کەمی ژمارەی خەڵك، بەلام لە ساڵی 1978 بە دواوە بە هۆی ڕاگواستنی گوندنشینەکان بۆ ئوردوگاکان و ئینجا بۆ ناو شار ئەم کێشەیە دروستبوو، دەتوانم بڵێم ئەم کێشەیەزیاتر لە پاش ڕاپەڕین و ئینجا شەڕی نەگریسی ناوخۆ زیاتر پەرەی سەند، لەم کاتەدا وادەبینم کێشەکە یەك لایان حکومەت خۆیەتی لە بەرئەوەی بە دەیان خانووی ئەم شارە حکومەت بە پارەیەکی زۆر خۆی گرتویەتی، هەروەها بە هۆی کۆمپانیا و ڕێکخراوە بیانییەکانەوە نرخی زیاتر بەرزبۆتەوە بە بۆچوونی من هەتا هەموو ئاوارەکانی ناوچەکانی تری کوردستان نەگەڕێنەوە بیر لە دروستکردنی کۆمەڵگای فەرمانگەکان نەکرێتەوە ئەم کێشەیە چارەسەر ناکرێت، سەبارەت بە کێشەی خاوەن ماڵ و کرێچی وتی:





کاتێك کێشە لە نێوانیاندا دروست دەبێت دێنە لای ئێمە دیاننێرین بۆ دادگا، بەلام دادگا کێشەکەیان زۆر دەهێڵێتەوە و چارەسەرناکرێت، زیاتر ئەو کەسانەی ڕویان لە ئێمە کردووە دەرکەوتووە کە کێشەکە کرێچییەکان ئەنجامی دەدەن بە هۆی ئەوەی لە کاتی خۆیدا چۆڵی ناکاو داوای پارەی زۆر دەکات، بۆیە خاوەن موڵکەکان خانووەکانیان بە چۆڵی دەهێڵنەوە و نایدەن بە کرێ، حەز دەکەم ئەوە بڵێم کڕین و فرۆشتن و بەکرێدانی خانوو لە سلێمانیدا جێی سەرنجە و لە گشت شارەکانی تر گرانترە.

بۆ چارەسەری کێشەی نیشتەجێبوون داوا لە حکومەت دەکەم باڵەخانە دروستبکات جا خۆی بیکات یان بیداتە کەرتی تایبەت بە پێی یاسای نیشتەجێبوون، هەروەها بیر لەو کەسانەش بکاتەوە کەلە هەندەران تا بگەڕێنەوە نیشتەجێ بکرێن چونکە پێدەچێت ئەو کاتە خانوو زەوی گرانتر ببێت.

هەروەها (ئەبوبەکر عەبدوڵلا) خاوەنی نووسینگەی پیران وتی: هەقە حکومەت بەرنامەیەکی باش بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە دابنێت بە هاوکاریکردنی دەوڵەمەندەکان و بانگهێشتکردنیان بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی گەورەی خانوو بەرەو دابەزینی نرخی کرێ بە شێوەیەکی یاسایی.

شارەوانیش کارئاسانی نەکردووە بۆ خەڵك چونکە چەند مەرجێك دادەنێت دژ بە داوای خەڵك لە ڕاییکردنی مامەڵەکان و پێنەدانی ئاوو کارەبای پێویست، دەوڵەمەندەکانیش بەرپرسن لەم کێشەیەدا بەهۆی نەکردنی خانووی نیشتەجێ بۆ نەوەکانیان و ئەنجام نەدانی پرۆژەی نیشتمانی و نەتەوەیی، چونکە گیرفانیان زۆر قوڵە و سەرمایەکانیان بە شێوەیەکی زانستی ناخەنە بازاڕەوە بۆ خزمەتی گشتی، لە سەر حکومەتە ئاوڕ لەم کێشەیە بداتەوە، بە

پرسکردن بە کەسانی شارەزا لەم بوارەدا، مەرج نیە خاوەن بڕوانامە بن یان تا ئێستا زۆر کەم خانووو باڵەخانە هەیە هی حکومەت بێت و درابێت بە خەڵکی بە نرخێکی کەم، کە کێشەکە تا ڕادەیەك کەمدەکاتەوە.

هەر سەبارەت بەم کێشەیە سەردانی ( عومەر محەمەد ) خاوەنی نووسینگەی ( ماکوان ) مان کرد و وتی: بە هۆی ئەوەی نووسینگەکەمان کەوتۆتە سنوری گەڕەکەکانی ( کانی کوردە، سەرچنار، کانی سپیکە ) لەم سنورەدا کێشە زۆرە بە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر ڕوو لەم سنورە دەکات، لە بەر هەژاری بۆ نیشتەجێبوونیان هەروەها کڕین و فرۆشتن لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوو زۆر نائاسایی بوو، نرخی پارچەیەك زەوی لە ( 30 ) هەزار دینار چاپی کۆن گەیشتە ( 120 ) هەزار دینار، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەم شارەدا هەندێك بازرگان دەستیان هەیە لەم زیادبوونەدا بە هۆی ئەوەی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ناگۆڕێت، بەڵکو چەند دەستێك دەکات ئینجا دەچێتە قاڵبی یاسایی ، هەروەها ژمارەیەکی زۆر زەوی بە سەر چین و توێژەکانی کۆمەڵدا دابەشکراوەو بوونی سلفەی عەقارکە زۆر خەڵك دەگرێتەوەهۆکارن بۆ ئەوەی ڕەواج پەیدا بکات و ببێتە کێشە، هەروەها لە کاتی کردنەوەی گەڕەکی نوێدا، شارەوانی کەمتەرخەمە لە کردنەوەی پرۆژەو دابینکردنی خزمەتگوزاریی ( ئاوو کارەبا و ئاوەڕۆو قوتابخانە و نەخۆشخانە ) چونکە ئەمانە هەبوون خەڵکی باشتر نیشتەجێ دەبن لەو شوێنانەدا.

## بەرەو کەرتی پۆلیس

بۆ ئەم مەبەستە بە باشمانزانی سەردانی کەرتی پۆلیسی بەختیاری بکەین و لەوێ چاومان کەوت بە عەقید ( حیکمەت عەبدوڵڵا غەفور ) و وتی: ئێمە لە گەڵ گشت کێشەکاندا بە پێی یاسا هەڵسوکەوت دەکەین، کێشەی





نێوان خاوەن موڵك و کرێچی ڕوومان تێدەکات، زیاتر خاوەن خانوو شکات دەکات، زۆر لەو کێشانە لێرە بۆیان چارەسەر دەکەین و نایاننێرین بۆ دادگا، ئەوانەی کە پێمان چارەسەر نەکرا ڕەوانەی دادگای دەکەین، دادوەریش لە بەر ئەوەی کێشەی هاووڵاتیانە ڕەوانەی دادگای مەدەنی دەکات.

یاسا پشت لە کەس ناکات و بە ناڕەوا پشتی کەسیش ناگرێت، بڕوا بکەن ئەگەر هەموو کێشەکانی تایبەت بە خانوو بنێرین بۆ دادگا زۆر سەرقاڵیان دەکەین بەم کێشانەوە، ناچار هەوڵی چارەسەری دەدەین لە ماوەی ئەمساڵدا، جگە لەو کێشانەی چارەسەرکراون ( 13 ) کێشەی تایبەت بە خانوومان هەیە و بەرزمان کردۆتەوە بۆ دادگا، سەبارەت بە کەمبوونەوەی کێشەکە وتی: پێموایە ئەگەر بەو پەیوەستنامەیەی لە نووسینگەکاندا لە کاتی کڕین و فرۆشتن و کرێ و ڕەهن ئەنجامدەدرێت بە چاکی و بە پێی یاسا و بڕیار و کات جێبەجێبکرێت کێشەکە کەمدەبێتەوە، لە یاساداتەنها یەك بڕگە هەیە کە ( 7:23 ) کرێیە ئەویش بڕگەیەکی یاسایی هێواشە و وەك پێویست نییە، بە بۆچوونی من ئەو خانوانەی کە زۆر بە نرخی کەم دراون بە کرێ، ئێستا کێشە لە نێوان خاوەن موڵك و کرێچیدا هەیە، هەقە لیژنەیەك دروستبکرێت بۆ چارەسەری ئەو کێشانەو دانانی کرێیەکی گونجاو بە ڕەزامەندی هەر دوو لایەن.

## ئەنجام:

لە ئەنجامی بینین و سەردانی ئەو لایەنانەی تایبەتن بە کێشەی شوێنی نیشتەجێ و گرانبوونی خانوو زەوی لە گشت شوێنە جیاجیاکانی شاری سلێمانی بۆماندەرکەوت کە ئەم کێشەیە بە هەماهەنگی چارەسەر دەکرێت کە حکومەت یاسایەکی بنەڕەتی و تایبەت بە شێوازی بە کرێدان و ڕەهن و کڕین و فرۆشتن دابنێت و پرۆژەی دروستکردنی باڵەخانەی گەورە بخاتە

بەرنامەوە، تا جێگەی زۆرترین خەڵکی بێلانە و شوێن بە کەمترین نرخ بکاتەوە دەوڵەمەندەکان بانگهێشت بکات بۆ پرۆژەی لەو جۆرەو لیژنەیەک پێک بێت لەو کەسانەی لە بوارەکەدا شارەزان، تا بتوانن بە سەر کێشەکەدا زاڵ بن، لە سەر نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتنی خانوو زەوی ئەوەیە کە واز لەو کاری ڕۆتین و چەند دەست فرۆشییە بێ یاساییە بێنن و جگە لە کرێی یاسایی خۆیان مامەڵە بە خانوو زەوییەوە نەکەن و خەڵکی تر نەکەنە شەریکە بەش بۆ گرانبوونی خانوو زەوی، هەروەها هەقە کار بکرێت بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان، تا لە دوو لاوە گەلەکەمان لە گەڕانەوەیان سوودمەند بێت، هەروەها با زەوی بدرێت بەو کەسانەی نیانە، نەک بە پێی خزمەت و خاڵ چونکە هەموو کەس خۆی بە خاوەنی ئەم نیشتمانە دەزانێت و بوونی شوێنی نیشتەجێ بە لاوێتی بە کەڵکی دێت، نەک پاش هیلاکبوون و بەرێکردنی تەمەنێکی زۆر.

*لەکوردستانی نوێ ژمارە (3377) پێنجشەممە 2004/5/27بلاوکراوەتەوە.





# کەناروێی شوێنەواری مێژوویی کۆن و لانەی شۆڕش و بەرەنگاری، لە بەردەم چەند داوایەکدا

ساتێ لە قەزای چوارتا بەرەو باکوری ڕۆژئاوا ملی ڕێگا دەگریتە بەر و بە جادەیەکی قیرتاوکراودا گوزەر دەکەی، لەم بەرو ئەو بەری جادەکە دارمازوو بەڕوو لە پێشوازیدان وەک سەربازی سەوزی ئامادە بۆ خزمەت و پێشکەشکردنی جوانی و هەوای پاک، هەر لە ڕێگادا چەند جێگایەک دەبینیت کە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا بوونەتە جێگەی داستانی قارەمانی وەک ئەسحاب و گەنگێ و بەیانان پاشان ئاوی خەم لابەرو دڵڕفێنی چەمی کەناروێ خۆی بە دیدارت شاد دەکات و ئارەقی ماندووبوونت دەسڕێت.

پاشان بە پشتی هەورازێکی تەمەن نادیار بەرەو کەناروێ ڕەوت دەکەین.

## ناوی کەناروێ

**کەناروێ 10 کم لە چوارتاوە دوورەو تاقە گوندە لە ناوچەکەدا بواری بۆ ڕەخسابێت شارەوانی هەبێت، جگە لە باسنێ، سەبارەت بە ناوی کەناروێ لە چییەوە هاتووە؟ خەڵکی گوندەکە وتیان، بە هۆی بوونی چەمێك لێرەوە گوندەکەش کەوتۆتە پشتی ئەووەوە کەنار بە مانای قەراغ دێت دیارە وێ-ش کورتکراوەی ئاوییە واتە کەنار + ئاوێ بۆتە کەناروێ.**

## مێژووی کەناروێ

**تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەك نییە بە ڕاستی مێژووی کەناروێی تێیدا روون کرابێتەوە، بەلام خەڵکی گوندەکە بە پێی ئەو زانیاریانەی کە لە**

باوبا پیرانیان وەریان گرتووە، دەڵێن، ئەم گوندە زۆر کۆنە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام، بە پێی ئەو شوێنەوارو بوونی چەند گۆڕستانێکی کۆن جگە لە بوونی دیواری کۆن لە ناو زەوییەکانیاندا، لەو شوێنەوارانە بوونی گۆڕێك بە ناوی گۆڕە جولەکە کە تەنها گۆڕێکە، هەروەها بوونی گۆڕستانی پیر خدر کە پێدەچێت هی سەردەمی زەردەشتییەکان بێت، یان بوونی گۆڕستانێك بە ناوی زێلانان لەم گۆڕستانەدا گۆڕی مردووەکان لە ناو کوپەدا بوون هەر چەندە ئەم گۆڕستانە بەر شالاَوی تیاچوون و فەوتان کەوتووە، بە پێی قسەی دانیشتووانی ئەم گوندە مێژووەکەی زۆر کۆنە و پێش هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ کوردستان ئەم شوێنە 500 ماڵ زیاتر بووە بۆ ئەم زانیاریانە مام تۆفیق شەریف حەمە ساڵح کە تەمەنی 70 ساڵ زیاترە وتی: بە هۆی نەخۆشی ڕشانەوەو تاعون و مەلاریا و هەژاری و کۆچکردن و جەنگ خەڵك کەمی کردووەو ئەو جۆرە قەرەباڵغییەی نەماوە.

## کەناروێ و شۆڕشەکانی کورد

کەناروێ لە هەموو شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەیەکی دوژمنانی کوردا لە ناوچەکەدا پێشڕەو بووە، هەر لە شۆڕشی شێخی نەمر کە ناکرێ باسی شەڕی کەناروێ نەکرێت، تیایدا فرۆکەیەکی ئینگلیز کەوتۆتە خواروو 18 کەس لە خەڵکی بێ تاوان لە یەك ڕۆژدا کوژراون ، یان لە شۆڕشی ئەیلولدا بە هۆی بەشداریان دوو جار ئەم گوندە سووتاوەو چۆڵ کراوە، هەروەها لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا 23 شەهیدی بە کوردستان بەخشیوە.





## خەڵك داوای چی دەکەن؟

بە مەبەستی زانینی داوای خەڵك لە کەناروێ، چەند کەسێك هاتنە لامان و بەم جۆرە بۆمان دوان، سەرەتا هاووڵاتی لوقمان عومەر شەریف وتی: خەڵکی کەناروێ داوادەکەن ئێرە بکرێتەوە بە ناحیە، چونکە ساڵی 1978 تا ساڵی 1987 ناحیە بووە هەروەها پاش ڕا پەڕینیش سەرەتا ناحیە لێرە بووە پاشان براوەتە باسنێ، ئەویش بمێنێتەوە وەك ناحیە و ئێرەش زۆر پێویستە، ئەمە داوای گوندەکانی دەوروبەری کەناروییە تا کاروباری ئیداریان نزیك بێتەوە، هەروەها ئێرە پێویستی بە کتێبخانەیەکی گشتی هەیە و باخچەیەکی گشتی لێرەدا نییە، داوامان وایە باخچەی ساوایان بکرێتەوە بۆ منداڵانی ناوچەکە هەقە وەزارەتی ڕۆشنبیری بیر لە دروستکردنی تیمێکی گەرۆکی هونەری بکاتەوە تا خەڵکانی گوندنشین شاد بکەن، چالاکییەکانیان جگە لەمانە ناوچەکەمان هەڵدەگرێت بکرێتە ناوچەیەکی گەشتیاری لە بەر نزیکی و بوونی شوێنی گونجاو تا ئێستا نازانم بۆچی بەرپرسان بیریان لە هێنانی بەداڵەیەکی تەلەفۆن نەکردووتەوە بۆ ئێرە؟ داوا لە شارەوانی کەناروێ دەکەم پەیکەرێك دروست بکات بۆ گشت شەهیدانی شارۆچکەکە ئەگەر وەزارەتی تەندروستیش پزیشکی بناردایە بۆ بنکەکەمان جێی سوپاسە.

هەروەها هاووڵاتی سەیفوڵلا تۆفیق وتی: داوام وایە وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری چاوێك بخشێنێتەوە بە بڕیاری ژمارە 90 ی ساڵی 1975 ، چونکە لەم ناوچەی ئێمەدا زەوی هی جووتیار بووە نەك دەرەبەگ لەو کاتەدا لە بەر بوونی شۆڕشی کورد لەم ناوچەیەدا ئێرە بە زەوی کشتوکاڵی میری دانراوە کە هی جووتیاران بووەو پرسیشیان پێ نەکراوە ئێستاش حکومەتی هەریم لە سەر هەمان بڕیار داوا دەکات هەقی زەوی بدرێتێ و تا ئێستاش ساغ نەکراوەتەوە

هەقە ئەم بڕیارە لە بەرژەوەندی جووتیاران دابێت نەك زەرەرمەند بن، چونكە زەوی باووبا پیرانی خۆمانەو هەروەها زۆر لە جووتیاران گوند چۆڵ دەكەن و دەچنە شار لە بەر ئەوەی بەروبوم نرخی خۆی دەرناهێنێت و خوێندنگەی ئامادەیی لێرە نییە، ناچار لە بەر منداڵەكانمان زەویەكانمان چۆڵ دەكەین، بۆیە داواكارین لە حكومەتی هەرێم خوێندنگەی ئامادەیی لێرە بكاتەوە بۆ گوندەكانی دەوروبەریش باشە لە گەڵ كردنەوەی بەشی ناوخۆیی تا خوێندكاران تیایدا بمێننەوە.

## داوای لاوان

هەر لە كەناروێ چاومان كەوت بە چەند لاوێك لە سەر جادەكە یاریان دەكرد، لێمان پرسین بۆچی لێرە یاری دەكەن؟ لە وەڵامدا وتیان: هیچ گۆڕەپانێك نییە یاری لێ بكەین. ئێمەش بە پێویستمان زانی دانیشین لە گەڵیان و داواكانیان بخەینە بەر چاوی بەرپرسان، لاوێكیان وتی: زیاد لە 200 لاو لێرە هەیە، بەڵام هیچ كەس و لایەنێك ئاوڕی لێنەداوینەتەوە بە كردنەوەی بنكە یان سەنتەرێك تا بتوانین ئێمەش وەك لاوانی شوێنەكانی تر بەشداربین لە بەدیهێنانی خولیاكانمان هەر لە خولی وەرزش و ڕۆشنبیری و هونەری و ئەدەبی، جگە لەمانەش ئێمە هەتا پۆلی سێیەمی ناوەندی دەخوێنین، چونكە بەرو سەرووتر خوێندنگا نییە و ناتوانین. بچینە سلێمانی بۆ تەواو كردنی خوێندن. داوا دەكەین حكومەتی هەرێم لێرە ئامادەیی بكاتەوەو بینای بەشی ناوخۆیی دروست بكات تا گوندەكانیش لێی سوودمەند بن. هەروەها لاوانی كەناروێ لە داواكانیان زیاتر پێیان لە سەر كردنەوەی سەنتەرێكی كۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت دادەگرت لەم شوێنەدا بۆ گشت گوندەكانی دەوروبەری كەناروێ.





## داواو وەڵامی شارەوانی كەناروێ

هەر لە كەناروێ سەردانی شارەوانی كەناروێمان كردو لەوێ چاومان كەوت بە مامۆستا عوسمان هادی سەرۆكی شارەوانی كەناروێ و بەم جۆرە وەڵامی داینەوە: ئێمە وەك شارەوانی بە گوێرەی توانا و دەسەڵات هەرچی پێمانكرابێت كردومانە، هەر لە پرۆژەی ئاوو ئاوەڕۆ و قیرتاو و چەوڕێژ كردنی جادەی سەرەكی كەناروێ، هەروەها ئەوانەی كە پێمان نەكرابێ داوامان كردووە و هەوڵی بۆ دەدەین.

لە وەڵامی ئەوەی ئایا بۆچی كەناروێ شارەوانی بۆ دانراوە؟ وتی: لە ئەنجامی بوونی قەرەباڵغی زۆر لەم شارۆچكەیە كە 200 ماڵی لێیە زیاد لە 1200 كەس لێرە نیشتەجێیە، هەروەها وتی: خەڵكی ئێرە هاوكاریمان دەكەن بە تایبەتی لە هەڵمەتی پاككردنەوەی كۆڵان و گەڕەكەكان بۆ هەڵمەتی پاككردنەوە ئامێرەكانی بەڕێوەبەریتی گشتی شارەوانییەكان هاوكاری كراوین جگە لەمانەش جەنابی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار هاوكاری زۆری كردووین و سوپاسی دەكەین، ئەو كارو پرۆژانەی لە سەر ئێمەن لە ئایندەدا هەوڵ دەدەین ئەنجامیان بدەین ئێمەش داواكارین لە بەرپرسانی حكومەت ئاوڕی زیاتر لە ناوچەكەمان بدەنەوە ئەم داواكاریانەمان هەیە:

1/ هەوڵ بدرێت 300 خانوو لە سنوری شارەوانییەكەمان دروست بكرێت تا ئەوانەی خانوویان نییە بۆیان دروست بكرێت و ئەوانەی نەگەڕاونەتەوە لە بەر بێ خانوویی بگەڕێنەوە ئێرە.

2/ دروستكردنی چەند دوكانێك بۆ فراوانكردنی بازاڕی ئێرە.

3/ نوێكردنەوەی بینای خوێندنگا سەرەتاییەكە، چونكە زۆر بێ كەڵكە و زستانان دڵۆپە دەكات.

**4/ دروستکردنی هۆڵێکی کۆبوونەوە.**

**5/ دروستکردنی شوێنی پرسەی پیاوان.**

**6/ کردنەوەی بەشی دارستان و باخ تا دارستانەکان فراوان بکرێن و بپارێزرێن.**

**7/ دابینکردنی چەند ئامێرو ئۆتۆمبیلێك بۆ شارەوانییەکەمان.**

## ئەنجام

لە ئەنجامی گوێگرتن لە داواو ویستی خەڵکی کەناروێ، بۆمان دەرکەوت کە ئەم شارۆچکەیە پێویستییان زۆرە و هەقە ئاوڕیان لێبدرێتەوە بە تایبەت وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم لە وەزارەتی پەروەردەو کشتوکاڵ و ئاودێری و پۆستە و گەیاندن و ڕۆشنبیری و شارەوانی و گەشتوگوزارو ڕێکخراوەکانی لاوان و گەنجان و بەرپرسانی ناوچەکە لە دروستکردنی گۆڕەپانێکی وەرزش، داواکارین ئەنجامدانی ئەم ڕیپۆرتاژە ببێتە هۆی زیاتر پێشخستن و گوێگرتن لە داوای خەڵکی کەناروێ و بەدەنگەوە هاتنیان.

لەکوردستانی نوێ / ژمارە (2200) رۆژی یەکشەممە 10/19/ 2003 بلاوکراوەتەوە.





# لە گوندی (قامیش) ، فێر بوونی کۆمپیوتەر لاوانی سەرقاڵکردووە

گوندی قامیش کەوتۆتە سنووری قەزای شارباژێری سلێمانی و لە ڕووی ئیدارییەوە کەوتۆتە سنوری ناحیەی ماوەت (15) کم لێی دوورە، لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری 1991 ئاوەدانکراوەتەوەو (60) ماڵی لێیە و کۆی ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە (410) کەس، ئەم گوندە ڕۆڵی باشی هەبووە لە بزافی شۆڕشگێڕی و ڕۆشنبیری لە ناوچەکەدا بە هەوڵی چەند لاوێکی دڵسۆز توانیویانە گۆڤارێک لە سنوورەکەی خۆیاندا دەربکەن لە ژێر ناوی (شینکایەتی) کە چەند ژمارەیەکی لێ چاپکراوە.

**بۆ بە ئاگا بوون لە ڕەوتی زانستی و گرنگیدان بە بواری فێر بوونی کۆمپیوتەر سەردانی گوندەکەم کردو بە بەراوورد لە گەڵ مەڵبەندی قەزای شارباژێر کە لە چوارتادایە زۆر لە پێشەوەیە، چونکە لە ناو چوارتادا تا ئێستا سەنتەرێکی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەری لێنییە، دیارە ئەمەش بۆ کەمتەرخەمی بەرپرسانی ناوچەکە دەگەڕێتەوە، جگە لەوە لاوانی چوارتا پەرتەوازەن و شوێنێك نییە کۆیان بکاتەوە، لە بواری ڕۆشنبیریشدا تاقە قەزایەکە هیچ جۆرە بلاوکراوەیەکی تێدا نییە گەر سەیری قەزاکانی تر بکەین شارەوانییەکانیان مانگانە بلاوکراوە دەردەکەن، بەلام لە چوارتادا کەس خەمی نەخواردووە، بۆیە گەر گوندی قامیش لە گەڵ مەرکەزی قەزای چوارتادا بەراورد بکەین دەبینین قامیش هەنگاوی باشتری ناوە بۆ ئەم بەراوردکردنەش**

هەقە بەرپرسان لەو ناوچەیەدا کارەکانی خۆیان هەڵسەنگێنن، چونکە دەکرا لەو ڕووانەوە کاری باش بکرێت.

لە سەر چۆنیەتی هەوڵدان بۆ هێنانی کۆمپیوتەر بۆ گوندی قامیش مامۆستا (ساڵح محەمەد ئیبراهیم) پێی ڕاگەیاندین کە لە ساڵی 2003 هەوڵیانداوە کۆمپیوتەر پەیدا بکەن، بەلام بە هۆی بێ کارەبایی لە گوندەکەدا سەری نەگرت ، هۆکارێکی تر نەبوونی مامۆستای پسپۆر بە کۆمپیوتەر بوو، بەلام لە ساڵی 2004 کارەکانیان فراوان کردو بەرنامەیان دانا کە کۆمپیوتەر بخوێنن و زیاتر بچنە پێش، لە ساڵی 2005 هەنگاوی زیاتریان ناوەو توانیویانە مامۆستا پەیدا بکەن و وانەکانی ڕاهێنانی دەست واتە وێنەکێشان و ئینجا (ۆرد) بکەنە بەرنامەی سەرەکی فێر کردنی فێرخوازان، پاشان دەچنە سەر بەرنامەی (ئێکسل)، چونکە مەرجە فێرخواز لە سەرەتادا (ۆرد و ئێکسڵ) بزانێ ئینجا بچێتە سەر بەرنامەکانی تر.

هەروەها مامۆستا ساڵح سەبارەت بە بیرۆکەی کۆمپیوتەر بۆ گوندی قامیش وتی: لە ساڵی 1999 بە هۆی برادەرێک لە ڕێکخراوی (un) بوو ناوی (محەمەد عەلی) ە داوامان کرد بما نخاتە بەرنامەوە، لە گەڵ سوپاسماندا ئەو کارەی بۆ کردین هەرچەندە، بە هۆی ڕێگری ڕژێمی ڕووخاوی بەعس کارەکە دواکەوت، بەلام گوندی قامیش شوێنێك بوو لەو شوێنانەی کۆمپیوتەری بەرکەوت، هەروەها مامۆستا ساڵح پێیوایە گەورەترین کێشە بۆ بەرنامەی کۆمپیوتەر کە دێتە ڕێیان کەمی سوتەمەنییە ، چونکە گوندەکەیان تا ئێستا کارەبای سەرەکی نەگەیشتۆتێ و هەر مولیدەیە، زانیمان کە لەو گوندەدا تا ئێستا (37) فێرخواز بە باشی فێری کۆمپیوتەر بوون بە هۆی (7)





کۆمپیوتەرەوە، لە سەرەتادا ڕێکخراوی یونسکۆ ئامێرەکانی پێ بەخشیون و دوایی تەسلیمی وەزارەتی پەروەردە کراون.

مامۆستا (سیروان فەتاح) یەکێکە لە فێرکاران ، ئەو دەیووت: سوودمان لە گشت ئەو کتێب و مەلزەمانە وەرگرتووە کە تایبەت بوون بە کۆمپیوتەر.

## کۆمەك

ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا کۆمەك و هاوکاریی ئەو کەسە بوو کە بیووە پشتیوانێکی باش تا ئەو پرۆسەیە بە باشی لەم گوندەدا ئە نجامبدرێت ئەو کەسەی کە بایی (112) هەزار دینار سووتەمەنی بۆ ڕایی کردنی کارەکان و فێرکردنی کۆمپیوتەر لە سەر حساب و گیرفانی خۆی کریوە، ئەویش (محەمەد ساڵح مەحموود) ە کە مامۆستای قوتابخانەی گوندی قامیشە .

## لاوێکی کەم ئەندام

هەر لە گوندی قامیش زانیم لاوێکی ئەو گوندە بە هۆی کارەساتی ئۆتۆمبێلەوە کەمئەندام بووەو بەشێکی لەشی لە جووڵە کەوتووە، بەلام لە سەر عارەبانەیەکی دەستی دانیشتووەو لە ماڵەوە خۆی بە کۆمپیوتەرێکەوە خەریك کردووە، ئەم لاوە ناوی (شالاو عەزیز محەمەد) ە بە هۆی ئەو کارەساتەی بە سەری هاتووە لە پۆلی سێیەمی ناوەندی وازی لە خوێندن هێناوە، بەلام بەهرەی خۆی لە کاری کۆمپیوتەردا قوڵکردۆتەوەو بەرنامەکانی (ۆرد و فۆتۆشۆپ) بە باشی دەزانێ.

(بێریڤان عومەر) کە لە پۆلی سێیەمی ناوەندییە و یەکێکە لە فێرخوازان، پێی وابوو سوودی زۆری وەرگرتووەو شارەزا بووە لە هەندێ بەرنامەی کۆمپیوتەر، هەروەها (درەخشان مەحموود) بە زەردەخەنەیەکی خۆشییەوە وەك ئەوە بلێ ئێمە هیچ جیاوازییەك لە گەڵ هاوڕێکانی شاری

**سلێمانی نابینینەوە، قسەی بۆ کردین و سوپاسی مامۆستاکانی دەکرد کە هەوڵی زۆریان لە گەڵ دەدەن، هەروەها هەر یەك لە ( شادی ساڵح ) و ( پەرژین ساڵح ) هەر یەکەیان بە جۆرێك ڕازیبوونی خۆیان لەو بەرنامانە دەردەبڕی و بە کارێکی گەورەیان دەدایە قەڵەم و ئایندەی باش و جوانیان بۆ دوارۆژی خۆیان دەخواست.**

لەکوردستانی نوێ ژمارە (4008) ڕۆژی هەینی 2006/6/30بلاّوکراوەتەوە.





# شینکایەتی .. ئەو ناوچەیەی لە گشت سەردەمێکدا ماڵی شۆڕشەکانی کورد بووە

کە باس لە شینکایەتی دەکرێت دەبێ بزانین ناوچەیەکی شاخاوی و سەختە و سنوری 14 گوند دەگرێتەوە، ئەم ناوچەیە کەوتۆتە باشوری ڕۆژئاوای ناحیەی ماوەت و لە ڕوی ئیدارییەوە سەر بەو ناحیەیە، لەم سنورەدا ساتێ لە گەڵ خەڵک ئاشنا دەبیت و گوێت لە بیرو ڕایان دەبێت و سەرنج لە هەڵسوکەوتیان دەدەی هەست بە داب و نەریتی ڕەسەنی کوردی دەکەیت لە گفتوگۆی میوانداری وڕێزگرتن و هاوکاریکردندا ، ئەم ناوچەیە وەک ناوچەکانی تری کوردستان بەرشاڵاوی وێرانکردن کەوتبوو لە سەر دەستی بەعسیە فاشیەکاندا، لە پاش ڕاپەڕینیش وەک ناوچەکانی ترئاوەدان بۆتەوە بە هەموو گوندەکانی نزیکەی (650) ماڵ لەم سنورەدا هەیە.

## ناوی شینکایەتی

**بۆ زانین و شارەزا بوون لە ناوی شینکایەتی سەردانی چەند کەسێکمان کرد ئەم دوو بۆچوونە لامان پەسەند بوو سەبارەت بە ناوی شینکایەتی.**
**یەکەم : لە ناوی پاشایەکەوە وەرگیراوە کە ناوی ( شاخۆ شینك ) بووە کە یەکێك بووە لە فەرماندە ڕەواکانی دەوڵەتی ماد لەم ناوچەیەدا ، ئەم پاشایە دەسەلاّتی فراوانی هەبووە تا بەدرەوجەسان گەیشتووەو پاشماوەی شوێنەواری ئەم دەسەلاّتە لە ناوچەکەدا هەیە، کە چەند قەلاّیەکە بە تایبەتی لە**

گوندەکانی شینکی و گەلاڵە گردێك هەیە بە ناوی (گردە خەزێنێ) پێدەچێ شوێن گە نجینەی پاشا بووبێ.

دووەم: ئەم ناوچەیە شوێنگەو پەرستگای ئایینی زەردەشتی بووە بە ناوی (شوێن کاهێتی) لە ئە نجامدا بۆتە شینکایەتی، ئەمەش بە هۆی بوونی گۆڕی پیری ئایینی زەردەشتی، دەتوانێت بەم جۆرە، بیسەلمێنێت لەو گۆڕانە (پیر ئەلیاس و پیر خدر) هەر سەبارەت بە ناوی شینکایەتی گوندێك لەو ناوچەیە هەیە پێدەچێ سەرەتا ژیانی خەڵکی لەم ناوچەیەدا هەر فەرمانڕەواو پەرستگاکان لەم گوندەوە بە ناوچەکەدا بلاّوبوونەوە، تەنانەت زۆر کەس بە (هۆزی شینکی) ناویان بردووە، سەبارەت بەو بۆچوونە ناوچەیەکی کۆن و فراوان بووە زۆر کەسی ناوچەکە ئەمە دەسەلمێنن کە جگە لەم ناوچەیە خەڵکی ئەم شوێنە کۆچیان کردووە لە سنووری بازیان و دۆڵەڕوت و کۆیە و قەرەداغ: وەك گوندەکانی بیجەك و کلاّش کەران لە بازیان و سۆڵە لە قەرەداغ و قوڵ قوڵە لە دۆڵە ڕوت بەڵگەش ئەوەیە تا ئێستاش خەڵکی ئەو گوندانەی ناومان هێنان خۆیان بە خزم و کەسوکاری خەڵکی شینکایەتی دەزانن و تێکەڵییان هەیە.

## سنوری جوگرافی شینکایەتی

ناوچەی شینکایەتی لە زنجیرە شاخی دۆڵێشك دەستپێدەکات و بەرەو زنجیرە چیای باڵۆسە و گۆجاڕ و برزوت و گردە ڕەش و وەزینوی سپی و مامەندەو برا یمەلالێ بە زنجیرە شاخەکانی ئاسۆس کۆتایی دێت. دوا زنجیرە شاخ ناوچەی شینکایەتی دەبەستێتەوە بە ناوچەی پشدەر بەرزی هەندێ لەم زنجیرە شاخانە زۆرەو تەنانەت لە سەر چیای گۆجار بیرە نەوتەکانی بابەگوڕگوڕی کەرکوکی کوردان دیارە، یان لە شۆڕشی نوێدا تۆپخانەی شۆڕش





لە چیای باڵۆسە و برزوت زۆر جار بۆردومانی بنکەکانی دوژمن لە ناوچەکەدا کراوە. کوردستانی ڕۆژهەلاّت بەم ناوچەیەوە دەبەسترێتەوە بە هۆی چەمی زەرون کە دەڕژێتە دەریاچەی دووکان.

## بەروبوومی

ئەم ناوچەیە بە هۆی سەختی شوێنەکەیەوە خەریکی بەخێوکردنی ئاژەڵ و ڕەزو باخن، بەروبوومی ترش و ترێی شینکایەتی لە بازاڕەکاندا ناوی خۆی هەیە، جگە لەمانەش خەڵکی خەریکی بەروبوومی هەنگوینن، سوود لە بەرهەمی سروشتیش وەردەگرن لە مازو بەڕو قەزوان و کەتیرەو هەندێ شتی تر، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەم ناوچەیە گەورەترین داهاتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بووە بە هۆی بوونی مەرزی سەفرەو دانانی باج بۆی.

## شینکایەتی و گۆڕان

دوژمنانی کورد هەمیشە ویستوویانە داب و نەریت و بیرو ڕاو هەڵسوکەوتی مرۆڤی کورد بگۆڕن، سەرسەخترین دوژمنیش لەم ڕووەوە بەعس بووە، کە دەیویست دوژمنایەتی و نەخۆشی و هەژاری لە ناو خەڵکدا بلاّو بکاتەوە، هەر چەندە کاری خۆی کردە سەر دەروونی مرۆڤی کورد، بەلاّم لە گەڵ ئەم هەموو کارە دزێوانەدا هەمیشە کورد لە ناخی خۆیدا شۆڕشی بەرپاکردووە بۆ بەگژداچوونەوەی ئەم نەریتەخراپە لە ناوخەڵکی شینکایەتیدا بە ڕوونی گۆڕان و شۆڕشی دژ بە ڕەوتی بیری دوژمنان بەرچاو دەکەوێت کە ناوچەکەیان گەشەی کردووە لە سەر دەستی چەند لاوێکی خوێندەوار لە جیاتی شەڕو ئاژاوەی جاران کۆڕو سیمینارو برایەتی و بیری پێشکەوتن خوازی لەبرەودایە.

## شینکایەتی و شۆڕشەکانی کورد

سەبارەت بە ڕۆڵی ناوچەی شینکایەتی لە شۆڕشەکانی کورددا سەردانی گوندی ( گەلاڵە ) مان کردو لەوێ هاووڵاتی ( ساڵح حاجی حەسەن ) بەم جۆرە بۆمان دوا :

ناوچەکەمان لەبەرسەختی شوێنەکەی لە شۆڕشەکانی گەلی کورددا ڕۆڵی زۆر باشی گێڕاوە هەر لە شۆڕشی ( سمایل خانی شکاك ) کاتێك نەفەسی شۆڕشەکە تەسك دەبێت ماوەیەك سمایل خان دێتە ئەم ناوچەیە، لێرە دەمێنێتەوە بە خۆی و لەشکرەکەی، هەر لێرەوە پەیوەندی دەکات بە شێخ مەحموودی نەمر لە ڕێی ( فەقێ ئەحمەدی دەرەیی و ئەحمەد خواجە ) . ئەم ناوچەیە ڕۆڵی پڕ بایەخی بینیوە لە هاوکاری کردنی شێخ چونکە لێرە بنەماڵەکەی و سوپاکەی پارێزراو بە هۆی دڵسۆزی خەڵکی ناوچەکە بۆیان، کاتێ فرۆکەکانی ئینگلیز لەم ناوچەیەدا بۆردومانیان کردووە بۆمبێك لە ناو سەفرەدا دەکەوێت و ناتەقێتەوەو پاشان بە هۆی دەستکاریکردنی دەتەقێتەوەو سێ کەس بەم ناوانە شەهید دەبن ( شەریف سەفرەیی ، حەسەن بلە ناز، ساڵحە شین ) دوو کەسی تریش بریندار دەبن بەن ناوانە ( حەمەی مستەفا عەلی، حاجی حەمە سوور قامیشی ) لە کۆماری مەهابادیشدا خەڵکی ئێرە هاوکاری باشیان هەبووە لە شۆڕشی ئەیلولیشدا بینای مەڵبەندی سەرکردایەتی بە ئیزگەی ئەوساوە لێرە بووە یەکەمجار دەنگی ئیزگە لێرەوە پەخشکراوە بۆ گشت کوردستان، هەر لە شۆڕشی ئەیلولدا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لەم ناوچەیەدا، خەڵکی ئێرە زۆر ڕێزیان لێگرتووە. لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا یەکەم مەفرەزە کە هاتۆتە ئێرە شەهید عەلی عەسکەری و کەمال کەرکوکی بوون. هەروەها لە ڕۆژی 1976/12/20 سوپای





بەعسی هێرشی کردە سەر ناوچەکەمان بە مەبەستی لە ناوبردنی شۆڕش ئەوە بوو شەڕێکی گەورە بەرپا بوو بە هاوکاری خەڵکی ناوچەکە هێرشەکە تێکشکێنرا، هەروەها لە 1977/2/17 جارێکی تر بە سەربازو تۆپ پەلاماری ناوچەکە دراو و داگیر کرا، هەروەها بۆ مێژووش ئەوە دەڵێم ئەم ناوچەیە لە سەردەمی عوسمانیەکاندا ڕازی نەبووە باج بداتە ئەوان و دوو جار ناوچەکە سوتاوە.

## خوێندن و خوێندەواری

سەبارەت بە خوێندن و خوێندەواری، لە شینکایەتی مامۆستا ( ساڵح محەمەدئیبراهیم ) بەڕێوەبەری ناوەندی قامیش وتی : لەم ناوچەیەدا پێش هاتنی ئیسلام ئاینی زەردەشتی پەیڕەو کراوە، بە پێی بنچینە سەرەکیەکانی ئەم ئاینەش بانگەشە بۆ ڕێساکە دەکات بە پاراستنی ( خاك و ئاوو هەواو ئاگر ) پاراستنی ئەمانەش بە بیروڕای جوان و خوێندەواری دەبێت هەر بە هۆی پاك ڕاگرتنی خاك، مرۆڤ کاتێك مردووە خراوەتە کوپەوە تا خاك بە پاکی بمێنێتەوە، لە پاش هاتنی ئاینەکانی تر دوای زەردەشتی شێوازی خوێندەواری گۆڕانی بە سەردا هاتووە، بۆ یەکەم جار لە گوندی قامیشی ناوچەی شینکایەتی خوێندنگای سەرەتایی کرایەوە ساڵی 1956 یەکەم مامۆستاش ( ڕەزا فەندی ) بوو کە خەڵکی ناوچەی قەرەداغ بووە، ڕۆڵێکی گەورەی دیوە لە خوێندەوارکردنی ناوچەکە، گوندەکانی تریش بۆ ئەم ناوچەیە هاتوون بە مەبەستی خوێندن. زۆر لە قوتابیەکانی ئەو بەرێزە پلەی بەرزیان هەیە و خزمەت بە گەلەکەمان دەکەن، پاشان لە گوندەکانی گەلاڵە و دری خوێندنگە کراوەتەوە، لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لە گوندی زەرون لەم ناوچەیەدا ساڵی 1976-1977 شەهیدی سەرکردە کاك ئارام و

شەهید خالید و شەهید جەعفەر خوێندنگەیان کردۆتەوە، لە پاش ڕا پەڕینی 1991 زۆربەی گوندەکانی ئەو سنوورە خوێندنگەیان بۆ کراوەتەوە.

## هونەر لە شینکایەتی

سەبارەت بە کاری هونەری لەم ناوچەیەدا بەڕێز (عومەر جیهانگیر) لێپرسراوی (تیپی شانۆیی برزوت)) لە شینکایەتی وتی: لە پاش ڕا پەڕین و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان لە ساڵی 1993 بۆ یەکەم جار تیپێکمان دروستکرد بە ناوی تیپی شانۆیی بەرزوت کە بە ناوی شاخێکی ناوچەکەمانەوەیە لەو کاتەوە تا ئێستا ساڵانە ئاهەنگ دەگێڕین لە گشت بۆنەکاندا زیاد لە 10 نمایشی شانۆیی و کاریکاتێریمان پێشکەش کردووە بۆ خەڵکی ناوچەکە و تیپەکەمان پێکهاتووە لە (13) ئەندام کە (4) یان ژنن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ژنانی ناوچەکە لە گەڵ پیاواندا بە یەکەوە هاوکاری یەکترن و لە لایەن بەرپرسانی ناوچەکە هاوکاری کراوین و سوپاسیان دەکەین.

## دەستەی ڕۆشنبیرانی

هەر لەم ناوچەیەدا کۆمەڵێك لاوو خوێندەوار هەستاون بە دامەزراندنی دەستەیەکی ڕۆشنبیری بە ناوی (ڕۆشنبیرانی شینکایەتی) بۆ ئەم مەبەستە چاومان کەوت بە (عومەر قامیشی) لە سەر ئەم بابەتە ووتی:

ڕۆشنبیری لە ناوچەکەماندا دەتوانم بیکەم بە دووبەشەوە یەکێکیان دەیگێڕنەوە بۆ پەیوەست بوون بە عەقڵی ئاینزا لە پێشەوا ئایینیەکان هەر چەندە، هەندێکیان خەم سارد بوون لە نووسینەوەی مێژوو و دروستکردنی هەستی نەتەوەیی لە لای نەوەکانی ڕابردوو بە هۆی پیلانی داگیر کەران زۆریشیان ڕۆڵی کارایان گێڕاوە لە خزمەتی هۆشیاری نەتەوەکەمان، بۆ





نموونە: لەم ناوچەیەدا (مەلا محەمەدی قامیشی) هەبووە کە پێشەوایەکی ئاینی ناوچەکە بووە (226) ساڵ بەر لە ئێستا کۆچی کردووە کەسێکی نیشتمان پەروەر و ئاینی بووە لە سەردەمی دەسەڵاتی بابانەکاندا کە پایتەختیان لە قەڵاچوالان بووە ڕێزی زۆریان لێناوە لەم ناوچەیەدا بەرزترین پلەی ئایینی بووە و قوتابخانەی هەبووەو مۆڵەتی مەلایەتی بە زۆر کەس بەخشیوە، هەروەها بە گژ دەسەڵاتی عوسمانیدا چۆتەوەو پشتگیری بابانی کردووە، هەر بۆیە لە کاتی مردنیدا پاشای بابان بە مەراسیمێکی گەورە بە خاکی دەسپێرێت و کێڵەکانی گۆڕەکەی دیاری پاشا بووە لە بەردی مەرمەڕ دروستکراون مێژووەکەی لە سەر دیاری کراوە، یان( ئەحمەد خواجە) خەڵکی ئەم ناوچەیە بووە کە ڕۆڵی لە شۆڕشی شێخ مەحموود گێڕاوە، لانکەی شۆڕشەکانی کورد بووە بە هۆی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد کە لەم ناوچەیەدا بوونیان هەبووە بە بەردەوامی، بۆ نموونە یەکەم ئیزگەی شۆڕشی ئەیلولی گەلەکەشمان بە هۆی کۆمەڵێك کادری پێشکەوتووی نوێ تێکەڵ بە ناخی خەڵکانی ناوچەکەمان بووە، کە ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ گۆڕانی بیر لە کۆنەوە بۆ نوێخوازی لە پاش ئەمانەش ڕا پەڕینە مەزنەکە بەرهەمێکی تری بواری ڕۆشنبیری بوو بۆ چەسپاندنی ئازادی و دیموکراسی، ئێمەش وەك خەڵکانی شینکایەتی بێبەش نەبووین لەم بەرهەمە سوودمان لێوەرگرت و هەوڵمانداوە لەم بوارانەدا:

1/ دروستکردنی تیپی شانۆ.

2/ دروستکردنی دەستەی ڕۆشنبیران و دەرکردنی بڵاوکراوەی شینکایەتی کە گۆڤارێکی سەربەخۆیە.

3/ دروستکردنی کۆمیتەی پشتگیری دەرەییەکان لە لەندەن کە توانیان گوندی درە ئاوەدان بکەنەوە بە دروستکردنی 20 خانوو و یەك خوێندنگا لەم گونددەداو یارمەتیدانی هەژارانی گوندەکە.

4/ گێڕانی فێستیڤاڵی شینکایەتی.

## بواری خزمەتگوزاری

لەم ناوچەیەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك سەرجەم ناوچەکانی تری کوردستان خزمەتی بەم شوێنەش کردووەو دەستی ئاوەدانی گەیاندۆتە ئەم ناوچەیە، هەر چەندە بە توانای خۆیان جادەیان بردۆتە سەر شاخەکان و بۆ ناو ڕەزو باخەکانیان لەم ناوچەدا ئەم خزمەتگوزاریانە جێبەجێکراون:

بوونی (8) خوێندنگەی سەرەتایی و (7) ناوەندی و بوونی (7) مزگەوت و چاککردنی ڕێگاوبان و چەوڕێژکردنی و دابینکردنی (5) پرۆژەی ئاودێری و بوونی تەزووی کارەبا لە 3 گوند لە گەڵ بوونی 3 بنکەی تەندروستی جگە لە بوونی مەڵبەندێکی کۆمپیوتەر لە قامیش.

## لاوان و چەند داوایەك

وەرزش یەکێکە لە فاکتەرە بەهێزەکانی پێشخستنی کۆمەڵ بۆ تەندروستی و بواری کۆمەلایەتی و گەشەکردنی بیری جوان، سەبارەت بە ڕۆڵی وەرزش لە ناوچەکەدا (بەهرۆز عەزیز) وتی:

ئێمە لەم ناوچەیەدا گرنگیمان بە وەرزش داوە تیپی وەرزشیمان لە هەموو گوندەکان دامەزراندووە و بانگێشتی یەکترمان کردووە بۆ یاری یان خولمان کردۆتەوە چەندین تیپی تر بەشداریان کردووین تا ئێستا هیچ کەس لەم بوارەدا هاوکاری نەکردووین، تەنانەت گۆڕەپانێکمان نییە بۆ ئە نجامدانی کارە وەرزشییەکان، داوا دەکەم بەرپرسان گۆڕەپانێکمان بۆ دروستبکەن لە گەڵ





دابینکردنی کەلوپەلی وەرزشیدا ئێمە لێرە زیاد لە 1000 لاوین بنکەیەك یان سەنتەرێکی چالاکی و هیچ ڕێکخراوێك نییە هەرچەندە هەوڵمانداوە، بەڵام ئە نجامی نەبووە داوا دەکەین کتێبخانەیەکی گشتی لێرە بکەنەوە تا لاوان زیاتر بواریان بۆ برەخسێت خۆیان ڕۆشنبیر بکەن.

## ژنان لە شینکایەتی

سەبارەت بە مەسەلەی ژن لەم ناوچەیەدا سەردانی خاتوو (سیما جیهانگیر) مان کردو بەم جۆرە ڕۆڵی ژنی لە ناوچەکەدا باسکردو وتی:

ژن لە ناوچەکەدا ڕۆڵی کاریگەری خۆی بینیوە لە ژیانی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسیدا شان بە شانی پیاوان هاوکار بوون لەو بوارانەدا هەر لە خزمەتکردن بە شۆڕش و بەشداریکردن تیایدا و پەروەردە کردنی منداڵ، من بە هۆی ئەوەی چەند شوێنێك گەڕاوم و ژنانی ئەم ناوچەیە بە جیا دەبینم لە ناو کۆمەڵدا چونکە ڕۆڵیان زیاتر بووە لە ناوچەکانی تر، بە نموونە وەك بەشداریکردنی ژن لە کارە هونەریەکاندا، بە تایبەتی شانۆو زۆربەی مامۆستاکانی ناوچەکە ژنن و خەڵکی ناوچەکەن. هەروەها ژنی کارامەو کاربەدەستمان هەیە لە ئەوروپا ڕۆڵی باشی هەیە وەك خاتوو (شیرین درەیی) کە لە وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیادا کار دەکات، سەبارەت بە داوای ژنان لە ناوچەکەدا وتی:

داواکارین لە بەرپرسان خولی تایبەت بە ژنان بکەنەوە لە بوارە جیاجیاکاندا. سەبارەت بە ڕێکخراوی ژنان بڕوام بە بوونی ڕێکخراوێك نییە بۆ ڕەگەزێك کار بکات، پێویستە هەموو پێکەوە لەم سەردەمەدا بۆ مرۆڤایەتی کارەکا نمان پەیوەست بکەین، چونکە کێشە کۆمەلایەتیەکانی ژنان بەرەو کەمبوونەوە چوون بە هۆی گەشەکردنی کۆمەڵ و هۆشیاری.

## داواکارییەکانی خەڵک

ئـەم ناوچـەیە داواو پێویـستیەکانیان زۆرە بـەم جـۆرە ویـستی خـەڵکی ناوچەکە خاڵ بەند دەبن:

1/ کردنی ناوچەکە لە رووی ئیدارییەوە بە ناحیە.

2/ تەواو کردنی رێگای شاربـاژێر بۆ قەڵادزێ کە بـەم نـاوچـەیەدا دەڕوات و کەڵکی زۆری دەبێت.

3/ قیرتـاو کردنی جادەکان.

4/ هاندانی جوتیاران بۆ بەرهـەمهێنان لـە رێگـەی دروسـتکردنی بـازاڕ بـۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی و دابینکردنی ئامێری کشتوکاڵی هاوچەرخ.

5/ نوێکردنەوەو فراوانکردنی خوێندنگاکانی ناوچەکە.

6/ کردنی ناوچەکە بە ناوچەیەکی گەشتیاری، چونکە گونجاوو لە بارە بۆ ئەم مەبەستە.

7/ هەڵکەندنی بیری ئیرتیوازی لە گوندەکانی گەڵاڵە و سەفرەو قـامیش و بەرگورد.

8/ گرنگی بدرێت بە دروستکردنی بەنداوێك بۆ گلدانەوەی ئاو تا ناوچەکە سوودی لێوەربگرێت و بۆ ئاودێری و بەرهەمهێنانی ماسی.

9/ کردنەوەی چەند کێڵگەیەکی پەلەوەری مریشك لە ناوچەکەدا.

10/ چارەسەر کردنی کێشەی کۆچ لە لادێ وە بۆ شار.

11/ چارەسەرکردنی کێشەی ڕاوکردن و قەدەغەکردنی لە پێنـاو پاراسـتنی گیانەوەری کێوی و پەلەوەر لە ناوچەکەدا.

12/ پاککردنەوەی ناوچەکە لە مین و تەقەمەنی.





## دواوتە

لە ئەنجامی سەردان و بینینی ناوچەی شینکایەتی ئەوەمان بەدی کرد، کە ناوچـەکە ڕۆڵێکـی کـاراو گـەورەی گێـڕاوە لـە مێـژووی ناوچـەکەداو لـە گـشت شۆڕشـەکانی کـورددا هاوکاریـان هـەبووەو لـە بـەر سـەختی ناوچـەکە سـەرکردایەتی شۆڕشـەکانی کـورد ئـەم ناوچـەیەیان کـردووە بـە بارەگـای سـەرەکی خۆیـان، جگـە لـەوە لـە شۆڕشی ئەیلولدا یەکـەم پەخشی ئیزگـە بـۆ کوردستان لـەم ناوچـەیەدا بـووە، هەقوایـە بەرپرسـان بـە پـیر داوای خـەڵکی ناوچەکەوە بێن و ئەو پێویستیانەی داوایان کردووە، بە تایبەتی ئەم ناوچەیە بکرێتە ناحیە و کێشەکانی ناوچەکە چارەسەر بکرێن، تا ڕووی گەشی و ژیاریی باشتری ئەم ناوچـەیە بگرێتـەوەو هەناسـەی ئارامبـەخش بـە دڵـی هیلاکـی ئـەو خەڵکە خاوەن سروشتە جوانە شاد بێـت و سـەربازە بەجێماوەکانی بـەعس لـە ژێر خاکدا کە (مین) ە کانن، زیاتر جەستە و ڕۆحی مرۆڤـەکانی ئـەم ناوچەیە زامدار نەکەن و هەوڵی دەرهێنانیان بدرێت.

لەکوردستانی نوێ ژمارە (3244) ڕۆژی یەکشەممە 2003/12/14)بلاۆکراوەتەوە

# لە ئەزمڕی سەیرانگای گشت وەرزەکاندا

چیای ئەزمڕ، لە مێژووی کورددا جێی بایەخ و گرنگی بووە، هەر لە ئیمارەتی بابانەوە، ساتێک قەڵاچوالان پایتەختیان بووە، ئەزمڕ وەک شورایەک لە بەردەم پاراستنی ئەم ئیمارەتەدا بووە. ئەزمڕ لە زنجیرە شاخێک پێکهاتووە لە (پشتی وێڵەدەرو گۆیژەو هەڕوتەو ئەزمڕ و قوتەی خەمزەو شاخی دوو براو قوتەی قەیوانی گەورەو قەیوانی بچووک و دابان و هەلاج و مالومە و چۆخماخ) درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە شاخی پیرەمەگرون . دووری ئەزمڕ لە سلێمانی (15)کم و کەوتۆتە باکوری شارەوە، شارباژێر و ئەم شارە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەرزی چیای ئەزمڕ لە ڕووی دەریاوە نزیکەی (1300) م زیاترە.

## ئەزمڕ وەك سەیرانگا

**شاخی ئەزمڕ لە سەرەتای شەستەکانەوە جێگایەك بووە خەڵکی سلێمانی بۆ گەشت ڕوویان تێکردووە لە بەر بوونی هەوای فێنك و لە بار لە هاویناندا و لە زستانانیش خەڵکی بە هۆی بارینی بەفرەوە ڕووی تێدەکەن بۆ شەڕە بەفرو شێرە بەفرینە و وێنەگرتن لە ناو بەفردا دەچنە ئەزمڕ ، لە پاش ڕاپەرینیش خەڵکی زۆرتر ڕوو لە ئەزمڕ دەکەن بۆ گەشت بە تایبەتی ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی لە قەراغی جادەکە بە ڕیز سەیرانکەر دانیشتوون لە بەر نەبوونی جێگاو کە پرو تەخت نەکردنی زۆر لە لاپاڵەکان بە ناچاری خەڵکی سەر جادەکانیان گرتووەو کاتەکانیان بە خۆشی بەسەر دەبەن، بەلام ئەوەی جێی سەرنج و گلەیی بێت بۆ هەندێك لەو کەسانەی دەچنە ئەزمڕ ئەوەیە پاشماوەی خواردنەکانیان بەجێدەهێڵن و نایخەنە بەرمیلی تایبەت بەو پاشەڕۆیانەی کە**





**دانراون ، یان شکاندنی شووشە دەبێتە هۆی پیسکردنی ژینگەی سەیرانگاکەو زامدار کردنی قاچی منداڵان.**

## ئەزمڕ وەك سەنگەری بەرگری

**شاخی ئەزمڕ لە شۆڕشەکانی کوردا بۆتە سەنگەری بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ دوژمنان، لە شۆرشی ئەیلولدا دەیان جار بۆردومان کراوە لە لایەن فرۆکە و تۆپەکانی دوژمنەوەو دەیان پێشمەرگەی کوردستان لە کاتی بەرنگاریدا گیانیان بەم خاکە بەخشیوە، بۆ نموونە پاش کۆتایی هاتنی گفتوگۆی شۆڕشی ئەیلول لە گەڵ ڕژێمدا لە 1974/6/19 لە بەرنگاریەکدا 10 پێشمەرگە شەهید بوون، لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا لە ( داستانی ڕزگاری ) دا لە 1987/4/14 پێشمەرگەکانی ( ی ن ك ) توانیان زنجیرە چیای ئەزمڕ لە دوژمن پاك بکەنەوە، هەر لەو زنجیرە شاخەدا داستانی ( قەیوان- ماوەت ) لە 1986/8/30 کە سێ مانگی خایاند بووە یەکێکی تر لە داستانەکانی شۆڕشی نوێ، لە پاش ڕاپەرین و گەڕانەوەی ڕژێم و ئاوارە بوونی گەلی کورد، ئەزمڕ لە 1991/4/3 جارێکی تر بۆتەوە سەنگەری بەرنگاری لەو بەرنگارییەدا 12 هاووڵاتی شەهیدو بریندار بوون بە هۆی بۆردومانی دوژمنەوە.**

## پاراستنی ژینگەی ئەزمڕ

**شاخی ئەزمڕ لە بەر نزیکی لە سلێمانی و بوونی دارستانێکی چڕ لە کۆندا لە کاتی نەبوونی یان گران بوونی سوتەمەنی خەڵك بە ناچاری هانایان بردووە بۆ داربڕین و ئەمەش زیانێکی گەورەی لە سامانی سروشتی و سیما جوانەکانی ئەو چیایە داوە، یان لە هاوین و پایزدا بە هۆی کەمتەر خەمی و دانەنانی بەرنامەیەکی گونجاو تا پوشی پاوان و قەد پاڵەکان نەسوتێنرێت تاکو زیان بە گیانەوەرو دارستانەکانی ئەزمڕ نەگەیەنرێت جگە لەوەش بوار**

نەدرێت خەڵکی لە سلێمانی و گوندەکانی نزیکی ئەزمڕ ڕاو بکەن و دەنگی کەوو سوێسکەو گیانەوەرەکانی تر لە ئەزمڕ دوور نەکەوێتەوە.

## دیوارو شورای جادەی ئەزمڕ

جادەی ئەزمڕ لە بەر سەختی و پێکهاتەی خاکەکەی کە تەسك و ناخۆشە بۆتە هۆی کارەساتی زۆر لە ئەزمڕ، بە تایبەتی لە زستاندا لە بەر ئەم هۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵی پار شورایەکی دیواری بە درێژایی جادەی ئەزمڕ دروستکرد تا ڕووداوی ئۆتۆمبێل کەم بکاتەوە ئە نجامدانی ئەم کارە جێی دەست خۆشییە بۆ پاراستنی سەرو ماڵی هاووڵاتیان لە پێکدادانی ئۆتۆمبێل و وەرگەڕان.

## پردی عەلی ئاغا

ساتێك مرۆڤ باسی جادەی ئەزمڕ دەکات ناوێك پەلکێشمان دەکات بۆ لای خۆی ئەویش پردی عەلی ئاغایە، ئەم شوێنە لە ئەزمڕ لە زستاندا دەبێتە جێی مەترسی خەڵکی ڕێبواری ئەم ڕێگایە، چونکە شوێنێکی ( نسرم ) ە و هەتاو لێی نادات و لە کاتی بەفربارینیدا جادەکەی دەبێتە سەهۆڵ، بۆ زانینی ناوی عەلی ئاغا لە چییەوە هاتووە سەردانی کاك ( عەلی قادر ) مان کردو بەم جۆرە بۆمان دوا: عەلی ئاغا کوڕی حەسەن ئاغایە پۆستەچی ڕێی سلێمانی چوارتا بووەو لە زستانی 1949 دا بەفرێکی زۆر باری بوو ئەویش دەبوایە پۆستەی ببردایە بۆ چوارتا، سەردانی بەرێوەبەری پۆستەی کردبوو کە ڕێگا زۆر ناخۆشەو ناتوانێت بچێت بۆ چوارتا، بەڵام ئەو پێی وتبوو دەبێت بچێت، ڕۆژی 1949/3/13 دەروات پۆستە بەرێت بە هۆی سەختی ڕێگاو بارینی بەفر لە ئەزمڕ دەچێتە ژێر پردەکەو لەوێدا ڕەق دەبێتەوە.





## چایخانەکەی ئەزمڕ

لە پاش لێدانی جادە بۆ شارباژێر، لە ڕێی ئەزمڕەوە کە لە سییەکاندا بوو کرێی کرێکار تەنها ( 50 ) فلس بووە، لەو کاتەوە چایخانەی ئەزمڕ کراوەتەوە کە دەکەوێتە پشت کانیەکەی ئێستای ئەزمڕ، چونکە ئەو کات کانیەکە بەرزتر بوو لە جێگەی ئێستای و یەکەم کەس کە چایخانەکەی کردۆتەوە ناوی ( قادر ڕەشید کوڵەشێن ) بووەو تا کۆتایی حەفتاکانیش ئەم چایخانەیە شوێنی حەوانەوەی ئەو کەسانە بووە کە ڕێبوار بوون لە ئەزمڕ.

## گواستنەوەی بۆ ئەزمڕ

مامۆستا نەجمەدین مەلا یەکێکە لەو کەسە گەورانەی ڕۆڵی پڕ بایەخی بینیوە لە خزمەتی خوێندن و هۆشیارکردنەوەی ڕۆڵەکانی گەلی کورد، لە سەر وەسیەتی خۆی ویستویەتی گۆڕەکەی لە ئەزمڕ بێت، سەبارەت بە چۆنیەتی گۆڕی نەجمەدینی مەلا لە ئەزمڕ سەردانی هونەرمەند ( عەلی توانا ) مان کرد ئەویش وتی: من خۆم بە قوتابی نەجمەدین مەلا دەزانم، چوار ڕۆژ دوای کوژرانی بە بۆنکردنەکەیدا دەرکەوت نەماوە، لە دیوی دەرەوە قفڵ لە ژورەکەی درا بوو، بردمان بۆ گردی سەیوان و بە ئامانەت لە سندوقێکدا ناشتمان، چونکە ڕژێم ڕێی نەدەدا ببرێتە ئەزمڕ بنێژرێت و ساڵی 1970 ( کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کورد ) ی ئەوسا کە بە هاوکاریی ( یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ) بەو کارە هەستان و شەرەفی هێنانە دەرەوەی تەرمەکە بەر من کەوت، خستمانە سندوقەکەوە بەو چراخانەوە بەرەو مزگەوتی سەیوانی دووەم، بەڕێکەوتین بۆ بەیانی ێگاکانی شار هەموو داخران و ئۆتۆمبێلی شار خرانە خزمەتی تەرمی مامۆستا، یەکەم ئۆتۆمبێل تەرمی مامۆستای تێدا بوو بەڕێورەسمێکی جوان و بە دەهۆڵ و زورنا تا ئەزمڕ چووین و شوێنی گۆڕەکەش

كـە مامۆسـتا ويـستويەتى دەروانـىٚ بـە سـەر شـارباژێر و سـلێمانيدا، پـاش ناشـتنەوەى تەرمەكـە دەسـت گـيراو دەسـت كـرا بـە هەڵپـەڕين و داوامـان لـە خەڵكەكە كرد كىٚ خواردنەوەى پێيە بينۆشىٚ چونكە ويستى مامۆستا بووە.

## نوێكردنەوەى گۆڕەكە

لـە سـەر بڕيـارو پێـشنيازو نەخـشەى خـاتوو ( هێـرۆ ئيـبراهيم ئەحمـەد ) گۆڕەكەى نەجمەدين مەلا نوێكراوەتـەوەو ژوورى گۆڕەكـەى كەشـتيەكى لـە سـەر دروستكراوە بە ناوى حوجرەكەى مامۆستاوە، چونكە ناوى ( كەشتى نوح ) بووە.

## بورجەكەى ئەزمڕ

بورجى ئەزمڕ لە ساڵى 1978 بەكار هێنراوە بە مەبەستى پەخشكردن، لە پاش ڕا پەڕينى 1991 يەكەم تەلەفزيۆن كە پەخشى كرد لە سەر ئـەم بورجـە تەلـەفزيۆنى گـەلى كوردسـتانە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە سـەردانى ( شـوان كابـان ) بەڕێوەبەرى تەلەفزيۆنى گەلى كوردستا نمانكردو وتى: لـە سـەرەتاى پەخـشى تەلەفزيۆنەكەمانەوە سوودمان لە ئەزمڕ وەرگرتـووە بـۆ پەخـشكردن بـە هـۆى بوونى ئەم بورجەوە، ئێستا پەخشى تەلەفزيۆنەكەمان لە شـاخى هەروتەيـەو لـەوێوە پەخـشى كەناڵەكـەمان هـەموو شـارباژێر و شـارى بانـەو گونـدەكانى دەگرێتەوە.

هەموو كارەكانى تەلەفزيۆن لە ئەزمڕ ڕادە پەڕينين، بورجـە كۆنەكـە دراوە بە كەناڵە ناوخۆيەكەى كوردسات، سـەبارەت بـە سـەيرانگاكەى ئـەزمڕ چـەند پێشنيارێكى خستە بەردەممان و وتى: لە بوارى پێش خستنى سەيرانگاكە هەق وايە ڕێگاى ئەزمڕ قيرتاوێكى باش بكرێت، هەرچەندە دووسىٚ جار كراوە بـەلاٚم ئێـستاش وەك پێويـست نييـە و تـاسـەى زۆرى تێدايـە و پێويـستە ڕێگاكـانى سەيرانگاكە فراوان و زۆرتر بكرێن و ئينارەى باش بۆڕوناككردنەوەى جادەكـان





بەكار بهێنرێت، جگە لەمانـەش تيمێكـى تەندروسـتى لـە ئـەزمڕ دابنرێـت بـۆ ئەوەى لە كاتى پێويستدا فرياى گەشتياران بكەوێت، بێجگە لە گەشتياران بە هۆى ئەو ئوتێلانەى لە ئەزمڕن و تەلەفزيۆن و ڕەبيەكان دەتوانم بڵێم بە قـەد گونـدێك بـە بـەردەوامى خـەڵكى لێيـە، هەرچـەندە بڕيـارە پـرۆژەى ئـاوى قەلاچوالان بۆ ئەزمڕ ئە نجام بدرێت ئەوسا كێشەى كەم ئاوى چارەسەر دەبێت، هەروەها وتى بە حوكمى ئەوەى ئێمە ماوەيەكى زۆرە لە ئەزمڕين لايـەنێكى تـر هەست پێدەكەين ئەويش دروستكردنى تيمێكى پاككردنـەوەى ڕێگـاو بانەكانـە لە زستاندا چونكە بەفر ڕێـدەگرێت و پێويـستى بـە پاككردنـەوە هەيـە، جگـە لەوەش بە هۆى بوونى ئەم شوێنە گەشتيارييەوە ئەزمڕ پێويـستى بـە سيـستەمى نوێى تەلەفون هەيـە بـۆ ئـەوەى ئـەم سيـستەمە بگـۆڕن و بەداڵەيـەكى مـۆدێرن دابنرێت، ئەزمڕ قەرەباڵغى لەسەرەو هيچ نيشانەو هێمايـەكى مـرورى لـە سـەر ڕێگاكە دانەنراوە ئەگەر تيمێكى پۆليسى هاتوچۆ ڕۆژانى هەينى لە ئەزمڕ بێت سـەلامەتى گيـانى خـەڵك باشـتر دەپارێزرێت، ئەگـەر پاسـەوان دابنرێـت بـۆ دارستانەكان باشترەو لە فەوتان و سوتان ڕزگارى دەبێت، حـەز دەكـەم ئـەوەش بـە خوێنـەران بڵـێم ئێمـە وەك تەلـەفزيۆنى گـەلى كوردسـتان بـە هەسـتێكى نيشتيمانييەوە هەميشە لە هەوڵداين بۆ پاراستنى دارسـتانەكان و نەهێـشتنى ڕاوكردن لە ئەزمڕ، خەڵكى دێهاتە نزيكەكانى شارباژێر هاتوون بۆ ڕاو و لێمان قەدەغە كردوون، لە بەر ئەوە زۆر جار كەوو سوێسكە لە سـەر جادەكـە دەبينـين زۆر سلمان لێناكەن، چونكە ڕاو ناكرێن.

## ڕۆژانە (5) تەنكەر ئاو دەكڕين

هەر لە ئەزمڕ سەردانى ميوا نخانەى تەلارى ئـەزمڕمان كـرد لـەوىٚ بـەڕێز ( فـاروق عەبـدول ڕەحمـان ) بـەم جـۆرە بۆمـان دوا: بـە گرێبەسـتى سـاڵانە

ئوتێلەکەمان وەرگرتووە، میوانەکانی لە هەموو شارەکانی عێراق و بیانیەکانن. بە نیازین تاشە بەردەکانی بەرامبەر ئوتێلەکە برازێنینەوە بە شێوەی هونەری و شیعری شاعیرانی لە سەر بنووسین بە تایبەتی ( نەجمەدینی مەلا ) چونکە گۆڕەکەی لێرەیە . هەروەها وتی : کێشەی گەورەی ئوتێلەکەی ئێمە لە ئەزمڕ تەنها کەم ئاوییە . چونکە بە تەنکەر ئاو دەکرین و رۆژانە ( 5 ) تەنکەری گەورەمان پێویستە . هەر لە ئەزمڕ سەردانی ( مۆتێل و ڕیستورانتی سیوەیل ) مان کردو چاومانکەوت بە کاك ( کاوە ساڵح ) جێگری بەڕێوەبەری ئوتێلەکە و بەم جۆرە بۆمان دوا : ئەم بینایە لە ساڵی 2002 کراوە بە ئوتێل و بە بڕیاری هەڤاڵ مام جەلال ئەزمڕ کرایە شوێنی گەشتیاری لە بەر گرنگی ناوچەکە و پێشینەی مێژوویی وەك سەیرانگایەك خەڵکێکی زۆر دێنە ئێرەوە شوێنی مانەوەمان هەیە . سەبارەت بە نرخ لە چاو ساڵی پاردا داشکاوەو تەنها نرخی کرێی ژوورەکان بە دۆلارە.

## ئەزمڕ شوێنی پەخشی مۆبایلەکان

لە مۆبایلی سانا کاك ( ئاسۆ لەتیف ) لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندنی مۆبایلی سانا سەبارەت بە گرنگی ئەزمڕ بۆ مۆبایلەکەیان وتی : مۆبایلی سانا بە پشت بەستن بەو گرێبەستەی هەیەتی لە گەڵ مۆبایلی ئینتەر ویقی ئەمریکی ئێستا سەرگەرمی دانانی سەرجەم تۆڕو بورجەکانیەتی لە گشت کوردستان بە تایبەتی لە شاخی ئەزمڕ بە سیستەمی ( GSM ) ، هەر سەبارەت بە شەپۆلی مۆبایلەکان سەردانی مۆبایلی ( ئاسیا )مان کردو لەوێ کاك ( کەریم قادر ) ئەندازیاری وێستگەکان وتی : لە بەر ئەوە ئەزمڕمان هەڵبژاردووە بۆ پەخشکردن تا مۆبایلەکەمان بگاتە شارباژێر بە گشتی و هەروەها بە هۆی چیای ئەزمڕەوە شەپۆلی مۆبایلەکەمان دەگاتە پێنجوێن.





## گەشتیاران دەڵێن چی؟

لە ئەزمڕ چەند گەشتیارێکمان بینی سەرەتا کاك ( سابیر سەعید ) وتی : لە شستەکانەوە ئەزمڕ شوێنی گەشت و سەیران بووە بەڵام جاران وەك ئێستا نەبووە چونکە ئەو کاتانە بە پێ دەهاتین هەر عەسر بەرێدەکەوتین بۆ ئێوارە دەگەیشتینە ئەزمڕ ، سەیرانی ئەوسا هەر چەندە سادە بوو ، بەڵام لە ئێستا باشتر بوو ، چونکە قەناعەت هەبوو بۆ سەیران ، حەسەن زیرەك و عەزۆل و ئەمینی دەرابەچی دەهاتن بۆ ئەزمڕ و زۆر جار ئێوارانی هەینی بینیومن ، هەروەها ئەحمەد شەماڵ و هاوڕێکانی زۆر لێرە بوون ، هەر لە ئەزمڕ پاش شۆڕشی 14 ی تەمموز ئاگری نەورۆز دەکرایەوە ، داوا وایە ئاور لە ئەزمڕ بدەنەوەو هەندێك ( W.C ) دروست بکەن و شوێنی زیاتر تەخت بکرێت و خەتێکی پاسی بۆ دابنرێت بە تایبەت لە رۆژانی پێنج شەمە و هەینی تا ئەوانەی ئۆتۆمبێلیان نییە بە ئاسانی بتوانن هاتوچۆ بکەن .

هەروەها هاووڵاتی ( عەلی ئەمین حەمە ) وتی : لە کۆندا خەڵکی زۆر لە شارەکانی بەغداو بەسرە دەهاتن بۆ ئەزمڕو شەو لێرە دەمانەوەو چادریان هەڵدەدا تا حەزیان بکردایە دەمانەوە ، هەر لە ساڵی پەنجاو شەستەکاندا ئەزمڕو گۆیژە شوێنی چاڵە بەفر بوو ، چاڵی گەورە هەڵدەکەنراو بەفری تێدەکراو بە کرێکار دەشێلراو پاشان ( کا ) و پیتەی چەوی دەکرا بە سەردا لە گەڵ خۆڵ تا باش بمێنێتەوە ، کاتی هاوین بەکاردەهێنرا بە شێوەی بەفرو سەهۆڵ ، ئەم چاڵە بەفرانە وەك بەکارهێنانی بەفر گر بوو .

## یەك دوو قسەی تر

ئەزمڕ شوێنێکی بەبایەخدارەو گرنگی هەیە وەک سەیرانگاو بوونی چەند ئوتێلێک و چەند بورج بۆ پەخشی مۆبایل، ئەمانە هەموو وادەکات گرنگی

زیاتر بدرێت بە ویستی داواکاران، هەر لە دابینکردنی ئاوو و دروستکردنی (W.C) و تەختکردنی شوێن بۆ دانیشتن و پشودان بۆ ئەوەی خەڵکەکە قەرەباڵغی سەر جادەکە کەمبکەنەوە، پێویستە شارەوانی ئاگاداری پاکوخاوێنی سەیرانگاکە بکات هەروەها پۆلیسی هاتوچۆ بنکەیەک بکاتەوە لە ئەزمڕ بۆ کەمکردنەوەی کارەسات، دڵنیاین ئەم کارە زیاتر برەو بە سەیرانگاکە دەدات و خەڵکی زیاتر ڕویتێدەکەن ئەزمڕیش شایانی جوانتر کردنی زیاتری هەیە.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (3175) هەینی 2003/9/19بلاۆکراوەتەوە.





# ئەزمڕ و گۆیژە بەرگی سپییان پۆشیووە

لەو کاتەدا وەک تیمی کوردستانی نوێ بۆ هەڵبژاردنەکانی 2005/1/30 گەشتێکم بۆ شارباژێر ئەنجامدا، بارانێکی زۆر باری و بەفری سەر چیاکانیشی تواندەوە ، بەڵام هەر چەند ڕۆژێک دوای ئەوە ڕۆژی، 2005/2/7 بەفرێکی زۆر ئەزمڕ و گۆیژەی گرت و خەڵکانێکی زۆریش ڕوویان لەو ناوچەیە کرد تا گەشتی ناو بەفر بکەن، هەر بۆیە لەو ڕۆژەدا بەرەو ڕێگەی ئەزمڕ واژوم بە ئۆتۆمبێلەکەمدا و ڕووەو ئەزمڕ و گۆیژە ملی ڕێگەم گرت، لە دەباشانەوە هەست بە قەرەباڵغی ڕێگا دەکرد، بۆیە بە ناچاریی ڕێگام دەبڕی، بەڵام لە یەکەم سەرەنجمدا دیمەنی پاککردنەوەی ڕێگا پڕ لە بەفرەکانم بەدیکرد کە بەڕێوەبەرێتی ڕێگاوبانی سلێمانی سەر بە وەزارەتی ئەشغال کارەکەیان گرتبووە ئەستۆ، دواتر سەرەنجی زۆرم لەو خەڵکانەدەدا لە ناو بەفرەکەدا دانیشتبوون و ئارامیان گرتبوو، هەندێکی تر خەریکی دروستکردنی شێرە بەفرینە بوون لە قەراغ ڕێگاو لە سەر ئۆتۆمبیلەکانیان، زۆر لە خەڵکانیش شەڕە بەفریان دەکرد، چی لەو دیمەنە جوانتر بوو کە کچە لاوەکان کەزییەکانیان بەفراوی و شێواو دەبینرا. لە گەڵ هاوڕێکانیان یەکتریان ڕاودەنا، لە لایەکی ترەوە بە هەموو جۆرە کامێرایەک وێنەی بەفرو چیاو دۆڵەکان دەگیراو هاواری خۆشی کچان و کوڕانی گەنجی ئەم هەرێمە ئەو ناوەی پڕ کردبوو لە شادی.

## گەشتی یەکەم

لە ڕێگەکەمدا و لە زاڵگەی دەباشان، نزیک کەناڵی کوردسات پۆلیسی هاتووچۆم بەدیکردو پێم باش بوو ئەرکی ئەوان بزانم، بۆیە چوومە ژوورەکەیان لەوێ مفەوەزی هاتووچۆ ( عەبدولرزاق حەسەن ) وتی: بۆ ڕێنماییکردنی هاووڵاتیان و کەمکردنەوەی ڕووداوی مەترسیدار لە دەباشان و ئەزمڕ ئەرکەکانمان زیاتر کردووە، لەو کاتانەی لە ئەزمڕ و گۆیژە بەفر دەبارێت مەفرەزەمان دەچێتە سەرەوە و پۆلیسی هاتوچۆ بە شەقامەکاندا بڵاو دەکەینەوە، تا ڕێگای هاتووچۆ ڕەوتی ئاسایی خۆی وەربگرێ و ڕووداو کەمبێتەوە، ژمارەیەك لەو خەڵکانەی کە دێنە ئەزمڕو گۆیژە کەمتر پابەندی ڕێنماییەکانی هاتووچۆن، هەر ئەوەشە وادەکات ڕووداو دروست ببێت و گیانی هاووڵاتیان و خۆشیان بخەنە مەترسییەوە، زۆر خەڵك دێن لە ناو ئۆتۆمبێلەکانیاندا سەر دەردەهێنن و شەڕە بەفر دەکەن و شیرازەی ڕێگاوبان دەشێوێنن.

## هەستێك بۆ ئەزمڕ و گۆیژە

هەر کە لە دۆڵە میران سەرکەوتم و دەباشانم بەجێهێشت دیمەنی بەرزایی ئەم بەراو بەری شاخەکە و بەفری لادراوی سەرجادەکە و شەڕە بەفری لاوان سەرنجیان بە لای خۆیاندا کێشکردم، لە بەری پشتەوەی ڕێگاکەش چەند شێرە بەفرینەیەکم بەدیکرد، هەر لەو نزیکانە چەند جۆرێك لە خواردن و خواردنەوەم هاتە بەرچاو کە لە قەراغی جادەکە دانرابوو، خەڵکی بەم بەفرەش دەیانەوێت کاتێکی خۆش بەسەر بەرن بۆیە بە باشمزانی ڕای ئەو فرۆشیارە وەربگرم، کاتێ نزیك بوومەوە زانیم دیمەنی ئەزمڕ عاشقی ئەو جوانییە وایکردووە ڕۆژانە بێتە ئەم شوێنەو ئەو و بە چاوێکی شاعیرانە





دیمەنەکانی ئەزمڕو گۆیژە ببینێت، خۆی پێناساندم وتی: ناوم ( عومەر شکاری ) ە ئەو وتی: ئەو ڕۆژانەی کە بەفر دەبارێ جەژنی ئێمەیە بۆ ساغکردنەوەی ئەو کەلوپەلانەی دەیفرۆشین، ئەزمڕو گۆیژە بە خۆشترین و جوانترین شوێنی دنیا دەدەمە قەڵەم، بۆیە شیعرێکم بۆ ئەزمڕو گۆیژە نووسیوە:

ئاواتمە ڕۆژی بەفر ڕێت بکەوێتە ئەم ناوە
مەبەستم دەباشانە، کوڕو کچ تێکەڵاوە
نازانم بە چی دایبنێم ئەم شاخ و دۆڵ و دەشتە
دەتوانم سوێند بخۆم دیمەنێک لە بەهەشتە
تۆ بە دوو چاوی خۆت ئەگەر بێتوو ببینی
دژ بە مردن ئەوەستی، هەردەم ئاواتی ژینی

لە کۆتایدا وتی: لێرە ئەوەندە خەڵکی بە خۆشحاڵی دەبینم بە خۆشییەکانی ئەوان خۆشحاڵم و شاگەشکەم بە ئازادی گەلەکەم.

هەر لە سەر هەمان ڕێگا کە دەبێت بە دوو بەشەوە لای دەستە ڕاستی دووڕیانەکە لە سەر بۆردێکی گەورەو بە خەتێکی گەورە شیعرەکەی بێکەسی شاعیری لە سەر نووسراوە کە باسی شاخی ڕەنگاوڕەنگی گۆیژە دەکات کە باعیسی کەیف و سرورەو لە هەموو وەرزێکدا بێ هاوتایە بۆ نەتەوەی کورد، دواتر چەند گەشتیارێکم دواند سەبارەت بە هۆی هاتنیان بۆ ئەزمڕو گۆیژە بەم جۆرە دووان، هاووڵاتی ( لەتیف سالح ) وتی: لە ناو شارەوە هاتووم بۆ گۆیژە بۆ بینینی ئەم دیمەنە جوانانە کە مرۆڤ سەرسام دەکەن، خەڵك لێرە زۆر دڵیان خۆشە بە تایبەت لەم کاتانەدا، کورد لە پرۆسەی هەڵبژاردنی عێراقدا

سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە، هەروەها خاتوو سروە سابیر، وتی: ئێمە بەخێزانیی هاتووین بۆ ئەوەی لێرە تاویٚ بە خۆشی ببەینە سەر، ئەوسا بگەڕێینەوە بۆ ناو شاری سلێمانی، یەکێکی تر کە لە گەڵ کچێك و کوڕێکدا دەچوونە بەرزاییەکە بۆ وێنە گرتن چوومە لایان و پرسیم هەستیان چیە کە هاتوونەتە ئێرە، خاتوو ( زریان سەمەد )، وتی: هەست بە خۆشی دەکەین، بە تایبەت بە بینینی ئەم دیمەنە جوانانە، جگە لەوەش ئەو کەسانەی دێنە ئێرە وادەبینم دڵیان زۆر بە ئازادی ئەم نیشتمانە خۆشە، ئاواتم ئەوەیە ئێمەی کورد هەر لە شادی و ئازادیدا بژین، هەروەها خاتوو ( نەرمین حسێن ) کە سەرپەرشتیاری پەروەردەییە، بەم جۆرە دووا: سالأنێکی دوورودرێژە میللەتی کورد بە دەست نەهامەتی و شەڕو داگیرکردنەوە دەناڵێنیٚ، هەر لە ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستن ...هتد، لەمساڵیشدا کورد بە کۆمەڵیٚ ئاواتی نەتەوەیی خۆی گەیشت، بۆ نموونە لە هەموو مێژووی کورددا یەکەمجارە کورد بە ئازادانە بەشداری هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی خۆی بکات لە سەر ئاستی عێراق، دیارە باشترین سەرکەوتنیشمان بەدەستهێناوە، بەسروشت کورد شەیدای ئەزمڕو گۆیژەو چیاکانیەتی، چونکە ئەوانە کوردیان پاراستووە لە دوژمنان، بۆیە خۆشەویستی شاخ و داوڵەکانی کوردستان بۆتە عەشقێکی ڕۆحیی و لە خۆشییەکانیشدا ڕوویان تێدەکەین، لە گەڵ ڕۆیشتنمدا بە ناو خەڵك و سەیرکردنیان تا ئەو کەسانەی مەبەستی منن بیاندوێنم، چاوم لە وێنەگرێك بوو بە ناو خەڵکەکەدا دەگەڕا لای خۆم وەستاندم و سەبارەت بە بازاڕو ئیشەکەی پرسیارم لێکرد وتی: ناوم ( نەجات مەجید ساڵح ) ە ئەو کاتانەی کە بەفر دەباریٚ و دنیا ساردە، بازاڕی ئێمە گەرمە، وێنەی خەڵك لە سەر خواستی خۆیان دەگرین، زۆر جار دیمەنی وا سەرنج ڕاکێش دروست دەبیٚ پێکەنینمان دیٚ





و وەك ئەوان دڵمان خۆش دەبیٚ، حەز دەکەم خەڵك هەر ئاوا لە خۆشی و شادیدا بن.

دەباشان و گۆیژەم جێهێشت و بە ناو ئا پۆڕەی ماشێنەکانی گەشتیاراندا بەرەو ئەزمڕ بەڕێکەوتم هەمان ئەو دیمانانەی پێشوو دووبارە دەبوونەوە لەوێش دابەزیم و چەند کەسێکم دوواند لەوانە هاووڵاتی ( وەستا کەریم ) یەکێك لەوانەیەکە پێیوایە بەو هۆیەی لە بازاڕدا کاردەکات و زۆر سەرقاڵی کاردەبێت، ئەو ڕۆژانەی زۆر پێخۆشە و دەڵێت: لە گەڵ ئازادی و هەڵبژاردنەکاندا بەفر ئەوەندەی تر ژیانی خەڵکی خۆش کرد.

لە لایەکی ترەوە هاووڵاتیەکی تر کە خەڵکی شاری هەولێری قەڵاو منارە بوو بە ناوی ( نزار ئەحمەد ) وتی: هاتووم بۆ ئەزمڕ بە مەبەستی گەشت و سەیران، بە ڕاستی ئێرە شوێنێکی زۆر خۆشە و هەقوایە زیاتر گرنگی پیٚ بدەن و بیکەنە ناوچەیەکی فراوانی گەشتیاری تا خەڵکی بیانی بێن بۆ گەشت .

هەر لەو کەش و هەوا ساردە هەندێك خوێندکارم بینی کە پاسەکانیان لە قەراغ جادەکە ڕاگرتبوو، بەفریان دەگرتە یەکتر نەشئەو خۆشی وای لێکردبوون هەر کەسێك لێیان نزیك ببوایەتەوە دەدرایە بەر تۆپەڵە بەفر، چەند تۆپەڵێکیان لە منیش گرت.

## دوا وێستگە

لە دوا وێستگەی گەشتەکەمدا بۆ ئەزمڕو گۆیژە ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەو برا پۆلیسانەی هاتووچۆ بوون کە چەند بە تەنگ خەڵکەوەن خزمەتی ئەم نیشتمانە دەکەن، بە باشمانزانی ئەو مەفرەزەیەی کاری ڕێگاوبانەکانی ئەزمڕ ڕێکدەخات بەسەربکەینەوە، لاوێکی بالاٚ بەرزی دڵسۆز بە ناوی ملازم (زەردەشت ڕەشید) وتی: لە ڕۆژانی بەفر بارینـدا خەڵک ڕوو

لەم شوێنانە دەکەن بۆ گەشت و سەیران، ئەوەی لە سەر ئێمە بێت ڕێنمایی خەڵکی دەکەین لە ڕێگاوبانەکاندا بۆ بەرژەوەندی خۆیان، بەداخەوە زۆر کەس گوێڕایەڵ نین لە ئەنجامدا ڕووداوی لێ دەکەوێتەوە دوایی دێن دەپاڕێنەوە کە هاوکاریان بکەین و کار ئاسانیان بۆ بکەین، ئەوەی تێبینیم کردبێ زۆر لە ڕووداوەکان لەم ڕۆژانەدا ڕوودەدەن، چونکە ڕێگاوبانەکان تەڕو خلیسکن و ئۆتۆمبێلەکانیش زۆریان تازەن و شۆفێرەکانیان گەنجن، زۆر کوێ بە ڕێنمایی نادەن و لە ڕێی ئێوەوە داوا لە خەڵک دەکەم کە پابەند بن بە یاساکانی تونودتوڵیی هاتووچۆوە کەمتەرخەم نەبن تا گیانی خۆیان و کەسانی تر پارێزراو بێت.

لەکوردستانی نوێ ژمارە (3593) ڕۆژی پێنجشەممە 2005/2/10 بڵاوکراوەتەوە.





# دوای گەڕانەوەی یەکجاریان بۆ کوردستان

(2-1)

زۆرن، یەکجار زۆرن ئەوانەی بە هۆی دۆزی کوردەوەو بە هۆی ڕژێمی دیکتاتۆری ڕووخاوەوە زێدی خۆیان جێهێشتووە ئاوارەی ولاتان بوون و نیشتەجێی ئەوروپا و ئەمریکاو هەندێک لە ولاتانی ڕۆژهەلاتن... بەلام هەمیشە نامۆن بە ژیانی ئەوێراو (زۆربە یان) تەنیا بە جەستە لەوێن و هەست و ڕۆحیان لێرەو لە گەڵ ئێرەدا دەژی.

ئەوان، لەو دوورەوە دەزانن کە یادو یادگاریەکانیان لێرەیە، لە کوردستان و شارو شارۆچکەکانی .. خۆ دەبینن لەوێش جوانتر هەیە، بەلام لە ناخەوە هەست بەوە دەکەن کە ئازیزترو خۆشەویستر لە نیشتمان نییە و نابێت.

دوای ڕاپەرین ئومێد گەڕایەوە بۆ نێو گیانی بێ ئومێدی کوردانی دەرەوە، ئێستاش دوای ڕووخانی بەعس و سەرۆکە دیکتاتۆرەکەی هیواکان زیاتر دەگەشێنەوەو مەبەست و مەرام بووەتە دیمەنی بەرچاوو خەریکە خەونە ڕەنگاڵەییەکان دێنەدی... ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی هەندەران بەکەسوکارو یادگارەکان و بەری ڕەنجی شەهیدان و دەستکەوتەکان و ژیانی ڕووەو دیموکراسی و هیوای گەشتری ئایندە شاد بوونەتەوە...

لەم ڕیپۆرتاژەدا ژمارەیەک لەو خۆشەویستانە بۆ کوردانی دەرەوەو ناوەوە دەدوێن و لێرەوە ملوانکەیەکی ڕازو نیازیان دەهۆننەوەو دەیکەنە دیاریی بۆ هاوخەم و هاوسۆزو هاوەلانیان، بە تایبەت ئەوانەی لە تەکیاندا هەناسەی ساردی ئاوارە بوون و غەریبیان هەلکێشاوە، بەلام هەرگیز چرای ئومێدیان لە بەرچاو نەکوژاوەتەوە.

## لەویٚ خەریك بوو بخنكێم!

* سەرەتا مامۆستا ساڵح محەمەد ئەمین: نووسەرو وەرگێڕو هەڵسوڕاوی بواری مافی مرۆڤ و مامۆستای دێرینی ئەم شاری سلێمانییە، كلیلی باسەكەی بەدەستەوە گرت و بە مجۆرە دەرگای والآكرد:

- كۆتایی 1996 لە ولاتی هۆڵەندا گیرسامەوە، لە ئەیلولی 2003 دا گەڕامەوە، بەلام دوو ساڵ بەر لەوە بڕیاری گەڕانەوەم دابوو، چونكە لەویٚ بە تەنیا نوقمی تەنیایی بوو بووم و خەریك بوو لەو غوربەتەدا بخنكێم!

## لەویٚ .. لە ژیانی تاراوگەدا..!

* بەڕێز فازیل كەریم ئەحمەد، (مامۆستا جەعفەر)، تێكۆشەرو ڕووناكبیری ناسراو كە ئێستا گەڕاوەتەوەو لە نێو گەلەكەی و هەڤاڵەكانیدا درێژە بە ژیان و خەباتی خۆی دەدات، وتی:

- هەر ئەو ڕۆژەی گەیشتمە وێندەریٚ بەرگی نامۆییم لە بەردانەكەندو هەر چاوەڕوان بووم، شەوی تاریك و نووتەكی جرجە كوێرەكان كۆتایی پیٚ بێت و یەكسەر بگەڕێمەوە ، بگەڕێمەوە چی بكەم؟

گەر ئەمڕۆ نەگەڕێمەوە.. بۆ سبەی بگەڕێمەوە ؟ دەمزانی من لە فلۆرینس و میلانۆ بم، یان فرانسیسكۆ، ئەو ڕۆحە هەڵكڕوزاوەی من هەر شێت و دێوانەی كەلاوەكانی هۆرێن و باخ هەنارەو جامڕێزی و سێوسێنانی شەهید و سیرینە...

* مامۆستا مەزهەری خالقی، هونەرمەندی گەورەی كورد سەبارەت كۆچی خۆی ڕووەو هەندەران گێڕایەوەو وتی:

- ئێمەی كورد جێگەو شوێنی خۆمان لە مێژوودا جێنەهێشتووە، بەلام دوژمنان هەمیشە ویستوویانە دامانبڕن لە نیشتمان و لە مێژووی 2700 ساڵ و





زیاتریشدا كورد خاك و نیشتمانی فەرامۆش نەكردووەو زەوی كەسیشی داگیر نەكردووەو هەوڵی زۆریشی داوە تا نیشتمانی داگیر نەكرێت...

لە نیو سەدەی ڕابردوودا لە هەموو كوردستاندا كورد بە زۆرە ملیٚ ئاوارە كراون، یان هەڵاتوون، تا بمێننەوەو لە زوڵم و زۆر ڕزگاریان بێت، منیش بەو جۆرە بە ناچاری ولاتم جێهێشت و ماوەی 20 ساڵ لە هەندەران ژیاوم و هەر لەو ماوەیەشدا هەمیشە چاوەڕوانی تروسكەیەك ڕوناكی و شەپۆلی ئازادی بووم، چاوەڕیٚ بووم لە هەر شوێنێكی نیشتمانە گەورەكەم هەلێك بڕەخسێت و بگەرێمەوە ولات.

* دكتۆر پۆلا، یاریدەدەری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بۆ كاروباری زانكۆ، سەبارەت بە هۆكارەكانی چوونە دەرەوەی خێزانەكەیان بۆ ئەوروپا وتی:

- هەر لەگەڵ چوونە دەرەوەدا ئومێدی ئەوەم هەبووە كە بگەڕێمەوە بۆ كوردستان، ئەوسا دەزگا دا پلۆسێنەرەكانی بەعس لە كەركوك بەردەوام ئازارو ئەشكە نجەیان دەداین، لە سەر باوكم كە چوو بووە دەرەوە زوو زوو بەگیریان دەهێنایەن، ئەمە بێجگە لەوەی دەیانویست سیمای نەتەوەیی كورد لە شاری كەركوك بگۆڕن و خەڵكەكەی ناچار بكەن ئاوارەو دەربەدەر بن، هەر بۆیە هەموو خێزانەكەمان بڕیاری چوونە هەندەرا نمان دا.

دوای ئەوەی بڕوانامەی زانستیم بەدەستهێناو لە زانكۆیەكی ئەڵمانیا وانە بێژ بووم، هەمیشە خەونی ئەوەم هەبوو بێمەوە كوردستان و لە ڕێی پسپۆڕیمەوە خزمەتی گەلەكەم بكەم، سوپاس بۆ پێشوازی خەڵكی كوردستان لە ئێمەوهەمیشە لەوێوە دەمووت، من چنگیٚ لە خاك و خۆڵەكەی كوردستان ناگۆڕمەوە بە هەموو دنیا.

## ئەوسا وڵات زیندانێکی تاریك بوو

*ڕووناکبیر و نووسەر مامۆستا نزار خەیلانی، سەربوردەی چوونە دەرەوەو گەڕانەوەی بۆ نیشتمان، بە مجۆرە بۆ گێڕاینەوە:

- بەر لە 22 ساڵ، کە کوردستانم جێهێشت، وڵاتەکەم نەك هەر داگیرکراو بوو، بەڵکو زیندانێکی تاریك و پڕ ئەشکەنجە بوو، هەروەکو دۆزەخ وابوو، تێکۆشەرو نیشتمانپەروەران یان لە زینداندا بوون، یا خود پێشمەرگە و ڕێگر بوون لە وێرانکردن و ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و داکۆکییانلە خەڵکی کوردستان دەکرد.

ئەم دۆزەخە ڕۆژ بە ڕۆژ ترسناکترو تاریکتر دەبوو، کار گەیشتە ئەنفال و کیمیاڕێژکردنی کوردستان، بەدەگمەن مرۆڤ دەیتوانی هەناسەی ژیان هەڵمژێ، بوارێك بۆ بیرکردنەوە لە خۆشەویستی نەهێڵرا بووەوە، خاك و زەوی بە مین چێنرا بوون، شیعر بقە بوو، چیرۆك قەدەغە، ڕۆمان سوتێنراو، مێژوو گۆڕاو، خێزان لێکترازاوو خەندەی ساوای نێو بێشکەش باجی لە سەر بوو... پیاوەتی کرا بووە نامەردی و نامەردترین کەسیش بە پیاوو جوامێر ناودەبران!

سەردەمێك بوو مەل و باڵندەش (فیرار) بوون! بێگومان لەو ڕۆژگارەدا کۆچ دەستپێکردو منیش وەکو دەیان هەزار ڕێگای کۆچم گرتە بەر... کۆچ بەرەو کوێ؟ بەرەو ون بوون و نامۆیی، هەرچەندە لە یەکەم ڕۆژەوە هەستم بەو ون بوونەی خۆم دەکردو دەمویست خۆم بدۆزمەوە، من لەوێ بە جەستە وێڵ بوو بووم، بەڵام بە دەروون خرۆشاوو هەر لە گەڵ ئێوە بووم، هەر لەناوتاندا لە کوردستان بووم، بە شێوەی خەباتی سیاسیی بوو بێت، یان کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسیی، هەمیشە گوزارشتم لە ئازارەکانی نیشتمانەکەم دەکرد،





لەوێرا خۆم بە باڵیۆزی گەلەکەم دەزانی، دەمزانی میوانێکی ئەو وڵاتەم و ڕۆژێ دێ نیشتمانی خۆم ڕزگار بێ و بگەڕێمەوە بۆی.

* د. ئەلبێرت عیسا، ڕاگری کۆلێژی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سلێمانی، باسی لە کاتەکانی بەر لە گەڕانەوەی کردو وتی:

- مرۆڤ هەمیشە بە پێی کات و سەردەم کۆمەڵێ ئەرکی لە سەر شانە، من کە لە دەرەوە دەژیام هەستم بەوە دەکرد کۆمەڵێك ئەرکم بەرامبەر بە گەلەکەم لە ئەستۆدایە، ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی و مەدەنی و ئەخلاقی.

دەمزانی بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە دەبێت ڕێگای نیشتمانەکەم بگرمەوە بەر، زوو بێت یان درەنگ دەبێت بچمەوە ناویان و لە گەڵیاندا و بۆ ئەوان بژیم.

## ڕۆژانە لە گەڵ بیرەوەرییەکاندا دەژیام!

* هونەرمەندی شێوەکار کاك زریان باهیر و خاتوو پیا باهیری هاوسەری یەك لەو خێزانانەن کە گەڕاونەتەوە کوردستان، زریان وتی:

- هۆی ڕۆیشتنم بوونی کۆمەڵێك پرسیار بوون لە لام، من بە دوای وەڵامەکانیاندا وێڵ بووم، لە دەرەوە هەندێکیانم دەستکەوت و بە هیوام هەندەکەی تریانم، لێرە لە کوردستان دەستبکەوێت.

لەوێ هەستم بە غەریبی دەکرد، ڕۆژانە بیرەوەرییەکانم دەهاتنەوە بەرچاو و لە گەڵیاندا دەژیام، لەوێ بە تەواوی گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە وڵاتی خۆم مەزن و شیرینە، بە کورتی بەر لە ڕۆیشتنم هەستم بەوە دەکرد لێرە ئازاد نیم، دەبێت وڵاتێك بدۆزمەوە تیایدا بە ئازادی بژیم، چونکە دەمزانی مانا جوانەکان بە تەنیا لە ئازادیدا دەبینرێنەوە.

* خاتوو PIA (پیا باهیر) ی هاوسەری کاکە زریانی هونەرمەند، کە خەڵکی وڵاتی نەمسایە و خاوەنی بڕوانامەی ماجستێرە لە بواری زانستە سیاسییەکان

و دەروونزانیدا، ئێستا کوردستان و بە تایبەت شاری سلێمانی کردووەتە هەواری ژیان، ئەو وتی:

– ئەمە دووەم جارە دێمە کوردستان، بەڵام ئە مجارەیان دەمێنمەوە، دەمێنمەوە تا زیاتر هاوسەرەکەم و گەلەکەی و کلتورەکەی بناسم، گەر هەلم بۆ بڕەخسێت هەر بە یکجاری دەمێنمەوە.

* دەربارەی ژیانی کوردانی هەندەرانیش خاتوو پیا وتی:

– لەویَ کوردەکان لە نامۆییدا دەبینم، هەڵبەت مانەوەی بەشێك لە کوردان لە ئەوروپا و وڵاتان بۆ خوێندن و فێربوون و کارکردن و گەیاندنی دەنگ و پەیامی گەلی کورد کارێکی باشە، بەڵام گەڕانەوەی بەشەکەی تریان بۆ کوردستان و درێژەدان بە خزمەتیان لێرەو گواستنەوەی زانیاری و ئەزموونەکانیان بۆ نێو گەلێکی وەکو کورد دیسانەوە کارێکی باش و پەسەندە.

## کە ڕۆیشتم

* هەر چۆن مامۆستا ساڵح محەمەد ئەمین قازانی کلیلی باسەکەمانی گرتە دەست و بە چەند پەیڤێکی ئەو سەرەتای ڕیپۆرتاژەکەمان نووسرایەوە، بۆ قفڵکردنی ئەم بەشە دیسانەوە کلیلمان دایەو وتی:

– یاخوا ئەو کاتەی من کوردستانم جێهێشت بە جارێك بڕوات و هەرگیز نەیەتەوە، ئەو کاتە گەرمەی شەڕی ناوخۆ بوو کە دواتر ناوی شەڕی ( خۆکوژی ) بە سەردا برا،ئەو شەڕە باڵی ڕەشی بە سەر هەموو ناوچە ئازادەکانی دوای ڕاپەریندا کێشابوو، ئەو کاتە پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ هێندە زۆر بوون هەر لە ژمارە نایەن، من نامەوێت لەم کاتەدا کە ئاشتی و ئارامی نێوان دوو حزبە سەرەکییەکەی کوردستان تا ڕادەیەکی باش هیوا بەخشە، نامەوێت دەمی زامەکان هەڵدەمەوەو برینەکان بێنمەوە سوێ!





ئەو دەمە باری ئابوری کوردستان خراپ بوو، هەر بەو هۆیەوە بارێکی کۆمەڵایەتی قێزەون بەرپا بوو بوو کە لە باسکردن نایەت.. بەڵام ئێستا ڕەوشەکە تەواو جیاوازە، لێرە ئارامی هەیەو گەورەترین ئەژدیهای سەدەی بیستەم ڕووخاوەو گیراوەو کوردستانەکەمان لە گەورەترین دوژمنی کە ڕژێمی بەعس بوو، ڕزگاری بووەو ڕوو لە ژیان و بوژانەوەو ئاوەدانییە.

هەر بۆیە خەڵکی ئاوارەو کوردانی دەرەوە ڕوودەکەنەوە کوردستان.

تێبینی:بە هاوکاری برای ڕۆژنامەنووس (یاسین قادر بەرزنجی) ئەم ڕیپۆرتاژە ئەنجامدراوە

لەکوردستانی نوێ ژمارە (3276) سێشەممە 2004/1/22)بڵاوکراوەتەوە

## دەربارەی گەڕانەوەی یەکجارییان بۆ کوردستان

(2-2)

***هونەرمەندی کورد مەزهەری خالقی، سەبارەت بەمرۆی کوردستان وتی:***

- ئەمرۆ ئەو ڕۆژەیە کە خەباتی گەلەکەمان گەیشتووەتە ئامانج، بەشێکی کوردستان ئازادەو پێویستی بە خزمەتی هەمە لایەنە هەیە منیش بۆ گەیشتنە ئاوات و ئارەزووەکانم و بەردەوامبوون لە خزمەتی فەرهەنگ و هونەری نەتەوەکەم گەڕاومەتەوە. بڕوام وایە هیچ کوردێك جگە لە خاکی کوردستان لە هیچ جێگایەکی تر ناحەسێتەوە، بۆیە چاوەڕێی ئەوە دەکرێت هەر کەسەو بە پێی پێویستییەکانی ژیانی و بۆ گونجانی درەنگ یان زوو بگەڕێنەوە، ئەمرۆ خەبات هەمە لایەنەو فەرهەنگی و زانستییە، ئەمرۆ پێویستمان بەوەیە لە ڕەوتی زانست و ئابوری و هونەریدا لە گەڵ گەلانی پێشکەوتووی جیهاندا بەشدار بین.

### من بۆچی هاتمەوە ؟

***هەڤاڵ فازیل کەریم ئەحمەد (مامۆستا جەعفەر) هەر خۆی ئەو پرسیارەی کردو لە وەڵامیشدا وتی:***

- هاتنەوە کارێکی زۆر ئاسایی و سروشتییە و پێم وا نییە کارێکی سەرنج ڕاکێشی لەوێنە بەدەرم کرد بێت، دەرگای نیشتمان بۆ ڕۆڵە دڵسۆزەکانی هەمیشە لە سەر پشتبووەو نەمبیستووەو نەمزانیوە دەستێك یان لایەنێك دژی هاتنەوەو گەڕانەوە بێت، هەمیشە مەلەکان بۆ ناو هێلانەکانیان دەگەڕێنەوەو مناڵەکانیش بۆ ئامێزی دایکەکان ڕادەکەن.





هێشتا بۆم نەلواوەو ڕێکنەکەوتووە بیر لە قولایی مۆتیڤ و هۆو بۆکان بکەمەوە، چی پاڵی پێوەنام، ملی شەقامە ڕێی وڵات بگرمە بەرو چۆن کێچی گەڕانەوە کەوتە کەوڵمەوە، من نەمویست وەکو نالی و حاجی قادری کۆیی و کەیفی جوانڕۆیی بکەم و بڕیارم نەدا لە دۆزەخی تاراوگەدا چاو لێکنێم.

### کۆمەڵگاکەمان پێویستی بە گۆڕانە..

***لە درێژەی قسەکانیدا و لە باسی بایەخی گەڕانەوە، بەڕێز د. پۆلا وتی:***

- هەر کوردێکی خەمخۆرو شەرەفمەند کە بتوانێت بەشدارییەك بکات لە گۆڕان و گەشە پێدانی کۆمەڵگاکەیدا، بیەوێت لە ڤایرۆسی بەعسی فاشیزم ڕزگاری بکات ئەوا دەگەڕێتەوەو لە نزیکەوە کار بۆ ئەوە دەکات کورد بە کۆمەڵگایەکی مەدەنیی دیموکراسی شاد بێت.

ئەمرۆ گەلی ئێمە پێویستی بەوەیە لە هەموو ڕوویەکەوە گەشە بکات، لە ڕووی حوکمڕانی و سیاسیی و شارستانی و سەندیکایی و وەرزشی و هونەرییەوە، پێویستی بەوەیە واتاکانی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ قوڵتر بکرێنەوە، هەروەها پاراستنی ژینگە و بەشداریی کاریگەر لە ڕێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ و ئاشتی و لێبوردنی جیهانی و پزیشکانی بێ سنوور.

***هەر سەبارەت بە ئاکامی گەڕانەوە، د. ئەلبێرت عیسا وتی:***

- گەڕانەوەم لە ویست و حەزی خۆمەوە سەرچاوەی گرتبوو، مەبەستم بوو بەری ڕەنجی خوێندن و ژیانم بهێنمەوە بۆ ئێرە، کوردستان ئێستا زۆر خۆشە، لای من کورد هاوتای وشەی خۆشەویستییە، لەو کاتەوەی گەڕاومەتەوە زیاتر ئاسودەو سەرفرازم، دڵم پڕ لە هیوایە بۆ ئەم وڵاتە، ئێستا دەبینم کوردستان

هەنگاوی دیموکراسی هەڵدێنێ، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت ئەزموونەکەی ئێمە سەرا پای عێراق و ناوچەکە بگرێتەوە.

*** سەبارەت کوردەکانی دیکەیش کە تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە، د. ئەلبێرت عیسا وتی:**

حەز دەکەم کوردانی دەرەوە بێنەوەو هەر یەکەو بە پێی پسپۆڕی و زانیاریی خۆیان درێژە بە خزمەت بدەن، بە تایبەت کادیرانی هەر دوو بواری زانستیی و ئیداری.

## هەموو ژیانی هەندەرانم هەر بۆ کوردستان بوو

*** مامۆستا نزار خەیلانی، لە تەوەرێکی دیکەدا درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت:**

– من لەوێ لە هەندەران هەموو ژیانم هەر بۆ کوردستان بوو، باوەڕیشم وابوو کە ڕۆژێك دێت گەلەکەم ئازاد دەبێت و ناشرینیە دەستکردەکان جوان دەبنەوەو مرۆڤیش دەتوانێت لەم جوانکردنەدا بەشداریی بکات و بێتەوە ناو ماڵەکەی خۆی و ببێتەوە بە ئەندامێکی کارای خێزانەکەی، هەر ئەوەش وایلێکردم خواحافیزی لە غوربەت بکەم و بێمەوە ژووان و بە ڕادەی توانام بەشداریی لەم بوژاندنەوەو ئاوەدانکردنەوەیەی کوردستاندا بکەم.

## دەبا مافەکانمان وەك یەك بێت...

*** دوای گەڕانەوەی بۆ نیشتمان، مامۆستا ساڵح محەمەد ئەمین لە ڕوانگەی خۆیەوە چەند سەرنجێك بە مجۆرە دەردەبڕێت:**

– دەبینم (سلێمانی پالاس)ی ئەمڕۆ لە گەڵ (حەسیب ساڵح)ەکەی دوای ڕاپەڕین دوو دنیای جیاوازن، بەڵام ئاخۆ دانیشتووانە کۆنەکەی ناو حەسیب ساڵح لە ڕووی دەروونییەوە چارەسەر کراون؟!





لێرە هەندێك جار ئاوازێکی نەشاز دەبیسترێت و تیایدا هەست بە جیاوازی نێوان کەسانی حزبی و بەرپرسان و خەڵکی سەربەخۆ دەکرێت، هەروەها تا ئەمڕۆ هەندێك لە مافە ڕەواکانی مرۆڤ پێشێل دەکرێن، کە دەبێت کۆتایی بەوانە بێت، پێویستە لێهاتوویی و کارامەیی مرۆڤ لە دانانیاندا ڕۆڵ ببینن و کەسی شیاو لە جێگای شیاوی خۆیاندا بن.

*** پاشان سەبارەت بە کوردەکان کە لە دەرەوە ماون وتی:**

– ئەوان هەر بە جەستە لەوێن، تەنانەت سەرجەم ئاوارەکان بە گیان و هۆشەوە هەر لە ناو کوڵان و گەڕەك و کونج و شارەکانی ئێرە دەژین، دیارە هەمیشە (بەرد لە جێی خۆی سەنگینە).

*** کاکە زریان باهیر-ی هونەرمەندیش دوای گەڕانەوە دەڵێت:**

– کە هاتمەوە بە دیتنی ئازادی کوردستان و شارەکەم خەریك بوو شاگەشکە بم، کوردستانی ئەمڕۆ مایەی دڵخۆشی و گەشبینیە بۆ ئایندە و نەوەی نوێ، شیرینی نیشتمانەکەم وادەکات نەچمەوە بۆ ئەوروپا.

*** هاوسەرەکەی زریان، خاتوو پیا بەشداریی قسەی کردین و وتی:**

بەرنامەم هەیە نامەی دکتۆراکەم لە سەر مەسەلەی (ئەنفال)ی گەلی کورد بێت، لەوێش نامەی ماجستێرەکەم پێشکەش کرد بە گیانی پیرۆزی شەهیدێکی گوللەبارانکراو، کە برای هاوسەرەکەی خۆم بووە.

## کوا دەزگایەکی تایبەت بە پێشوازیی ئەوانەی دێنەوە؟!

* هەر لە باسی دوێنێی سەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆردا، مامۆستا جەعفەر وتی:

– منێك، لە تاریکترین ڕۆژانی سەختی مێژووی ئەم گەلەدا، ڕۆژانی هەڕەشە لەناوبردن، بڕوام بە بەرنگاربوونەوە بووە، دڵنیا بووم ملی ڕژێم

دەگرین و بەزەویدای دەدەین، بە چاوی خۆم (هەڵۆی سوور) م لە کۆڵانە تەنگە بەرەکانی بەغدادا بینیوە ترس و لەرزی لە دڵی دەزگا تۆقێنەرەکانی ڕژێمدا چاندووە.

* *پاشان وتی:* سیمۆنی دراوسێم گوتی: (تۆ بۆ دەگەڕێیتەوە، ژیانی تۆ لێرە مسۆگەرترە، نەك لەوێ، بارودۆخی شارەکان ئارام نییە و هەر ڕۆژە بۆمبێك لە بن دەستا دەتەقێتەوە... منیش پاش دووەم جەنگی جیهانی لە (میامی) یەوە بۆ ناو جەرگەی وێرانگەکانی بەرلین گەڕامەوە، نیشتمانی ڕزگارکراوی سوتێنراو و خۆڵەمێشی باوەشی بۆ کردینەوە، نیشتمان پێویستی بە هەموو کەسێکە...).

کوردستانیش پێویستی بە هەموو ڕۆڵەیەکی دڵسۆزە، هەر کەسێك بتوانێت برینێك ساڕێژ کات و بەردێك لە سەر بەردێکی تر دانێت و هەر کەسێك بتوانێت دوو قسەی خێر بکات و بنووسێ، بەڵام دەزگایەکی تایبەت بۆ پێشوازی و ڕێپیشاندان نییە، ڕەنگە دەیان کەس بە گەرمی لە ئامێزت بگرن و یەك دوو کەسیش بە لالوتەوە سەیری بڕوانامە و بەڵگەکانت بکەن. دەبێت هەر دوو دیاردەکە ئاسایی بێت، نە ئەمەیان زۆر دڵت خۆشکات و نە ئەوەیان دڵتەنگ کات و لە گەڕانەوە پەشیمانت کاتەوە، ئێمە ڕێگەیەکی زۆر دوورو درێژمان لە پێشەو جاریٚ زۆرمان ماوە، سەبرو بیندرێژی زۆر پێویستە.

## ئەی ئێمە کەی دێینەوە؟!

تا ئەمڕۆ خەڵکێکی یەکجار زۆر لە دەرەوە نیشتەجێن، بەڵام ئاخۆ زۆرێك لەوانە کەی بڕیاری گەڕانەوە دەدەن؟

ئەمە پرسیارێکە و دووان لەو بەڕێزانەی بە سەردان هاتبوونەوە کەوتنە ئاخاڤتن.





* ***یەکەمیان کاك کاروان عەلی (پێشمەرگە و ڕێکخستنی بەر لە ڕاپەڕین کە چەند ساڵێکە لە لەندەن دەژی)، ئەو وتی:-***

- دیارە کوردستان بە دەست داگیرکەرانییەوە زۆری پێکراوە، نەبوونی سەرجەم مافە مرۆییەکان سیمای هەرە دیار بوون، هەڵبەت ڕاپەڕینی 1991 گۆڕانی گەورەی خوڵقاند، بەڵام دوژمنانی کورد هەڕەشەیەکی گەورەی بەردەم ئاوەدانکردنەوەو گەشە پێدان بوون.

پرۆسەی ڕزگارکردنی بەشە ژێر دەستەکەی کوردستان و سەرا پای عێراق لە بەهاری 2003 دا وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو... تەنانەت دڵە ساردەوەبووەکانیش گەرم بوونەوەو لە هیواکاندا ئاسۆ دەرکەوتووە.

من دڵنیام کە دەسەڵاتی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا بە بێ هاوکاریی گەل ناتوانن دەستکەوتەکان بپارێزن و گەشەیان پێبدەن.

ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر هەل ڕەخساوە، بەڵام تواناکان بەرامبەر خواستەکان و لە ئاستی گەشە کردنی سەرانسەریدا نین، ئەمڕۆ کورد پێویستی بە وزەو توانا و عەقڵەکان هەیە... کەواتە هەلی باش ڕەخساوە بۆ گەڕانەوە، بەڵام کەی و چۆن... کەسانی وەك ئێمە کە لەوێ هەر هەموو پێداویستیەکی ژیانمان بۆ ڕەخساوەو گرفتێکمان نییە و بەرامبەر کارکردنمان مافەکانمان مسۆگەرە، لەوێ ئارەزوومەندانە ژیان بە سەر دەبەم، بەڵام هەر بە جەستە لەوێم و دڵم هەر لێرەیە، هەستدەکەم ناسنامەکەشم هەر لێرەیەو ئەمڕۆ سبەی لە دەرفەتی گونجاوترەوە دێمەوەو دەستدەکەمەوە ئامێزی خەونەکانم، دێمەوە بۆنی یادەوەرییەکانم دەکەمەوە، لە جێگایەکدا منی پێویست بێ خزمەتی گەلەکەم دەکەم و بە ئازادیی گوێ لە سترانەکانی ئایندە دەگرم و چاو دەبڕمە تریفەی مانگە شەوێ کە جوانییەکانی تیا ببینمەوە.. ئەوەی جاران دیتنیان یاساغ بوو.

## دەتوانین چی بۆ گەلی خۆمان بکەین؟

** هاوڕێی دووەممان کاك سەردار فەتاح ئەمین-ی نووسەرو ڕووناکبیر کە ساڵانێکە لە تاراوگە لە ( هۆڵەندا ) دەژی، ئەویش وتی:*

- ئەم قۆناغی گواستنەوەیە زۆرێك لە کوردانی خستۆتە بەردەم جۆرەها پرسیارو ڕامانی چارەنووسسازانەوە، دوای ڕاپەرین خەڵکی کورد بەلێشاو کۆچیان کرد، بەلاّم ئەوانەی جێگای خۆیان کردۆتەوە جێدەستیان لە دەرەوە دیارە زۆر نین، زۆرینەی کورد لە دەرەوە خاوەنی شتێکی ئەوتۆ نین، زۆربەی گەنجەکان خاوەنی ئیقامە نین، تەنانەت پسووڵەیەکی هامشۆکردنیان نییە!

جگە لەو نەخۆشییە کۆمەلاّیەتییانەی تووشی خێزانە کوردەکان بوون و لە یەکتر دەترازێن، باشە دەبێت بەرامبەر ئەوانە دەسەلاّتی کوردی چ ڕێگاو شوێنێك بگرێتە بەر، ئەمانە تێڕامانیان دەوێت، چارەسەریان دەوێت، باشە بەر لە گەڕانەوە نابێت بپرسین ئاخۆ کە هاتینەوە چیمان بۆ ئەم ولاّتە پێدەکرێت؟

ئێمە کە بێ بەرنامە کۆچمان کرد هەر بە بێ بەرنامەش بگەڕێینەوە؟!

تا ئێستا چارەنووسی کوردستان نادیارەو خەڵکەکەی بەرنامەی ڕوونیان نییە بۆ کارکردن، بەڕای من (کۆچی پێچەوانە ) کاتێك دەستپێدەکات کە حکومەتەکەمان یەکگرتوو و سەقامگیر بێت نابێت هەر کەسێك لە دەرەوە گەڕایەوە چاوی لە کورسی و پلە و پایە بێت.

خۆ منیش ڕۆحم بەم ولاّتەوە گرێدراوەو هەموو ساڵانی دەرەوەش دڵم لێرە دانا بوو، بەلاّم بابەرنامەوەبێینەوە، تا ئێستا گرفتی بەردەم گەڕانەوە زۆرن، کەواتە گرفتی جێگەو ڕێگە و نیشتەجێبوون، گرفتی منداڵ و خێزان و ژیانی کۆمەلاّیەتی و گرفتی ناسەقامگیری ئابوریی.

لە کوردستانی نوێ ژمارە (3277) ڕۆژی هەینی 2004/1/23 )بلاّوکراوەتەوە

تێبینی:بە هاوکاری برای ڕۆژنامەنووس (یاسین قادر بەرزنجی) ئەم ڕێپورتاژە ئەنجامدراوە





## دوای ئاوەدانکردنەوە، چۆڵکردن بۆچی؟

گوندەکانی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ چۆڵدەکرێن، وێڕای ئەوەی حکومەتی هەرێم پرۆژەکانی چڕ دەکاتەوە بەلاّم ژیان لە گوندەکاندا گرانتر بووە لە جاران، داوای خەڵکەکەش زیادیکردووە، کوردستانی نوێ دەیەوێت لە چەند بەشێکدا کێشە و هۆکارەکانی چۆڵکردنی گوندەکان بخاتە ڕوو.

( ئێستا گوندەکەمان 106 ماڵە، پێشتر 130 ماڵ لەم گوندەدا دەژیان، هۆکارەکەشی کەمیی خزمەتگوزاریی بۆ گوندەکەمان و بێ بەهایی بەروبوومی جوتیارانە، کە خەڵك کۆچ بکات بۆ شار)، ڕزگار شەریف ئەحمەد ئەنجومەنی گوندی ئاوەکورتێ، هەر لە سەرەتای گەشتەکەمدا کە دوو ڕۆژی خایاند، بەم ڕستانە دەستییپێکردو ڕازی گوندنشینانی سنورەکەی دەدرکاند.

بە مەبەستی بە سەر کردنەوەی ناوچەی شاربازێر لە شاری سلێمانییەوە کەوتمەڕێ، دیمەنی جوانی ئەزمڕ و گۆیژە مرۆڤ سەرسام دەکەن، ئەوەی لە ڕێگەی ئەزمڕ بەدیمکرد خرا پیوونی ڕێگای سەرەکییە، لە چەند شوێنێکدا بە هۆی کەمتەر خەمی هاتووچۆی سلێمانی کە ڕێگە بە هەندێك لە ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان دەدات، تاوەکو لە زۆر شوێندا ڕێگاکە بکەن بە فەرشی لوولکراو، بە بیانووی ئەوەی هەندێ کۆمپانیا کار دەکەن.

دوای ئەوەی دەگەیتە قەلاّچوالانی پایتەختی ئیمارەتی بابان دوو ڕێگە دێتە پێش چاوت، یەکێکیان بەرەو باکووری ڕۆژهەلاّت دەتباتە مەڵبەندی قەزای شاربازێر کە چوارتایە، ڕێگەی دووەم ڕووەو ڕۆژئاوا بەرەو ناحیەی ماوەت پێشوازییت لێدەکات.

## سەرنجدان

ئەوەی لەم ناوچەیە بەدیدەکرێت و پەیپێدەبرێت لە گەڵ ئەو هەموو جوانییەی سروشتی ناوچەکە ئارامیی و ئاسایش و پاکی ئەوێیە، چونکە لەو هەموو گۆڕانە کۆمەڵایەتییە مەترسیدارانە، ناوچەی شاربازێر هیچ لێڵ و تەڵخبوونێکی نەگرتووەو بێگەرد ماوەتەوە، کە دەکرێت وەك شوناسی جوانی کوردەواریی بیناسێنین، جگە لەوە تا ئێستا کەمترین کاری دزێویی کۆمەڵایەتی وەك دزی و کوشتن لەم ناوچەیە بەدینەکراوە.

کاتێك لە ( ماوەت ) دەردەچیت و دەگەیتە گوندی ( کانی بی ) ، بە هۆی کۆچکردنی دانیشتوانەکەی تەنیا 2 ماڵی لێماوە، پاشان دەگەیتە گوندێکی زۆر دڵگیرو پڕ لە سەوزایی کە بە گوندی ( شەهید مامۆستا غەفور ) ناوی دەرکردووە ئەویش گوندی ( ژاژڵەیە )، بە داخەوە کۆچ یەخەی ئەم گوندە جوانەشی گرتووە، لە 30 ماڵ تەنیا چەند ماڵێکی لێماوە، لەوێشەوە دەگەیتە گوندی ( هە نجیرە سوورە ) کە بە تەواوی چۆڵکراوە بە هۆی کۆچی گوند بۆ شار، ملی ڕێگەمگرت بەرەو گوندی ( ئاوەکورتیٚ ) کە تاوەکو بەو گوندە دەگەیت جادەی قیرە.

## چاوەڕوانی

هەر کە گەیشتمە ( ئاوەکورتیٚ ) زانیم کەسێك چاوەڕێیە بمانبینیٚ و پێداویستی ناوچەکەمان بۆ باسبکات، دوای ئەوەی بردینیە بارەگاکەی خۆی و پشووماندا، بەرەو ناو گوندی ( ئاوەکورتیٚ ) بەڕێکەوتین.

سەرەتا سەردانی دواناوەندیی ( ئاوەکورتیٚ ) مان کرد، مامۆستا عەبدوڵلا عەزیز حەمە ساڵح وایدایە قەڵەم، کە ڕێژەی خوێندکارەکانیان بەرەو





کەمبوونەوە دەڕوات، ئەویش بە هۆی نەبوونی مامۆستاو کۆچکردنی خەڵکی گوندەکە بۆ سلێمانی.

مامۆستا عەبدوڵلا هۆکاری ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ کەمیی خزمەتگوزاریی پێویست و نەبوونی جێگەی مانەوەی مامۆستایان، ئەو پێیوابوو: بۆ ساڵانی داهاتوو دواناوەندییەکە بکرێتە ناوەندیی، ئەم خوێندنگەیە پار 135 خوێندکاریان هەبووە، بەڵام ئەمساڵ 115 خوێندکاریان هەیە، کە بە چوار مامۆستا خوێندنگەکە بەڕێوە دەبەن.

ئە نجومەنی گوندەکە کە لە گەڵماندا بوو وایڕوونکردەوە، کە چەندین جار داوایانکردووە بیری ئێرتیوازیان بۆ لێبدەن ، چونکە ئەم گوندە ئاوی کەمە، بەڵام نەهاتوون بە دەنگیانەوە، تەنانەت لە وەرزی زستاندا نەوتیشیان نادەنیٚ و پێیاندەڵێن، بڕۆن چیلکەو دار بسووتێنن، هەر خۆشیان دەڵێن ، داربڕین قەدەغەیە، هەروەها دەڵێت: ( ئاگاداری بەرپرسانی ناوچەکەمان کردووە کە غازمان بۆ بنێرن، چونکە چەند جارێك لە ناحیەی ماوەت دابەشکراوە، ئەوەشیان بۆ ڕانە پەڕاندین ) ، هیوا ئەحمەد ساڵح بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی ئاوە کورتیٚ گلەیی لەوەکرد: کە قوتابخانەکەیان پێویستی بە بیری ئێرتیوازی هەیە لە گەڵ فراوانکردن و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکە، جگە لە پێویستی شوێنی مانەوەی مامۆستایان، ئەو دەیووت: ( لە ساڵی 1992 قوتابخانەکەمان کراوەتەوە، ئێستا ژمارەی قوتابیان130 قوتابییە، بەڵام پار 200 قوتابیمان هەبووە )، ئەم کەمبوونەوەیشی گەڕاندەوە بۆ کۆچکردنی خەڵکی گوندەکە بۆ شار.

پاشئەوەی گوندی ( ئاوەکورتیٚ ) مان بەسەرکردەوە لە گەڵ ( بەرزان بەکر ) کە دانیشتووی یەکێك لە گوندەکانی ئەو ناوچەیە بوو بە ناوی گوندی ( کانی

چنار) ئەو پیاوە ئەوەندە بە تەنگ ناوچەکەیەوە بوو هەستی دڵسۆزیی و خۆشەویستی لە ناخیدا بەدیدەکرا، ئەو نیوەڕۆیە لە ماڵی ئەوان ئارامانگرت، بۆمان دواو وتی: ( شەش گوندی ئەم ناوچەیە کە نزیکن لە یەکەوەو عیساویٚ مەڵبەندەکەیانە، کە ئەویش زۆر بێنازە، حەز دەکەم خۆتان سەردانی گوندەکە بکەن و بزانن چەندە پێویستی بە دەستی هاوکاریی هەیە، ئەمە جگە لەو ڕێگا خراپ و پڕ چاڵو چۆڵەی کە خۆتان بینیتان)، لەسەرو ئەمانەشەوە گلەیی لەوە هەبوو کە لە ناحیەی ماوەتەوە کارەبا گەیشتووەتە ئاوەکورتیٚ و تەنیا یەك کیلۆمەتر لە گوندەکەی ئەمانەوە دوورەو ئەمانیان نەخستۆتە بەرنامەوە.

سەردانی قوتابخانەی ( عیساویٚ ) م کرد کە مرۆڤ ساتیٚ لێی نزیك دەبێتەوە تەزووی ترس بە گیانیدا دێت، چونکە لایەکی ڕووخاوەو کورسی قوتابیان بێنازە گڵو خۆڵی زۆریان لە سەرە، ئەو منداڵانەی لەو قوتابخانەیە وانە دەخوێنن دەبیٚ چی فێربن لە ترس و دڵەڕاوکیٚ بەولاوە؟ ، مامۆستا تۆفیق عەبدوڵلاٚ بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دەیووت: ( چەند جارێك داوامان لە پەروەردەی سلێمانی کردووە کە بینامان بۆ بکەن بەلاٚم نەهاتوون بە دەنگمانەوە، خرا پیی قوتابخانەکە وایکردووە پۆلی پێنجەم و شەشەم ئەمساڵ بنێرین بۆ ئاوەکورتیٚ و ژمارەی قوتابیانیش کەمیکردووە لە 72 قوتابی بووەتە 15 قوتابی، بەڕێوەبەر پێیوایە: ئەگەر بینایەکی قوتابخانە لێرە دروستبکرێت 6 گوند لێی سوودمەند دەبن.

گوندی ( عیساویٚ ) مان بەجێهێشت و لە ڕێگەی گوندی ( بەرد بەرد ) چەند خانوویەکی ڕووخاومان بەدیکرد کە دیمەنی ئەو ماڵانە تەواو بێزاری دەکردی، چونکە کەسی لێنەدەژیا، پرسیم ئەمە بۆ وایە؟! پێیانووتم ئەم گوندە ناوی





( شیوی دریشاویٚ ) یە چۆڵبووەو ئاوای بەسەرهاتووە، چەند وێنەیەکم گرت و بەجێمانهێشت، پێش ئەوەی بگەینە گوندی ( بەرد بەرد ) شیعرێکی شاعیر جەمال شاربازێریم بیر کەوتەوە کە دەڵێت:

*لە بەرد بەرد وەکو مەلی دڵنیا*
*مانای سەربەستی ژیان ئەزانم*
*کام بن بەردم ویست بچم لە بنیا*
*تێر بچریکێنیٚ ئەسغەری گیانم*

ساتیٚ گەیشتمە ( بەرد بەرد ) ئاسوودەیی بە ڕۆحم گەیشت بە بینینی کە پکە شاخ و ڕەوەزی جوان لە هەمانکاتدا نیگەرانی ئەوە بووم کە لە 5 ماڵ تەنیا 2 ماڵی لێمابوو، بەرەو پردی ( بەرد بەرد ) و ( شینکی ) بەڕێکەوتین، ئەو پردەی ناوچەی شینکایەتی بە گوندەکانی ئاوەکورتیٚ دەبەستێتەوە، بە هۆی زۆریی باران و لافاوی ئەمساڵ دەورووبەری پردەکە بنکۆڵ بووە، چونکە ئاوەکە بەسەریدا ڕۆیشتووە، بەرزان وتی: ( داوامان کردووە کە بێن بە هانایەوە، ڕێگاوبان شۆفلێکیان نارد، بەلاٚم نەگەیشتە پردەکە و گەڕانەوە ).

حسێن عەباس محەمەد خەڵکی گوندی شینکی پێیوایە، ناوچەکەیان وەك پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوەو هەر ئەمەش وایکردووە خەڵکەکەی بەجێبیبێڵن و کۆچبکەن بۆ شار، ئەو دەیووت: ( گوندی شینکی 15 ماڵ بوو، بەلاٚم ئێستا تەنیا 4 ماڵی لێماوە ).

جگە لەوە ڕێگەی گوندەکانی تر بە هۆی لافاوی ئەمساڵ وێرانبوون و ئۆتۆمبێل ناتوانێت هاتووچۆ بکات، بە تایبەت ڕێگای نێوان ( شینکی ) و ( باساویٚ ) پردی ( بەرد بەرد ) یش وێرانبووە.

## داوایەكی تر

هەموو گوندەكانی ئەو سنوورە داوایاندەكرد بورجی مۆبایل دابنرێت، تـا خەڵكی ناوچەكە لەو خزمەتەی سەردەم بێبەش نەبن.

كاتێ سەردانی گوندەكانم دەكـرد لای خـۆم تێبینـیم دەكـرد، كـە ژمـارەی دانیشتووانی گوندەكان ساڵ بە ساڵ كەمدەبێتەوە بە هۆی كۆچی پێچەوانە لـە گوندەوە بۆ شار.

لە گوندی گەلاڵەوە دەستپێدەكەم كە سـاڵانی پێشوو ( 350 ) مـاڵی تێدا بوو ئێستا ( 250 ) ماڵ، دواتر سەفرە، ساڵان ( 50 ) ماڵ و ئێستا ( 23 ) ماڵ، زەرون، ( 20 ) ماڵ و ئێستا یەك ماڵی لێیە، كەماڵان، جاران ( 13 ) ماڵ بوو ئێستا ( 2 ) ماڵی لێماوە، شینكی جاران ( 17 ) ماڵی لێبووە، كە ئێمە چووین ( 3 ) ماڵی لێبوو، باساوێ لە ساڵانی پێشوودا ( 6 ) ماڵ بووە، ئێستا ( 3 ) ماڵە، بەرد بەرد ساڵی پار ( 5 ) ماڵی لێبوو، كە ئێمە چووین ( 2 ) ماڵی لێمابوو، كانی چنار ساڵان ( 8 ) ماڵ بوو، ئێستا ( 4 ) ماڵی لێیە، شێوی دریشاوێ، ساڵان ( 3 ) ماڵ، ئێستا چۆڵكراوە كەسی تێدا نەماوە، خەزێنە ساڵی پار ( 10 ) ماڵی لێبوو، ئەمساڵ ( 4 ) ماڵی تێدا ماوە، عیساوێ ساڵان ( 30 ) ماڵی لێبوو، ئەمساڵ ( 4 ) ماڵی تێدا ماوە، كانی بی ساڵی پار ( 20 ) ماڵ بووە، ( 2 ) ماڵی لێماوە، ژاژڵە جاران ( 30 ) ماڵ بووە، ئێستا یەك ماڵی لێماوە، هەنجیرە سوورە جاران ( 20 ) ماڵی لێبووە، ئێستا چۆڵكراوە، ئاوەكورتێ زۆرترین ماڵی لێبووە كە ( 130 ) ماڵ بوو، ( 106 ) ماڵی لێماوە، گڵۆمان جاران ( 10 ) ماڵی لێبوو، ئێستا ( 2 ) ماڵی تێداماوە، كۆلكە ساڵی پار ( 15 ) ماڵی تێدا دەژیان، ئەمساڵ ( 6 ) ماڵی تێداماوە، گوڵێ ساڵان ( 30 ) ماڵ بوو، ئێستا ( 6 ) ماڵە، شەشۆ لە ( 40 ) ماڵ تەنیا ( 10 ) ماڵی تێدا





ماوە، بەرتەنگ ساڵی پار ( 8 ) ماڵی تێدا بوو، ئێستا ( 2 ) ماڵی لێیە، قەلاتە لە ( 6 ) ماڵ، یەك ماڵی تێدا ماوە، بولخوان لە ( 15 ) ماڵ، چۆڵكراوەو مۆلان لە ( 8 ) ماڵ هەمووی چۆڵكراوە، سەرگەڵو لە ( 30 ) ماڵ ( 7 ) ماڵی تێدایەو ئەزمەك لە ( 10 ) ماڵ، ( 8 ) ماڵی لێیە.

لەكوردستانی نوێ ژمارە (4164) ڕۆژی سێشەممە (2007/1/9)بلاوكراوەتەوە

# گوندەکان بەشێکن لە بەرنامەی بەڕێوەبەرێتی هۆشیاری مین

بەڕێوەبەرێتی هۆشیاری مین لە پێناو زیاتر وشیارکردنەوەی منداڵان و پاراستنی گیانیاندا، لە دوو گوندی شارباژێر خولی ئارەزووی منداڵانیان بۆ (6) گوندی شارباژێر کردووەتەوە، خولی گوندی (ئاوەکورتێ) بۆ گوندەکانی (بەرتەنگ و عیساوێ و ئاوەکورتێ)، کە زیاد لە (110) منداڵ بەشدارییان تێداکردووە، خولی گوندی (ئارووزەری)ش بۆ گوندەکانی (دەرەمیانەو ئارووزەرو بەیانە) کە زیاد لە (80) منداڵ بەشدارییان تێداکردووە، ئەم خولانە لە سەرەتای مانگی ئەیلولدا دەستپێکردووەو بۆ ماوەی مانگێک درێژە دەکێشێت.

## خولەکان

محەمەد شێخ تاهیر نەقیب بە گیانێکی زۆر لە خۆبوردووانە کار ئاسانی بۆ خولەکان دەکردو، زۆر خۆشیان دەویست، ئەو دەیووت: ( وەك بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری مین، هەوڵ و کۆششی زۆرماندا تا ئەم خولانە بکەینەوە بۆ ئەوەی ئاستی وشیاری منداڵانی گوندنشین بەرزبکەینەوە )، هەروەها وایرووونکردەوە ، کە هەوڵیانداوە شوێنە دوورەکان هەڵبژێرن کە منداڵەکانیان بێبەشن لە مجۆرە خولانە، هەروەها دیاریکردنی ئەو گوندانەی ژمارەیەکی زۆر مین یان تێدایە تا قوربانییەکان کەمبکرێنەوە. سەبارەت بە ئەو بەشانەی خولەکانی لە خۆگرتووە وتی: ( ئەم خولانە لەم بەشانە پێکهاتوون، بەشی وشیاریی مین، تەندروستی و کۆمەڵ، مۆسیقا و گۆرانی، شانۆ، وەرزش،





شێوەکاری )، ڕۆژانە لەم خولانەدا چوار وانە دەخوێنرێن، سەعات ( نۆ ) دەستپێدەکات بۆ ( دوانزەو نیوی ) نیوەڕۆ.

ئەو مامۆستایانەی وانەکان دەڵێنەوە لە سلێمانییەوە ڕۆژانە دێن و تایبەتن بە بواری وانەکان، هەر مامۆستایەك پێیوابوو کە فێرخوازەکان سوودیان لێبینیوە.

مامۆستا تەها ئەبوبەکر لێپرسراوی بنکەی تەندروستی ئارووزەر وانەی تەندروستی و کۆمەڵ دەڵێتەوە، منداڵانی فێری بواری خۆپاراستن و تەندروستی کردووە لە خولەکەدا.

مامۆستا نەجمەدین عومەر حسێن، لە ناو گۆڕەپانەکەدا بە جلوبەرگی وەرزشییەوە منداڵانی فێری وەرزش دەکرد، لە گەڵ ئەوەشدا سەرپەرشتی هێنانی منداڵانی دەرەمیانە دەکات بۆ گوندی ئارووزەر، چونکە خۆی بەڕێوەبەری قوتابخانەی دەرەمیانەیە.

پاش ئەوە سەردانی لێپرسراوی خولی ئاروزەرم کرد کە عادل میرزا ئەحمەد بوو، ئەو دەیووت: ( خەڵکی گوندەکان لە سەرەتادا بەدەم خولەکەوە نەدەهاتن، بەڵام لە دوایدا بە پێچەوانەوە بوو ).

پشتیوان بەکرو ڤیان خدرو سورکێو ئیسماعیل و شاگوڵ کەمال و نیشتیمان محەمەد و هێرۆ عەبدوڵلا هەر یەکەیان زۆر خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی کە لەم وەرزی پشوودا ئەم خولانەیان بۆ کراوەتەوەو، داوایان دەکرد کە بە بەردەوامی خولی تریشیان بۆ بکرێتەوە تا وەك منداڵانی شارنشین ئەوانیش سوودمەند بن.

سلێمان حەمە ئەمین، بەخێوکەری یەکێك لە منداڵەکان بەشداریکردووە، ڕازییە بە خولەکە، بەڵام داواکارە کە خولی کۆمپیوتەر وزمانی ئینگلیزیشی تێدا بێت.

**هەروەها عێزەت حەمە فەرەج –یش بە کارێکی زۆر شارستانی و پێشکەوتنی دەدایە قەڵەم و ئەو دەیووت: ( چاوی منداڵەکانمان زیاتر کراوەتەوە ).**

لەکوردستانی نوێ ژمارە (4073) ڕۆژی پێنجشەممە 2006/9/14 بڵاوکراوەتەوە.





# کۆچی پێچەوانە.. لە گوندەوە بۆ شار

کۆچکردنی گوندنشینەکان لە لادێکانەوە بۆ شارو شارۆچکەکان لەم کات و ساتەدا، بووەتە دیاردەیەکی بەرچاو، ئەم کۆچەش لە ڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە کاریگەری خراپ بەجێدەهێڵێت لە ڕووی ئابورییەوە وڵاتەکەمان پشتی بەستووە بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کە سەرچاوەکەیان لە گوندەکاندایە لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە چۆڵکردنی گوندەکان و ڕووکردنە شارەکان دەبێتە هۆی قەرەباڵغی لە شارەکاندا و تێکچوونی شێوازەکانی ژیان لە بوارە خزمەتگوزارییەکان و نەبوونی شوێنی نیشتەجێ و گرانبوونی، گرنگی گوندەکان لەو کاتانەدا هەستی پێکراوە کە ئابڵووقەی ئابوریی لە سەر کوردستان بووەو گوندنشینەکان بە لێشاو هانایان بردووە بۆ گوندەکان تا بتوانن خۆیان لەو تەنگژە ئابورییە ڕزگار بکەن، جگە لەمانەش کۆچ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە بە هۆی فراوانبوونی بازاڕو خستنەگەڕی سەرمایەیەکی زۆر کە پێویستی بە هێزی کارە، دێتە ئاراوەو بەرژەوەندیی کەسانی بەکارهاتوو وەک هێزی کار بە بەراورد لە گەڵ بوونیان لە گوندەکاندا جیاوازییەکی گەورەی هەیە، چونکە خەڵکی لە شارەکان سوودمەندتر دەبن وەک لە گوندەکان.

تا هاوکێشە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان بە وردی بخوێنرێتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە بەرنامەیەکی گونجاو دابنێت بۆ ئەم دیاردەیە.

## هەژاریی گوندنشینەکان، وای کردووە نەگەڕێنەوە

هاووڵاتی هاوار عەبدوڵڵا، خەڵکی گوندی شەدەڵە، هەروەکو خۆی دەڵێت: گوندەکەیان پێش ساڵی (1988)، (180) خێزانی تێدا بووە، بەڵام ئێستا تەنها (60) خێزان ماونەتەوە لە بەر هەژاری خەڵکی ناتوانن بچنەوە خانوو دروستبکەن و کەسیش هاوکارییان ناکات. هەروەها دەڵێت: گلەیی لە حکومەت دەکەم بۆچی سلفەی خانووبەرە شارەکان دەگرێتەوە، بەڵام گوندەکان ناگرێتەوە. پاشان وتی: بە هۆی گواستنەوەی گوندەکان لە لایەن ڕژێمەوە بۆ ئۆردوگاکان و پێدانی خانوو بۆیان و حکومەتی هەرێمیش گرنگیی بە ئۆردوگاکان زیاتر داوە، بۆیە خەڵکی ناگەڕێنەوە.

پاشان هاووڵاتی گوڵزار عەباس، خەڵکی قەڵادزێ وتی: من حەز دەکەم بگەڕێمەوە بۆ قەڵادزێ، بەڵام لە بەر بێتوانایيم ناتوانم بگەڕێمەوە، هەر چەندە لێرە کرێچیم و هیچ بژێوییەکم نییە و لەوێ زەویی کشتوکاڵیم نییە و ئێرە باشترە، تەنها دوو کچ و کوڕێکی بچووکم هەیە و کەس هاوکاریمان ناکات و مێردم نییە.

هەروەها هاووڵاتی سدیق محەمەد ئەمین، خەڵکی گوندی گەدان لە شارەزوور وتی: گوندەکەمان پێش ڕاپەڕین (20) ماڵ بوو، بەڵام ئێستا تەنها (5) ماڵی لێیە، خزمەتگوزاریی پێشکەش بە ئێمە نەکراوە، چونکە ڕێگاوبانەکانی خراپە و ئاوو کارەبای نییە و لە هاویندا ئاوی خواردنەوەمان نییە. هەروەها وتی: کۆمەڵگای عەربەت وای کردووە کە خەڵکی نەگەڕێنەوە، چونکە لەوێ باشتر دەژین وەك لە گوندەکان.

هەر سەبارەت نەگەڕانەوە بۆ گوندەکان، ئەحمەد ساڵح خەڵکی گوندی بانی خێڵان لە قەرەداغ وتی: گوندەکەمان ئێستا تەنها یەك ماڵی لێیە، بەڵام





لە پێشدا (16) ماڵ بووە، ئێمە نەمانتوانیوە بگەڕێینەوە لە بەر کەم دەرامەتی و ژیانی لادێ هیچ نرخێکی نییە، چونکە هەر کارێك دەکەیت زەرەری تێدا دەکەیت، کە هیچ نەکرێت و باخ و ڕەزەکانیش ڕژێمی بەعس سووتاندوونی، ئیتر بچین چی بکەین !! من لێرە کرێکاری بکەم باشترە وەك لە گەڕانەوە بۆ لادێ، ئەمە جگە لە بێبەشبوون لەو هەموو خۆشی و شارستانییەی شار.

هاووڵاتی عەتا کەریم ڕەسوڵ، خەڵکی گوندی خەراجیان وتی: پێش ڕاگوێزان گوندەکەمان (85) خێزانی لێبوو، بەڵام ئێستا تەنها (15) خێزانی لێیە. سەبارەت بە نەگەڕانەوەیان بۆ گوندەکەیان وتی: کەسابەتمان لە شار هەیە و هیچ هاندانێك نەبوو لە لایەن حکومەتی خۆمان بۆ ئێمە و بێبەشبوونمان لە کارە خزمەتگوزارییەکان، وای کردووە نەگەڕێینەوە.

## خێزانێکی ئەنفالکراو

بۆ هەمان مەبەست سەردانی خێزانێکی ئەنفالکراومان کردو چاومان بە فاتمە حسێن کەوت، کە خەڵکی گوندی کەلەباشە، وتی: ساڵی (1988) هاوسەرەکەم لە گوندی سوسێ ئەنفالکرا، لە پاش ئەنفال هاتوومەتە شارۆچکەی پیرەمەگرون و نەگەڕاومەتەوە لە بەر دەستکورتی و نەداری، لە ساڵی پارەوە تەنها (200) دینارم وەرگرتووە، وەك کەسوکاری ئەنفالکراو، لەو کاتەوە (9) منداڵم بەخێو کردووە بە هەزار دەردەسەری و نەبوونی و بەناکردنی ماڵان و کۆڵکێشان و دەسکەنەکردن... منداڵەکانم (6) یان کچ و (3) یان کوڕن. ئەگەر هاوکاریمان بکەن، ئامادەین بگەڕێینەوە بۆ گوندەکەی خۆمان.

## لاوانی گوندەکان

سەبارەت بە هەمان دیاردە لاوێك کە دانیشتووی ناحیەی بازیانەو ناوی خالید عەزیز حەمە جوان-ە وتی: ئەگەر بمانەوێت باس لە ژیانی شارو لادێ بکەین، دەبێت باس لە کێشەو گرفتەکانی بکەین و جیاوازییەکانی بخەینە ڕوو. بێگومان لادێکانمان پڕن لە کەموکوڕی، چونکە زۆربەی پێویستییەکان ڕۆژانە کە هۆکارن بۆ هۆشیاربوونەوەو گەشەسەندن و پێشکەوتن، تەنانەت وزەی کارەبا لە زۆر گونددا نییە تا سوودی لێوەربگیرێت بۆ هۆکانی ڕاگەیاندن. بەشە هونەرییەکان کە من و گەنجی لادێ خوازیارو مافی خۆیەتی کە بەشداریی هەموو جموجوڵە ڕۆشنبیرییەکان بکات و هەلی بۆ نەڕەخساوەو کەموکوڕیی زۆر هەیە، بۆیە ناچارم بڵێم: " هاولاتی ژمارە دوو، لادێنشینە".. ئەمانە هۆکارن کە لاوان حەز بە ژیانی گوندەکان ناکەن.

پاشان سەردانی سابیر عومەر – مان کرد، کە کارگێڕی کۆمیتەی ڕێکخستنی شارباژێری (ی ن ك)-ەو وتی: هۆکار زۆرن کە جووتیاران ڕوودەکەنە شارەکان و گوندەکان چۆڵ دەکەن، لەوانە بەروبوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵی نرخ ناکات لە بازاڕداو نەبوونی بواری خزمەتگوزاریی پێویست لە گوندەکانداو زۆربوونی ئیشوکار لە شارەکاندا و بەرزبوونەوەی نرخی کارکردن لە بەرامبەردا بێکاری لە گوندەکاندا . هەروەها زۆربوونی دامەزراندن لە فەرمانگەکانی حکومەت و بەرزبوونەوەی ئاستی مووچە.

بە پێی کاری ڕێکخراوەیی خۆمان کە زۆر سەردانی گوندەکان دەکەین و ساڵانە تۆمارو ئاماری خۆمان هەیە بۆ ژمارەی خێزانەکانی ناوچەکەمان، بۆمان دەرکەوتووە کە دانیشتووانی گوندەکان لە کۆچدان بۆ شارەکان بە ڕێژەی (25٪) بە گشتی و لە هەندێك شوێن دەگاتە (40٪) . دوو نموونەت بۆ باس





دەکەم: گوندی سورەبانی نۆڕك ساڵی (2002) ژمارەی خێزانەکانی (30) خێزان بووە، ئێستا تەنها (11) خێزانی ماوەتەوە یان گوندی قەیوانی بچووك (25) خێزان بووە لە ساڵی (2001) دا، بەلاّم ئێستا تەنها (5) خێزانی لێیە.

سەبارەت بە هۆکارەکانی کۆچی گوندنشینەکان، وتی: لە پێشدا ڕێکخراوە ناحکومییەکان NGO هاوکاریی گوندەکانیان دەکردو ئێستا ئەو هاوکارییە نەماوە، پێشتر بوونی بێکاری لە شارەکانداو گرانیی و بوونی ئابڵوقەی ئابووری و کشتوکاڵ بووە سەرچاوەیەکی بژێوی، کە ئابڵووقە نەما، ئەویش پێچەوانە بووەوە.

یەکێکی تر لە هۆکارەکان، گوندەکان لە سەرەتادا خەڵکی ڕووی تێدەکردن، ئەو دابڕانە زۆرەملێیەی ڕژێم بوو کە لە ئۆردوگاکان کۆی کردبوونەوەو هەستیان لای شوێنەکانیان بوو. هەروەها وتی: بە بۆچوونی من، ئەگەر کار بکرێت بۆ گوندەکان، کۆچ ڕادەگیرێت، لەو کارانە دروستکردنی پرۆژەی پیشەسازی و کشتوکاڵی لە شوێنێکدا بۆ چەند گوندێك و گرنگیدان بە قەزاو ناحیەکان و کردنەوەی خوێندنگاو بەشی ناوخۆیی و نەخۆشخانەی گشتی و کردنەوەی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی بەرهەم.

## بۆچوونی چەند شارەوانییەك

هەر سەبارەت بەم دیاردەیە، سەردانی چەند شارەوانییەکمان کرد، سەرەتا ئاوات محەمەد غەفور سەرۆکی شارەوانیی چوارتا وتی: کۆچ دیاردەیەك نییە تایبەت بێت بە کۆمەڵگەی ئێمە، لە زۆربەی ولاّتانی دنیا ئەم دیاردەیە هەبووە، لە کوردستاندا هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ باری ئابوری.. خەڵك بەردەوام لە هەوڵدایە بۆ ژیانێکی باشتر کە گوزەرانی باشتر بێت لە ڕووی

گەیاندنی خزمەتگوزاریی و شارستانییەوە. یەکێکی تر لەو هۆکارانە ئەوەیە کە خێزانەکان فراوان و زۆر بوون زەوییەکەش هەر هەمان زەوییە، بۆیە وا پێویست دەکات هەندێکیان کۆچ بکەن بەرەو شار یان بازارێك نییە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی و نرخی کەم دەکات.

هەروەها وتی: چارەسەرکردنی دیاردەی کۆچ، پێویستی بە داڕشتنی بەرنامەیەك هەیە لە لایەن حکومەتەوە، بە تایبەت وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری لە هاوکاریکردنی جووتیاران و کردنەوەی خولی هۆشیاری تا باشتر زەوی بەکار بهێنن و دیاریکردنی شوێنی گونجاو بۆ پرۆژەی پێویست لە حەوزی ماسی و شوێنی پەلەوەر. هەقە حکومەت بانقی کشتوکاڵی بکاتەوە تا قەرز بدات بە جووتیاران، جگە لەمانەش هۆکانی بەرهەمهێنان بدرێت بە جووتیار لە ئامێرو کەلوپەل.

هەروەها ئەنجامدانی خزمەتگوزاریی لە گشت گوندەکاندا و بە پێی پێویست.

بۆچوونێکی ترم هەیە کە ئەویش ئەوەیە، مەرج نییە هەموو دامودەزگا حکومی و مەدەنییەکان لە شارەکاندا بن، با گوندەکانیش خزمەت بکرێن، بۆ نموونە: با هەندێك کۆلێژی زانکۆکان بچنە دەرەوەی شار لەو کاتەدا هەم قەرەباڵغی شارەکان کەم دەبنەوەو هەم لە ڕووی هۆشیاری و فەرهەنگییەوە خەڵکی دەرەوەی شاریش سوودمەند دەبن یان دروستکردنی پرۆژەی بەرهەمهێنان لە گوندەکاندا، وەك شیرەمەنی و ساردەمەنی و هەڵگرتنی خواردنی ناو شووشە و شتی تر.

هەروەها سەردانی عوسمان محەمەد گورون-مان کرد، کە سەرۆکی شارەوانی پیرەمەگرونە، وتی: سنوری شارۆچکەی ئێمە جیاوازیی هەیە لە گەڵ





شوێنەکانی تر، چونکە پێکهاتەی پیرەمەگرون لە گوندەکانی قەزای دووکان و ناحیەکانی بنگرد و خەلەکان و سورداش و جگە لە کۆمەڵێك خەڵکی شوێنەکانی تر، دروستبووە. ئەم پێکهاتەیەش جووتیارییەو خەڵکی گوندنشینن، ڕژێم لە ساڵی (1988) لە پاش ئەنفالەکان پیرەمەگرونی کرد بە ئۆردوگا و خەڵکی تێدا نیشتەجێکرد، لێرە ئەو دیاردەیە بەدیدەکرێت و دەتوانین بڵێین: ڕژێمی بەعسی ڕووخاو یەکەم هەنگاوی ناوە تا لادێکان نەهێڵێت بۆ کپکردنی شۆڕشی کوردو سڕینەوەی کولتوری نەتەوەییمان و داڕمانی ژێرخانی ئابوریی میللەتەکەمان.

من هۆکارەکانی کۆچ بۆ شارەکان دەگێڕمەوە بۆ بڕیاری (986) کە بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراك و خەڵکیی لە برسێتی و گرانی ڕزگار کردو نەبوونی خوێندنگای پێویست بۆ پلەکانی خوێندن و نەبوونی خزمەتگوزاریی لە گوندەکاندا هەر لە ڕێگاروبان و نەخۆشخانەو کارەباو ئاوو گۆڕانی بواری بژێوی و ئاستی گوزەران وای کرد کە خەڵك بە شێوازی جاران ڕازی نەبێت.

هەروەها وتی: بوونی هێزی کار لە لایەن خەڵکی گوندنشین، لەماڵێکدا (4) کوڕی گەورە هەیە کار دەکەن لە شارو دەتوانن بەرهەمی زیاتر بەدەستبهێنن و مووچەش کە ئاستی بەرزەو خەڵکی زۆر دادەمەزرێت و دابەشکردنی زەوی بە سەر زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵدا بە بێ بەرنامە، چونکە زۆربەی گوندنشین لە شار زەوییان وەرگرتووە، بەو هۆیەوە دێنە ناو شار یان زەوییەکەی دەفرۆشێت و دەیدات بە ئۆتۆمبێل و لە شار کاری پێدەکات. یەکێکی تر لە هۆکارەکانی کۆچ، چوونە دەرەوەی لاوانی گوندەکانە بۆ ئەوروپا و ناردنەوەی پارەیەکی زۆرو کڕینی خانوو لە شارو بەجێهێشتنی گوند.

## وتەی مێردمنداڵێك

لە کاتی سەردا نمان بۆ ناوچەکان، ئەوەی بەدیمان کردو لامان سەیر بوو، وتەی ئەو مێردمنداڵەی کە خەڵکی گوندی کرژەی نزیك پیرەمەگرون بوو، لە وەڵامی ئەوەی کە مامۆستا پێی دەڵێت بۆچی ناگەڕێنەوە بۆ گوندەکەتان؟ وتی: مامۆستا.. خەڵك بەرەو پێشەوە دەڕوات یان بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە.

وتەی ئەو مێرد منداڵە زۆر هەڵدەگرێت و چەندین ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابوری لە پشت بۆچوونی وەرگری کەسێکە لەو تەمەنەدا.

هەر سەبارەت بەم دیاردەیە، سەردانی خاتوو گوڵستان عەبدوڵلاّ کۆیی-مان کرد کە لێپرسراوی کۆمیتەی ژنانی پیرەمەگرونە، وتی: بە بۆچوونی من، هەندێك هۆکار وایان کردووە کە خەڵك ڕوو لە شارەکان بکەن، لەوانە ڕژانی پارەیەکی زۆر لە شارداو دواکەوتوویی ژیانی خەڵکی گوندەکان و بێبەشبوونیان لە خۆشییەکانی ژیان و پاك نەکردنەوەی زۆر لە گوندەکان لە مین و تەقەمەنی، بە تایبەتی زەوییە کشتوکاڵییەکانیان و دروستبوونی مەترسی بە هۆی ڕوودانی کەمئەندامبوون و مردنی خەڵکانی گوندەکان، کۆچکردنی لێکەوتووەتەوە.

هەروەها وتی: ئێمەی ژنان لە گوندەکاندا زۆر ماندووترین لە پیاوان و جگە لەمانەش کچان کەمتر شوو بە کوڕانی گوندنشین دەکەن لە بەر سەختی و ناخۆشیی ژیانی گوند.

پاشان هاووڵاتی کامەران محەمەد ئیسماعیل، کە دانیشتووی گوندی تازەدێ-ی شارباژێرە ، وتی: کۆچکردن بۆ شارەکان بە چەند هۆکارێك دەبینم،





لەوانە هۆی سروشتی کە باران نەبارین دەگرێتەوەو کەمئاویی لێدەکەوێتەوەو بلاّوبوونەوەی نەخۆشییە ئاژەڵییەکان و بلاّوبوونەوەی مێرووی زیانبەخش لە سالاّنی ڕابردوودا، وەك سن و کوللە، هۆکاری کۆمەلاّیەتی و زۆر بوونی خێزانەکان و کەمی زەوی و هۆکاری ماددی کە وەزارەتی کشتوکاڵ نەیتوانیوە لە ڕێی لقە کشتوکاڵییەکانەوە بە باشی کارەکانی ئەنجامبدات لە نەبوونی ئامارێکی گونجاو بۆ جووتیاران تا لە پێدانی کەلوپەل بە یەکسانی بەریان بکەوێت و نەکردنەوەی عەلوە بۆ ساغکردنەوەی بەروبووم و نەکردنەوەی کارگەی شیرەمەنی تا سوود لە بەروبوومی ئاژەڵ وەربگرن یان نەبوونی کارگەی ساردخانە کە بەرهەمی تێدا هەڵبگیرێت.

## دوا وتە

لە پاش سەردان و بینینی چەند کەسێک لە شارو شارۆچکە و گوندەکان، ئەوەمان بەدی کرد، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەو هۆکارانەی باسکراوە ڕێی لە کۆچی گوندنشینەکان بگرێت و کۆچی پێچەوانە دروستبکات بۆ گوندەکان، هەقە حکومەت بیر لە دروستکردنی شاری نوێ بکاتەوە بۆ ئەو ناوچانەی فراوانن و پێویستیان پێیەتی، وەک فراوانکردنی قەلاّچوالان لە شارباژێر و هێنانە خوارەوەی قەزاکە لە چوارتا بۆ ئەوێ، چونکە کێشەی ناوچەیەکی فراوان چارەسەر دەکرێت، جگە لەوە لە هەندێک ناوچەی تر هەنگاو بنرێت بۆ فراوانکردن، وەک قەرەداغ و بازیان و هەڵەبجە و ڕاپەڕین و شارەزوور.

هەروەها دابینکردنی خزمەتگوزاریی پێویست بۆ گوندەکان هەر لە ڕێگاوبان و خوێندنگاو نەخۆشخانەو ئاوو کارەبا یان گلدانەوەی ئاو بە هۆی دروستکردنی چەند بەنداوێک لە شوێنی گونجاوداو پاککردنەوەی زەوییە

کشتوکاڵییەکان لە مین و دروستکردنی بانقی کشتوکاڵی بۆ هاوکاریکردنی جووتیاران و دروستکردنی شووشەو نایلۆن بۆ زەوی بە مەبەستی بەرهەمهێنانی بەردەوام، جگە لەمانەش با لقە کشتوکاڵییەکان هاوکاریی جووتیاران بکەن بە کردنەوەی خولی هوشیاری و پێدانی ئامێرو کەرەستە و تۆو تراکتۆر و ماتۆری ئاو بە یەکسانی و بە پێی پێویست.

ئەنجامدانی ئەمانە هۆکارن بۆ کۆچی پێچەوانەی گوندنشینەکان بۆ گوندەکان و کەمکردنەوەی دانیشتووان لە شارەکاندا.





لە کوردستانی نوێ ژمارە (3327) ڕۆژی دووشەممە 2004/3/29بڵاوکراوەتەوە.

# دووبنەیی نەبێت، ژیانی گوندنشین خۆشترین ژیانە

ژیانی مرۆڤ لە سەرەتادا بۆ نیشتەجێبوون و یەکەم هەنگاوی شارستانیانەی دروستکردنی گوند بووە هەر لەوێدا زۆر بواری تری ژیانی خۆی ناسی و هەنگاوی نا تا گۆڕانکاری زیاتر دروست بکات تا گەیشتە ئەوەی هەنگاوەکانی فراوان بێت و ئابورییەکەی گەشەی سەندو ژمارەی خێزانەکانی گوندنشینەکان زیادیکرد، بۆیە هەر ئەو گوندانە فراوانتر کران و شارو شارۆچکەیان لێدروستکرا.

گوندەکانی کوردستان سەرچاوەی ئابوری کوردستانن، لە پاش ڕاپەڕین خەڵکی بەلێشاو ڕوویان لە گوندەکانی خۆیان کردووە تا ئەو خاکەی بە زۆر داگیرکەران لە مرۆڤی کوردیان دابڕیبوو جارێکی تر ئەو خەڵکە لە ئامێز بگرێ.

## سەرەتای گەڕانم

**لەم گەشتەمدا چەند گوندێکم بەسەرکردووە لە ڕێگەی شاربازێڕ نزیکترین گوندیش لە ڕێگەکەمدا ( تەگەران ) بوو بۆیە دابەزیم و پاش پرسیار کردن زانیم کە ( خالید ئەمین ڕەشید ) ئەنجومەنی گوندەکەیەو پیشەی جوتیارە، سەبارەت بە ئاستی ژیانی خۆیان وتی: جاران جوتیار دڵی بە گوندەکەی خۆش نەبوو لە بەر ئەم هۆکارانە گرانی ئامێری جووتکردن و تۆوکردن و نەکڕینەوەی بەروبووم، بەڵام لە دوای بڕیاری کڕینەوەی بەرووبووم، لە لایەن حکومەتی**

هەرێمی کوردستانەوە زیاتر بووە مایەی گرنگیدان بە ڕەوشی ژیان و گوزەرانی جوتیاران، هەروەها پاش ڕووخانی بەعس گۆڕانی زیاتر ڕوویداوە، چونکە پێشتر ئەو ڕێکخراوانەی کە یارمەتی جوتیارانیان دەدا بە پێی سیاسەتی نارەوای بەعس کارەکانیان ئەنجام دەدا، بەڵام ئێستا ئەو ڕێژەیەی بۆ بواری کشتوکاڵ دانراوە ڕاستەوخۆ حکومەتی هەرێم سەرپەرشتی دەکات بۆ باشتر کردنی ژیانی جووتیاران تەنها ئەوەندە هەیە پێویستە حکومەت باجی سەر عەلوەکان هەڵبگرێت و ئەو بەرووبوومانەی حکومەت دەیانکڕێتەوە بەرژەوەندی جووتیارانیشی تێدا بێ هەقوایە تۆوی بەرووبوومەکان بە شێوازێکی باش بە سەر جووتیاراندا دابەشبکرێن، هەروەها وتی: کارێکی تری حکومەت کە پێویستە بیکات بۆ گەشە پێدانی بواری کشتوکاڵ کردنەوەی کارگەی تایبەتە بۆ ئەوەی بەرووبوومی کشتوکاڵی لە ناوچەکاندا ساغ بکرێنەوە وەك کارگەی دۆشاوی تەماتە و تریێ و شیرەمەنی.

هەروەها پێشمەرگەیەکی گوندنشین بە ناوی (بێستون باقی ئەحمەد) وتی: لە ئێستادا ژیانی خەڵکی گوندنشین مامناوەندە، ژیان لە گوندەکاندا بە هۆی ئەوەی زیاتر ئیشوکار بۆ بژێوی ژیان لە هاویناندا دەکرێت لە زستاندا خەڵکی بێکارن و چەند کێشەیەك ڕوو لە خەڵکی دەکات لەوانە نەبوونی سوتەمەنی بە تایبەت ئێستا حکومەت داربڕینی قەدەغە کردووە لە جیاتی دار با نەوت بۆ خەڵك دابینبکرێت یان نەبوونی فەرمانگە و دامودەزگای گەورەی حکومی لە گوندەکاندا تا خەڵکێکی زۆر دا بمەزرێن و بژێوی ژیانیان بە هەمیشەیی دابین بکرێت، ئێستا کە بوومەتە پێشمەرگە ڕاستە کوردستان و کوردم خوشدەوێت و گیانم بۆیان بەخت دەکەم، بەڵام بژێویەکەش هاندەرە کە لە سەری بەردەوام بم، لە تەگەرانەوە بەرەو قەڵاچوالان بەرێکەوتم لەوێ





(کاروان غەفور) کە پیشەی نانەوایە وتی: واهەستدەکەم لە چاو سالآنی پێشوودا ژیانی خەڵك زۆر باشە و بەرەو ئاسودەیی دەڕوات بۆ ئەمەش باشترە حکومەت بواری خزمەتگوزاریی زیاتر پێشکەش بە گوندنشینەکان بکات ئاو و ئاوەڕۆو نەخۆشخانە و خوێندنگا لەوانەش لە پێشتر دروستکردنی شوێنی نیشتەجێیە، سەبارەت بە کارەکەشی وتی: زۆر ڕازیم و پێی دەژیم و ژیانم لە سالآن باشتر بەڕێوەدەچێت.

گەشتەکەم درێژە پێداو لە گوندێکی تر (ئەحمەد مەولود) ی ئاسنگەر، وتی: لە چاو سالآنی پێشوو ئیشم زۆر باشە، لە بەر ئەوەی خەڵك بارودۆخی بژێویان باشە کەموکوڕییەکانیان تەواو دەکەن جاران لە شار چۆن دەژیام بەم ئیشە ئێستا هەروا دەژیم و باشتریشە، چونکە لێرە هەندێ خەرجیم لێکەمبۆتەوە وەك کرێ خانوو. هەر لە ڕێگەی چوونم بۆ گوندەکان شوانێکم بەدیکرد بۆیە ئۆتۆمبێلەکەم ڕاگرت و چوومە لای ئەویش، وتی: ناوم (باقی) یە شوانی ماڵی خۆمانم، نزیکەی (200) سەرمەڕم هەیە بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە خوری و پێستە و گۆشت و شیرەکەیان بەخێویان دەکەم، سالآنە بە گوێرەی پێویست لێیان دەفرۆشم مەڕومالآت سالآنە ئالیك (عەلەف) هەیە گەر کارگەیەکی شیرەمەنی هەبوایە دەتوانرا بەرهەمی جوتیاران بکڕێتەوە، لە ڕێگەی گوندەکانی شارۆچکەی ماوەت ( غەریب ئەحمەد) کە شۆفێری تاکسییە وتی: لەم گوندەدا هاوینان خەریکی کشتوکاڵم و زستانانیش کاری تەکسی دەکەم، واهەست دەکەم خەڵك بە شێوەیەکی باش ژیانیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە لە چاو سالآنی بەر لە ڕووخانی سەدام، بۆ هەمان مەبەست بەباشمانزانی ئەو کەسانەش بدوێنم کە مووچەیان هەیە و لە گونددا نیشتەجێن، هاووڵاتی (مەحموود قادر فەرەج) وتی: کارگوزاری بنکەی

تەندروستیم لەو کاتەوەی بەعس ڕووخاوە ژیانی خەڵك بە تەواوی گۆڕانی باشی بەسەرداهاتووە بە تایبەت مووچەخۆر جاران موچەکەم تەنها ( 150 ) دیناری بوو، بەڵام ئێستا شەش قات زیادی کردووە دەتوانم بڵێم ئێمەی خەڵکی گوندنشینی موچەخۆر، لە زۆر لایەنەوە لە خەڵکی شار باشترین، چونکە کرێ خانوو نادەین و لە گەڵ موچەکەی خۆماندا کشتوکاڵیش دەکەین.

## داوای پیاوێکی بەتەمەن

کە لە گەشتەکەمدا بەرەو ناحیەی ماوەتی شارباژێر دەڕۆیشتم لە سەر ڕێگەی سەرەکی پیاوێکی بە تەمەنم بەدیکرد ناوی خۆی پێنەوتین، ئەو وتی: دەگەڕێمەوە گوندەکەم، ئەوەی لەو پیاوەدا سەرەنجی ڕاکێشام ئەوەبوو کە زۆر دڵی بە ئاوەدانیی ئەم نیشتمانە خۆش بوو لە سەر ئاستی بژێوی خەڵکی گوندەکان وتی: کوڕی خۆم جاران بە ( دە ) گوند دوو ئۆتۆمبێلیان نەبوو، بەڵام ئێستا هەر گوندە و دە ئۆتۆمبێلی تێدایە جگە لەوەی ژیان لە گونددا وەك شاری لێهاتووە هەر لە بوونی ئاوو کارەبا و پێویستییەکانی تر، هەروەها وتی: ئێستا لە گوندەکاندا خانوو بەشێوەی خانووی شار دروستکراون بە چیمەنتۆ و بلۆك و سەقف، بەڵام جاران بە قوڕو خشتی قوڕ و دروستدەکران، لە وەڵامی ئەوەی داواتان چییە تا گوندەکان ژیانیان خۆش بێت وتی: هەقە بیر لە گێڕانەوەی زەرەرو زیان بکرێتەوە بۆ گوندەکان جگە لەوەی شۆڕشەکەمان بە نانە ڕەقەی خەڵکی گوندەکان بووە بەو حکومەتەی ئێستا، کەم گوند هەیە چەند جارێك نەسوتابێ و وێران نەکرابێ جگە لە سووتانی ڕەزو مەزراکانیان بۆیە هەق وایە گشت خەڵکی گوندنشین قەرەبوو بکرێنەوە.

## وتەی شۆفێرێکی تراکتۆر





( سەلاح قادر مستەفا ) کە شۆفێری تراکتۆرە لە سنوری ناوچەی شارباژێر وتی: خاوەنی تراکتۆرێکم سالآن ئیشی ئێمە باش بوو، بەڵام وا چەند ساڵێکە بە هۆی ئەوەی خەڵکی گوند ئاستی بژێویان بەرز بۆتەوە زۆربەیان خۆیان تراکتۆریان هەیە، ساڵی پار تەنها ( 5 ) سەعات جووتم کردووە، هەروەها وتی: پێویستە سوتەمەنی بۆ تراکتۆرەکانمان دابینبکەن و نرخێکی گونجاو دابنێن کە کەس زەرەرمەند نەبێت نەك وەك ئێستا.

## هاوکاریی لە گوندەکاندا

لە گەشتەکەماندا بۆ گوندەکان بە مەبەستی زیاتر ئاشنابوون لە ڕەوشی ژیان و ئاستی بژێویان لە گوندی کەناروێ ژمارەیەك گووندنشینم بەرچاو کەوت لە بەردەم دوکانێکدا ڕاوەستا بوون بە دەم زەردەخەنەوە جارجار بە قاقای پێکەنینەوە نزیکبوومەوە لێیان لە ڕەوشی ژیانی ئێستای گوندەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پرسیار بکەم و بزانم گۆڕان بە چ ئاقارێکدا ڕوویداوە لە چاو سالآنی بەر لە ڕاگواستن.

لە ناویاندا کەسێك بە ناوی ( بەکر محەمەد ) وتی: ڕژێمی بەعس زۆرکاری کرد بۆ لێکترازانی ژیانی کۆمەڵایەتیمان سەرەڕای ئەوەش لە پاش ڕاپەڕین کە گوندەکان ئاوەدانکراوەتەوە ژیانی خەڵك بە پێچەوانەی ئەو حەزەی بەعسەوە وەرچەرخا لە گوندەکاندا هاوکاری و ڕێزگرتن و خۆشەویستی هەیە و مرۆڤ هەست بە ئاسودەیی دەکات . هەر سەبارەت بە شێوازی ژیان و ئاستی وشیاری لە گوندەکاندا مامۆستایەکی گوندنشین بە ناوی ( نەجمەدین محەمەد ) وتی: لە ڕووی وشیاریشەوە گوندەکان بە باشی گەشەیان کردووە کەم گوند هەیە تیپی وەرزشی تێدا نەبێ و بنکەکانی سەنتەری گەنجان و ڕێکخراوی لاوان چالاکیی

تێدا ئە نجامدەدەن جگە لە بوونی خوێندنگا لە گوندەکاندا بەڵام دوو بنەیی زۆر کێشەی دروستکردووە.

## ژنانی گوندنشین

ژنێکی بە تەمەن بە ناوی ( ڕەعنا ) وتی: ئێستا ژیانمان زۆر خۆشە لە گوندەکاندا کارەبا هەیە ئەویش لە دوای دانانی مولیدە لە لایەن دەزگای کارەباوە، جگە لەوە لە گوندا ژنان زۆر ماندوو بوون بە دەست ئاوهێنان بە تەنەکە، بەلام ئێستا هەموو گوندێك پرۆژەی ئاوی هەیە و بەلوعە لە ناو ماڵەکانیاندایە، ژنێکی تر بە ناوی ( ئاڵتون ) وتی: لە گوندەکاندا ژن هیچ جیاوازیەکی نییە لە گەڵ پیاودا بە تاییەت لە کارکردندا بەشداری گشت هەرەوەزو کارێك دەکەین جگە لە بەخێوکردنی منداڵ و کاروباری ناوماڵ لە دروستکردنی خواردن و جل شۆردنی خێزانەکانمان.

## دیمەنێکی جوان

ئەوەی لای من بووە جێگای سەرنج، ئەو دیمەنەیەکە لە بەر چاوم ون نابێ و شتێکی گەشە بینینی ئەو هەموو کچ و ژنە بوو کە عەسران بە جلی ڕەنگاوڕەنگ بە دەستی پڕ لە کتێب و دەفتەر ملی ڕێیان دەگرت تا بچنە خوێندنگە و دژ بە نەخۆشی نەزانین و نەخوێندەواریی چەکی قەڵەمەکانیان تیژ بکەن و ژیانی خۆیان و ئایندەیان ڕووناك بکەنەوە ئەم دیمەنەش گشتگیرەو لە هەموو گوندەکاندا ئەم پرۆسەیە ئە نجام دەدرێ کە جارێکی تر مامۆستایانی کوردستان بەم ئەرکە گەورەیە هەڵدەستن کە خەرمانی پڕ بەرەکەتی زانست باشتر شەن دەکەن لەو کاتانەدا هەستی بەرزی شاعیری نەتەوەی کورد مامۆستا ( بێکەس ) م دەهاتەوە بیر لە شیعری ( نەسرین ) دا کە





داوا لە ژنان و کچان دەکات هەنگاو بنێن بۆ ئەم کارەی ئەمڕۆ کاروانەکەی لە ڕێدایە کە دەڵێت:

*نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە*
*گیرۆدەی بەندی ژیانت زوڵمە*
*هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە*
*سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە*
*مەڵێ من کچم ، تۆش وەکو منی*
*موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی*

## دوکاندارێکی گوندنشین

لەدوا وێستگە و گەڕانەوەی گەشتەکەم لە گوندی شەمساوا چوومە دوکانێك خاوەنەکەی ناوی ( ساڵح فەرەج عەبدوڵڵا ) بوو سەبارەت بە چۆنیەتی ساغکردنەوەی ئەو کاڵا و کەلوپەلانەی بە خەڵکیان دەفرۆشێت وتی: زیاد لە ( 10 ) ساڵە دوکانم هەیە لێرە بە جیاوازی کردن لە گەڵ ساڵانی تر خەڵك بژێوی زۆر باشە، چونکە ساڵان خەڵك زۆر شتی بە قەرز دەبرد، بەڵام ئێستا قەرز نەماوە، هەروەها شێوەی فرۆشتنەکەش زۆر زیادی کردووە لە چاو ساڵان، جاران بێجگە لە دوکانەکە کاری ترێشم دەکرد فریا نەدەکەوتم، بەڵام ئێستا بە تەنها دوکانەکە ژیانی خۆم و ماڵ و منداڵم ڕایی دەکات.

## دوا پەیڤ

ژیانی سادەو ئاسایی تاموچێژی تایبەتی خۆی هەیە ئەو سادەییەش لە گوندەکاندا ڕەنگی داوەتەوە هەر لە جوانی سروشت و ئاووهەوای سازگارو دڵ و دەروون پاکیی و میوانداریی و ڕێزگرتن و ڕەوشتی تری بەرزی

کوردانە، بۆیە هەقوایە گرنگیی زیاتر بدرێت بە گوندەکان تا وڵاتی کوردستان لە ڕووی گەشتیاری و کشتوکاڵییەوە زیاتر گەشە بکات.

لەکوردستانی نوێ ژمارە (3655) ڕۆژی سێشەممە 2005/4/26)بڵاوکراوەتەوە

# عەلی کیتابی لە مووچەی خانەنشینی خۆی یانەیەکی منداڵانی لە گوندێك کردۆتەوە

**چوومە ئەوروپا و پەروەردەی ئەوێم بینی بیرۆکەی ئەم یانەیەم لادروستبوو**

پێشتر زۆرم دەبیست کە لە تواناداا نییە کاری لەو جۆرە بکرێت، بەڵام کاتێک کە سەردانی یانەی منداڵانی سارام کرد لە زرگوێزی گەورە ئەو گومانەم ڕەویەوە کە چۆن کەسێک دەتوانێ ئەم کارە بکات و تا ڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بووە، بە بێ ئەوەی پشت بە دینارێکی حکومەتی هەرێم ببەستێت.

زەنگی مۆبایلەکەم بە ئاگای هێنامەوەو هەواڵی ناوەکەمی پرسی، وتی: خۆشحاڵ دەبم لە نزیکەوە یەکتر ببینین، ژمارەکەتم لە بەرپرسی لاپەڕەی ڕیپۆرتاژ وەرگرتووە.

شوێنی یەکتر بینینمان دیاریکرد، بەیانی کەوتمە ڕێ تا بگەمە شوێنی دیاریکراو پێش ئەوەی بگەمە شوێنەکە بە موبایلەکەی، وتی: بۆ ئەوەی من بناسیتەوە پیاوێکی سەرسپیم و جلێکی کوردیم لەبەردایە و جانتایەکم پێیە، بە هەر حاڵ کە هاتە پێش خۆی ناساندو وتی: من ناوم (عەلی کیتابی)یە بەم





جۆرە یەکتر ناسینەکە بووە کلیل و دەرگاکان کرانەوە، وتی: حەز دەکەم پەلە نەکەی تا بچم هەندێ سەوزەو میوەو خواردن بۆ منداڵەکان بکڕم، ساتێ هاتەوە لام عەلاگەیەکی پڕ کردبوو لە میوەو سەوزەو خواردن وامزانی بۆ خێزان و منداڵەکانی خۆی ئەم شتانەی کڕیوە ، بۆیە هیچم نەوت و ئوتۆمبێلەکەم لێخوڕی بەرەو گوندی زرگوێزی گەورە، ساتێ گەیشتینە گوندەکە خانوویەکی نیشاندام، وتی: ئەم خانووەم بە کرێ گرتووە بۆ یانەکە شێوازی بیناکە جوان و گونجاو بوو کە چووینە ناو بیناکە سەردانی ئەو منداڵانەم کرد کە زیاتر لە (20) منداڵ بوون لە قاتی دووەم لە ژوورێکی فراوانی ڕازاوەدا فەرشی جوان ڕاخرا بوو لە سەر فەرشەکانیش کورسی بچوکی منداڵان دانرابوون، هەر کورسیەک منداڵێکی لە سەر دانیشتبوو،کاک عەلی یەکە یەکە منداڵەکانی ماچ دەکرد و قسەی خۆشی لە گەڵ دەکردن ئەمە یەکەم دیمەن بوو لە تەمەنمدا کە کەسێکی لەو تەمەنەدا بەو جۆرە ببینم و سەرنجی ڕاکێشام.

**سەرەتا کاك عەلی ژمارەیەك گۆڤاری ( جیهانی منداڵان ) ی نیشاندام کە گۆڤارێکی وەرزییە دەربارەی منداڵان کە چاپ و وێنە و نوسینەکانی زۆر جوان بوون تا ژمارە ( 14 ) چواردەی دەرکرد بوو، ئینجا نووسینەکانی خۆی خستە بەردەستم لە ڕۆمان و چیرۆك و بابەتی پەروەردەیی و ئەدەبی و وەرگێڕان کە زیاد لە ( 20 ) کتێبی دانراوو وەرگێڕدراوی هەیە، کەوتمە پرسیارکردن دەربارەی چونیەتی بیرۆکەی دروستکردنی ئەم یانەی منداڵانە، لە وەڵامدا وتی: یانەکە لە بەهاری ( 2002 )دا کراوەتەوە بە مەبەستی پەروەردە کردنی منداڵانی کوردستان.**

بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم یانەیە دەگەڕێتەوە بۆ ( 12 ) ساڵ لەمەوبەر کاتێ سەفەری سویدم کرد و بە ناچاری وڵاتم بەجێهێشت کە شێوازی ، پەروەردەیی ئەوێم بینی کاری تێکردم و بیرۆکەی دامەزراندنی یانەیەکی لەو جۆرەم هاتە خەیاڵ، ئەوەبوو بیرم کردەوە ئەم یانەیە لە گوندێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بمەزرێنم لە ناوچەیسەقز، بەڵام بە هۆی هەلومەرجی سیاسیی کوردستان نەمتوانی یانەکە لەوێ دا بمەزرێنم، بۆیە هەمان بیرۆکەم هێنایە شاری سلێمانی و لەگەڕەکی ڕزگاری یانەکەم دروستکرد، لەو کاتەدا ئەو کەسانەی هاوکارییان کردم بۆ سەرخستنی ئەم بیرۆکەیە لە کوردستاندا برای نووسەر ڕەئوف حەسەن ئەرکەکانی خستە ئەستۆی خۆی و بە ئاکامی گەیاند، لە ئەوروپاش کاك شەهاب مە نمی هاوکاری و پشتیوانم بوو.

هەروەها سەبارەت بەوەی کێ هاوکاریی ماددی کردووە لەم پرۆژەیەدا، وتی: داواشم لە کەس نەکرد تا دەرکردنی ژمارە ( 1 ) و ( 2 ) ی گۆڤاری جیهانی منداڵان لە پاش ئەوە خوێنەرانی گۆڤارەکە یارمەتیان پێشکەش بە گۆڤارەکە کرد بە ڕێژەی 30٪، بەڵام ئەوە کە دەکاتە 70٪ لە سەر شانی خۆم بوو، لە وەڵامی ئەوەی بۆچی گۆڤارەکە مانگانە نەبوو، دواتر کردت بە وەرزی، وتی: بواری دەرکردنی گۆڤار سەخت و گرانە و بواری ماددیش ڕێگر بوو، بۆیە ناچار بووم بیکەم بە وەرزە گۆڤارێك دەربارەی منداڵان، هەروەها وتی: ئەو ساتانەی لە سوید بووم بە تەلەفۆن و فاکس، پاشان بە ئیمێڵ بەردەوام پەیوەندیم بە یانەکەوە هەبوو، مامۆستا ڕەئوف حەسەنیش لە کوردستان کاروبارەکانی بەڕێوەبرد بە هۆی پرۆسەی ئازادی عێراقەوە، یانەکەم ڕاگرت، پاش ئەوە لە زستانی ئەمساڵدا خۆم گەڕامەوە کوردستان یانەکەم نۆژەن کردەوەو خۆم سەرپەرشتی دەکەم، ئێستا لە گوندی زرگوێزی سلێمانی خانوویەکم بە کرێ





گرتووە بۆ یانەکەو نووسینگەی گۆڤارەکە، ڕۆژانە ( 22 ) منداڵ دێنە ئێرەو مامۆستایەکم بۆ گرتووە کە ڕۆژانە وانەی جۆراوجۆر بە منداڵەکان بڵێت و کارگوزارێکیشم بۆ یانەکە گرتووە کە هەر دووکیان خۆم مووچەیان دەدەمێ، سەبارەت بە تەمەنی منداڵەکان، وتی:تەمەنی منداڵەکان کە دێنە ئێرە لە 3 ساڵ بۆ 5 ساڵە ئەمە وەك شێوازی باخچەی ساوایان وایە و یانەکە دوورە لە هەموو بیرو بۆچوونێکی سیاسیی و دینی و ڕەگەزپەرستی.

پاش ئەوەی گفتوگۆکەمان کۆتایی پێهێنا، تا پشوویەك بدەین ئینجا کاك عەلی کیتابی، وتی: با بڕۆین شوێنی دووەمی یانەکە کە ناوی ( هەواری منداڵان ) ە ببینین، چووینە ماڵێك کاك عەلی لەدەرگایداو منداڵێك دەرگاکەی کردەوە، یەکسەر منداڵەکەی ماچکردو چووینە سەربانەکە لەوێ مەلەوانگەیەکی تایبەت بە منداڵانم بینی، پرسیم ئەمە چییە؟ وتی: لە پاش ئەوەی منداڵان وانەکان دەخوێنن دێنە ئێرە مەلەیان پێدەکەین.

ساتێ گەڕاینەوە یانەکە کاتی نیوەڕۆ هاتبوو، بینیم منداڵان خواردنیان بۆ ئامادەکراوەو سەروو بابۆڵە ( لەفە )یان بە دەستەوەیەو خەریکی خواردنن، پرسیم ئەمە کێ بۆیان دابینیدەکات، وتی: لە سەر ئەرکی خۆم نیوەڕوان خواردنیان بۆ ئامادە دەکەم.

## مامۆستای منداڵانی یانەکە چی وت؟

مامۆستا ( بەهار حەمە ئەمین عەلی ) کە مامۆستایە لە یانەکە جگە لەوەی باسی لە پێدانی مووچەی خۆی لە لایەن عەلی کیتابی کردەوە، وتیشی: لە بەیانی سەعات هەشتەوە دێمە یانە، سەرەتا منداڵان ڕیزدەکەم و فێری سرودیان دەکەم و ئینجا وەرزشیان پێدەکەم و پاشان سواری پاسکیل و ئۆتۆمبێلی منداڵانیان دەکەم و ئینجا دەیان هێنمە ژوورەوە وانەی ئامۆژگارییان

پێدەڵێم، وەك رێزگرتنی دایك و باوك و مامۆستاو کەسانی تر، بە نیازین منداڵان بکەین بە دوو قۆناغ، بە گوێرەی تەمەن چییان پێویست بێت پێیان بڵێین، هەروەها وتی: هەموو رۆژانی سێشەممە دایکی منداڵەکان کۆدەکەمەوەو لە سەر شێوازی پەروەردە کردنی منداڵەکانیان قسەیان بۆ دەکەم.

پاش ئەوە چوومە ناو منداڵەکانەوەو ئاواتم دەخواست بۆ گشت منداڵانی کوردستان بەم شێوازە بە پەروەردەی دروست وهاوچەرخ رابهێنرێن، ئینجا چەند منداڵێکم بانگکردو کە ئەم ناوانە بوون ( لەنیا تەها، شێنێ محەمەد، شاجوان محەمەد، هیران حەمە جەزا ) هەر یەکەیان بە وەڵامە ساکارو منداڵانەکەی خۆیان گوزارشتیان لە خۆشی دەکردو دەیانووت: حەز دەکەین هەموو رۆژێ بێینە یانە و ئێرە زۆر خۆشە.

## دوا وتەی عەلی کیتابی

عەلی کیتابی پێی وایە: پێویستە گشت گوندەکانی کوردستان یانەی منداڵانی تێدا بێت، چونکە ئەم یانەنە بەردی بناغەن بۆ ژیانی شارستانی و مەدەنی.

وتیشی: داواکارم حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکارم بێت تا ئەم یانەیە بکەینە سەنتەرێکی گەورەی منداڵان. بە باشمزانی بواری دارایی عەلی کیتابی بپرسم لە وەڵامدا وتی: سەرچاوەی دارایم تەنها ئەو مووچەی خانەنشینیەی سویدەو فرۆشتنی کتێبەکانمە کە ئەم یانەیەم پێ بەرهەمهێناوە.





## یانەی سارا، لە دێی زرگوێز، کرایە باخچەی ساوایان

کاتێ سەردانی گوندی زرگوێزی گەورەم کرد بە مەبەستی بینینەوەی (عەلی کیتابی) خاوەن بیرۆکەی دامەزراندنی (یانەی سارا) زۆر شت سەرنجی ڕاکێشام، گرنگترینیان سەرنجدان لە هەستی خۆشحاڵی کاک عەلی بەرامبەر کارەکەی کە بە ئاکام گەیشتووە، لە لایەکی تر وەفاو پێزانینی ئەم پیاوە بۆ حکومەت و بەرپرسانی پەروەردە کە ئامێزی گەرمیان بۆ یانەکە کردووەتەوەو بوونە پشتیوان و هاوکار بۆ سەرخستنی پرۆسەی پەروەردەی هاوچەرخ.

## هەوڵەکانی عەلی کیتابی

هەر لەو کاتەوەی عەلی کیتابی، یانەی سارای بۆ منداڵان کردووەتەوە هەوڵی زۆریداوە بۆ بەردەوامی و پێشخستنی یانەکە، هەر بۆیە بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی ( بەیان ) ی کردنەوەی باخچەی ساوایانی سارا بە ژمارە ( 19892 ) لە ( 2006/7/10 ) دا دەرکردووە، واتە گۆڕینی یانەکە بۆ باخچە، جگە لەوە حکومەت ئەرکی یانەکە دەگرێتە ئەستۆی خۆی، سەرەڕای ئەو هەوڵانەی کە عەلی کیتابی بۆ لایەنی وەزارەتی ئەنجامیداوە، هەوڵیداوەو

نووسراوی ئاراستەی ئەم لایەنانە کردووە ( پارێزگای سلێمانی، ناحیەی عەربەت، لقی کشتوکاڵی تانجەرۆ، زۆر شوێنی تر ).

## گەیشتن بە ئامانج:

کیتابی لە کاتی قسەکانیدا دەیووت: من بە ئامانجی خۆم گەیشتووم لە کارەکەمدا، چونکە هەر لەو کاتەوەی ( یانەی سارا ) م دامەزراند بە شێوەیەکی هاوچەرخ بەڕێوە دەچوو، سەبارەت بە گۆڕینی یانەکە بۆ باخچەی ساوایان وتی: ( لە بەر ئەوەی باخچە فراوانترەو لە پەروەردەدا هەر باخچە هەیە بۆ منداڵانی پێش چوونە قوتابخانە، ناوەکەی گۆڕدرا بە باخچەی ساوایانی سارا لە زرگوێز ).

کیتابی وایباسکرد کە لە سەرەتای دامەزراندنی یانەکە، تاوەرگرتنی لە لایەن وەزارەتی پەروەردە، هەموو کارەکانی ئەو یانەیەی لە ئەستۆ گرتبوو، بەڵام لەمەودوا پەروەردە کارەکان ڕایی دەکات، هەروەها سەبارەت بەو لیژنەیەی سەردانی یانەکەیان کردبوو، زۆر لایان پەسەند بووە.

سەرپەرشتیاری یانەکە داوای بینای کردووە، چونکە ئەو بینایەی ئێستا بەکار دەهێنرێت بچووکە و جێگەی ئەو منداڵانەی تێدا نابێتەوە کە ژمارەیان لە ( 40 ) نزیکبووەتەوە، بەڵکو تەنیا بە کەڵکی ( 20 ) منداڵ دێت، جگە لەوە بیناکە حەوشەی نییە تا منداڵان بە ئارەزووی خۆیان بتوانن یاریبکەن، لیژنەکە بە ( کیتابی ) یان ڕاگەیاندووە، هەموو هاوکارییەکت دەکەین، تەنیا دروستکردنی بینا نەبێت، چونکە لە ئەستۆی ئێمەدا نییە ئەو کارە بە ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت، لەم کاتەشدا نەبوونی بینا لە ناو شاریشدا بووەتە کێشە ، لە وەڵامدا کیتابی بە لیژنەکەی وتووە، من لە گشت شوێنێک هەوڵ دەدەم تا بینایەکمان بۆ دروستبکەن، ئێستا لە لقی کشتوکاڵی تانجەرۆ





زەویم بۆ ئەو مەبەستە وەرگرتووە، هەر سەبارەت بە گەشە پێدانی یانەکەی، کیتابی دەیووت: ( هەست بە ئارامی و سەرکەوتن دەکەم پێموایە بارووبنەی خۆم گەیاندووەتە هەوار).

ئەو تەنیا ئاواتی دروستکردنی بینایەکە بۆ باخچەکە، تا ئەو شوێنە ببێتە مەڵبەندێك بۆ کۆکردنەوەی منداڵانی ئەو گوندانەی تریش کە لەو دەوروبەرەدان. ( بەهار حەمە ئەمین عەلی ) کە لەووەو پێش ئەرکی مامۆستایی لە یانەکەدا ئەنجامداوە دەیووت: ( بە باشترین شێواز لە پەروەردەی هاوچەرخ منداڵان ڕاهێنراون، ئێستاش کە کراوەتە باخچە زۆر دڵخۆشم، بەڵام گلەیی ئەووەم هەیە کە لە مامۆستاییەوە دەیمە چاودێر بە غەدری دەزانم، داوا دەکەم هەر بە مامۆستا بمێنمەوە تا کاری پەروەردە ئەنجام بدەم، چونکە لەمەوپێش هەر خۆم ئەم کارەم بە ئەنجام گەیاندووە ).

### سەرنج

ئەوەی بەدیمکردو سەیری نووسراوێکی پەروەردەم کرد، دەورو تەسلیمی هەموو کەلوپەلەکان بوو کە کیتابی خۆی کڕیبوونی و داوێتی بە باخچەکە.

لە گەڵ ئەووەشدا ئاوڕدانەوە لەو هەوڵ و کۆششانەی کە بە تاکی دەکرێن و خزمەت بە کۆمەڵ دەگەیەنن جێی سوپاس و ڕێزو پێزانینە کە حکومەتی هەرێم ئەنجامیداوە، هەر چەندە شێوازی پەروەردەیی هاوچەرخ وا خەریکە هەنگاو دەنێت دێتە، بواری پەروەردە، هەقە ڕەچاوی بوارەکانی پەروەردە بکرێت کە لە یانەی زرگوێز هەبووە پێش بوونی بە باخچە، ئەگەر بڕیارێک دەربچێت بۆ ئەو مامۆستایەی لەمەوپێش لە یانەکەدا مامۆستا بووە تا بە مامۆستایی بمێنێتەوەو بەشداریی خولی پێبکەن، لە بەر ئەوەی تەنها

کاری مامۆستایی بووە لە یانەکەداو گشت کارە پەروەردەییەکان لە لایەن ئەو مامۆستایەوە ڕایی کراوە.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (4085) پێنج شەممە 2006/9/28بلاوکراوەتەوە.

## ئەو منداڵانەی خەونە بچووکەکانیان تێکەڵ بە دنیای ئاڵۆزی بازاڕ دەبێت

ڕۆژانە کە بە سەر شەقامەکانی بازاڕدا گوزەر دەکەی چەندین منداڵ دەبینی یەخەت دەگرن تا یەکێک لەو شتومەکانەی بە مەبەستی فرۆشتن بە دەستییەوەیەتی ساغی بکاتەوە و چەند دینارێک وەربگرێ لێت، لە هەموو شتێ ناخۆشتر هەندێ لەو منالأنە عاتیفەی مرۆڤ دەجوڵێنن لە بەردەمت بە شێوازێکی بەدەر لە کڕین و فرۆشتن وەک پاڕانەوە و خۆ بە هەژار نیشاندان لە لات تا شتەکەی لێ بکڕی،هەندێ جاریش وەک ئەوەی لەم ڕۆژانەدا بە سەرمان هات شتێکمان لە منداڵێک کڕی بەڵام چۆن کڕینێک بە دوو قات لە بازاڕ گرانتر پێی فرۆشتین و ساتێ ووتمان گرانە زۆر بوێرانە ووتی ئەگەر پارەکەم نەدەنێ هاوار دەکەم و حەیاتان دەبەم ئێمەش لە ناچاریدا پارەکەمان پێدا.

**خەمی منالّی**





**زۆربەمان باسەکەی هێمنی شاعیرمان بە سەرهاتووە کە گلەیی لە بەختی منالّی خۆی دەکات، چونکە بە کامی دڵی خۆی یاری لە گەڵ منالأنی تردا نەکردو خەمەکەی مام هێمن وەك باسی دەکات خێزانەکەی و داب و نەریتی کۆمەلأیەتی بە بەرپرس دەزانێ، باشە لەم کاتەدا کە ژیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و مافی منالْ گرنگی پێ دەدرێت و چەندین ڕێکخراوی منالأنە دروست بوون، تەنانەت پەرلەمانیشیان هەیە،ئایا ئەو خەمەی هێمن بۆ منالّی خۆی خواردی ئەو ڕێکخراوانە بۆ منالأنی ئەمڕۆی دەخۆن؟ لە گەڵ هاوڕێ ڕۆژنامەنووسەکەم لە قاوەخانەکەدا دانیشتبووم منالّێکی ووردیلەی ڕەشتالّە تەمەنی تەنها نۆ بەهار بوو پاکەتێ بنێشتی بە دەستەوە بوو هاتە بەردەستمان و وتی خالّە تو خوا بایی یەك دینارم لێبکڕن،بنێشتەکەم کڕی و کەوتمە پرسیار کردن لێی.**

*** ئاقلْ ناوت چییە؟**

**- میران حەمە سەعی.**

*** مالّتان لە کوێیە؟**

**- مالّمان لە قالاوایە.**

*** دایك و باوکت لە ژیاندا ماون؟**

**- بەلّێ ماون.**

*** باوکت ئیشی چییە؟**

**- شەوانە حەرەسە.**

*** چەند خوشك و برات هەیە؟**

**- بە خۆمەوە سێ براین و سێ خوشکمان هەیە.**

*** دایك و باوکت خوێندەواریان هەیە؟**

- نەخێر نیانە.

* بۆچی حەز بە فرۆشتنی شت دەکەی لە بازاڕدا؟

- چونکە ماڵمان لە شوقەکانی قالاوایە و ئەگەر لە ماڵەوە بم منالان لێم دەدەن.

* ئەی پارەی قازا نجی شتەکان چی لێ ئەکەی؟

- بۆ خۆم هەڵی ئەگرم و شتی پێئەکرم.

* حەزت لە چییە بەشداری تیا بکەیت؟

- زۆر حەزم لە مۆسیقایە، بە تایبەت لە تەپڵ لێدان، سەیری فلیم کارتۆنیش دەکەم.

## تاقانەیە و کاسبی دەکات

پاش ئەوەی میران وەڵامی پرسیارەکانی دامەوە منالێکی تر هاتە بەردەمم و وتی: خاڵە گۆرەویت ناوێ؟ منیش بۆ ئەوەی بیهێنمە ناو بابەتەکەمەوە جووتێ گۆرەویم لێ کڕی و بەم جۆرە کەوتینە گفتوگۆ.

* ناوت چییە و تەمەنت چەندە؟

- ناوم شاخەوان ڕەحیمە، تەمەنم 13 ساڵە.

* ماڵتان لە کوێیە و خانووی خۆتان هەیە؟

- ماڵمان لە قالاوایە و خانووی خۆمانە.

* باوک و دایکت خوێندەوارن؟

- نەخێر خوێندەوارییان نییە.

* چەند خوشك و برات هەیە؟

- خۆم تاقانەم و دوو خۆشکیشم هەیە.





* کە تۆ تاقانەی ماڵەوەی بۆچی دێیتە بازاڕ شت دەفرۆشیت، دایك و باوکت هانت ئەدەن؟

- دایك و باوکم دەڵێن مەچۆ شت مەفرۆشە، بەڵام من بەزەییم بە باوکما دێتەوە، چونکە ئەو ڕۆژانە دەچێت لەو دەشتە گەلامێو دێنێ و لە بازاڕ دەیفرۆشێت، لە بەر ئەوە منیش پێم ناخۆشە بەو جۆرە شت بۆ من بکرێت.

* حەزت لە چ بوارێکی هونەرییە؟

- زۆر حەزم لە وێنەکێشانە، بەڵام لە بەر هیلاکی بوارم نییە، هەموو ڕۆژێ سەعات هەشتی ئێوارە دەرۆمەوە ماڵەوە، زۆر جار فریای فلیم کارتۆنیش ناکەوم، من ئێستا لە پۆلی شەشمم، حەز دەکەم ببمە مامۆستا لە دوایدا.

* لە کاتی شت فرۆشتندا ئەوەی بۆ ئێوە ناخۆشە چییە؟

- لە کاتی شت فرۆشتندا ئەوەم زۆر لا ناخۆشە کە شارەوانی ڕاومان دەنێ و نایەڵێ لە شوێنێکدا شتەکا نمان بفرۆشین.

* بێجگە لە گۆرەوی فرۆشتن ئیشی ترت کردووە؟

- بەڵێ هەر ئەمساڵ پاش تەواوبوونی قوتابخانە، سێ ڕۆژ چووم بۆ کرێکاری بەڵام زۆر هیلاك دەبووم بۆیە وازم لێهێنا، پاش ئەوە ئەم ئیشانەم کردووە، بنێشت فرۆشتن و حەب فرۆشتن وبۆیاخی پێڵاو و ئێستاش گۆرەوی دەفرۆشم.

## بۆ دەنووسن کێ گوێتان لێ دەگرێ؟

لە گەشتێکی تری گەڕانم بۆ ئاشنا بوونی زیاتر بە هەست و دەروونی ئەو منالانەی لە سەر جادەکان بۆیاخ دەکەن بەم گەرمای هاوینە ڕەنگی بۆیاخی پێڵاو شێوازی دەم و چاویان دەگۆڕێت، لە سەرای سلێمانی و تەنیشت پەیکەرەکەی ئیبراهیم پاشای بابان، منالێکی تەمەن سیانزە ساڵم

بەسەرکردووە ناوی (سەفین) بوو کەوتمە پرسیار کردن لێی و توانیم کەمێك زانیاری لە سەر وەربگرم کە باوك و دایکی نەخوێندەوارن و ماڵیان لە گەڕەکێکی هەژارنشینە و لە پۆلی دووەمی ناوەندییە، لە پاش ئەوەی کە زانی پرسیارەکانم بۆ کاری ڕۆژنامەوانییە، وتی من قسە بۆ ڕۆژنامە ناکەم و حەز ناکەم کەس شتی من بزانێ، کاتێ لە سەر ئەم شتانە دەنووسن کێ گوێتان لێ دەگرێ جا کەواتە بۆ دەنووسن؟ ئەوەی بووە جێی سەرنجی من لەو منداڵەدا ئەوە بوو کە بەو تەمەنە کەمەی خۆی هەستی پێ دەکات کە چەندین پرسیار لەم وڵاتەی ئێمەدا بێ وەڵامن، زۆربەمان وێڵین تا ئەو نهێنییە نەبیستراوە، هەست پێکراوە ئاشکرا بێت و ناخ و دەروونی مرۆڤە ماندووەکانی ئەم ڕۆژهەڵاتەی بۆتە جەنگەڵێکی ترسناك و بەشی کەم هێزو هەژاران خوران و لە ناوچوونەو بە هێزەکانیش گرەوی پایەو بەشی زۆر بۆ ئەوانە.

## جارێکی تر شاخەوان

لە ڕۆژێکی گەرمی ئەم هاوینەدا پاش ئەوەی منداڵانی ئیشکەری سەرجادەم دواندو لە بارودۆخیان ئاشنا بووم، بەرەو مەڵبەندی ڕۆشنبیری کازیوەی سەرا بۆ منداڵان بەرێکەوتم بزانم لەوێ چ باسە، پێش ئەوەی لە قادرمەکان سەربکەوم منداڵێکم بینی وەستا بوو لە بەر دەرگاکە کە سەرنجمدا شاخەوان بوو ئەو کورەی ڕۆژێك پێشتر لەم بارەیەوە دواند بووم، وتم لێرە چی ئەکەی بۆ ناچیتە سەرەوە دیار بوو زۆر تامەزرۆ بوو کە بچێتە سەرەوە، بۆیە یەکسەر وتی: مامۆستا نایەڵن بچم پێم دەڵێن تەمەنت گەورەیە.

منیش پێم وت لێرە بە تا پرسیارێکت بۆ دەکەم، بزانم وەرت ناگرن. ساتێ چوومە سەرەوە بەڕێوەبەری مەڵبەندەکە کەسێکی زۆر شایستە بەو شوێنە دیار بوو، پێش ئەوەی باسی هیچ بکەم وتم ئەو منداڵە دەڵێ وەرم ناگرن ئایا ڕاستە،





وتی دیارە تەمەنی بەسەر چووە چونکە نابێ لە 13 ساڵ تێپەڕێت بە هەر حاڵ بانگی شاخەوا نمان کرد، دەرکەوت کە پێشتر لەو مەڵبەندەدا بووە چونکە بەڕێوەبەر ناسییەوەو وتی قوتابی خۆمان بووە، پاش ئەوەی لە تەمەنی پرسیاری کرد بڕیاری دا وەری بگرنەوە.

## جیاوازییەکی گەورە

پاش ئەوەی لە گەڵ بەڕێوەبەری مەڵبەندی کازیوەدا گفتوگۆم کرد لەو بارەیەوە زۆری پێ باش بوو، کارئاسانی بۆ کردم و بردمیە گەشت بەشەکان کە لە 13 بەش پێك دەهات و هەر بەشەش چەندین منداڵی لە خۆ گرتبوو، ئەوەی لەوێ بەدیم کرد جیاوازییەکی گەورە بوو لە نێوان سەرجادەی گەرم تێکەڵ بە دنیای گەورەو کازیوەیەکی منداڵانی پڕ چالاکی کە خولیاو بەهرەی منداڵان دەوڵەمەند دەکات، خاتوو (دڵسۆز مەحموود مەولود) بەڕێوەبەری مەڵبەندی کازیوەی سەرا وتی: من پێشتر مامۆستا بووم، ساتێ دێمە ئێرە هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەم چونکە ئەو کاتە هەستیارانە بۆ منداڵان کە لێرە بە سەر دەبەن لای منزۆر گەورەیە چونکە ڕۆژانە زیاد لە (500) منداڵ سەردا نمان دەکەن، هەروەها ژمارەی ئەو منداڵانەی لە ماوەی سێ مانگدا هاتوونەتە ئێرە گەیشتووەتە (18065) هەژدە هەزارو شەست و پێنج منداڵ، ئێمە لێرە جگە لە بەشە هونەری و ئەدەبییەکان بەشێکی تایبەتمان هەیە بۆ توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی تایبەتی منداڵان، سەبارەت بە کێشەکانیان لە گەڵ منداڵاندا وتی: کێشەی ئێمە لێرە منداڵانی ئیشکەرە چونکە هەست دەکەم ئەوانە لە دنیای پاکی و جوانی منداڵی خۆیان دوورکەوتونەتەوە

بە هۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ناو بازاڕ تا دەیانهێنینەوە جیهانەکەی خۆیان زۆری پێدەچێت.

## منالآنی کازیوە چی دەڵێن؟

هەر لە کازیوەی سەرا بە باشمانزانی چەند منالێکی ئەویش بدوێنین تا بزانین ئەوان چی دەڵێن. سەرەتا (بابان سالح مەجید) تەمەن 13 ساڵە بەم جۆرە وتی: من لێرە لە بەشی شانۆو سیرامیکدام، پاش گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە ئاردی بایعی دابەش دەکەم، من لە کازیوە کاتەکانم بە باشی بەڕێ دەکەم و فێری شت دەبم، خۆزگە هەموو منداڵێك دەهاتە ئێرە تا سوودی وەرگرتایە.

هەر لەو نزیکانە منالێکی ترمان بانگ کرد کە ناوی (دیلان سەرکەوت) بوو بەم جۆرە وەلآمی داینەوە:

* تۆ بێجگە لێرە ئیشی تر دەکەیت؟
- نەخێر من ئیشی تر ناکەم.
* خانووی خۆتان هەیە؟
- نەخێر کرێچیین.
* ماڵتان لە کوێیە؟
- گەڕەکی دەرگەزێن.
* چەند خوشك و برات هەیە؟
- چوار خوشك و یەك برام هەیە.
* لێرە لە چ بەشێکی؟
- لە بەشی تۆپی سەرمێزم و لە تەمەنی خۆمدا یەکەمی عێراقم بە دەست هێناوە.





هەروەها هەر لەو کازیوەیەدا منالێکی ترمان دواند کە ئەویش (باخان عومەر حسەین) بوو وتی: تەمەنم یانزە ساڵە و دەرچووم بۆ پۆلی شەشەم، ماڵمان لە مەڵکەندیە و خانووی خۆمان هەیە و کرێچی نین دوو خوشك وسێ برام هەیە، لێرە لە بەشی شانۆم زۆرم پێ خۆشە چونکە پشووی هاوینان مەشغوڵ دەبم، لە وەلآمی ئەوەی ئایا تۆ ئیشی تر دەکەیت وتی: ئێمە وەزعمان باشە بۆچی ئیش بکەم.

ئەم وەلآمە تووشی ڕامانی کردم، چونکە تۆ بڵێی ئەو منالآنەی لە بازاڕ یەن و ئیش دەکەن هەموویان وەزعیان خراپ بێت.

## سەرنج

لە ئەنجامی ئەم ڕیپۆرتاژەدا ئەوەم بەدی کرد کە دایک و باوکی ئەو منالآنەی لە بازاڕدا ئیش دەکەن، زۆربەیان نەخوێندەوارن بە بیانوی ئەوەی منالەکانیان فێری کاسبی بکەن یان پارەیان پێ پەیدا بکەن دەیاننێرنە بازاڕو تووشی ئەو هەموو کێشەو گرفتەیان دەکەن و لە جیهانی خۆیان دووریان دەخەنەوەو هانیان دەدەن بۆ کاری خراپە . بەڵام هەستی پێ ناکەن وەك زۆر جار جنێوو قسەی ناشیرین لە گەڵ یەك بەکار دەهێنن و فێری چەندین کاری ناشایستە بەوان دەبن هەر لە دزی کردن و درۆو جگەرەکێشان و شتی تر، خەڵکان زۆرن کە منالآن پێلآوەکانیان بردوون بۆ ئەوەی بۆیان بۆیاخ بکەن بەلآم بۆیان نەگێڕاونەتەوە، لە بەرامبەر ئەمەشدا شوێنی پەروەردەیی باش هەیە بۆ بەسەر بردنی کاتەکانی منالآن و هاندان و گەشەپێدانی بەهرەکانیان وەك کازیوەکانی منالآن، ئەوەی ماوە بیلێم هەقە حکومەتی هەرێم لە ڕێی وەزارەتەکانی مافی مرۆڤ و کارو کاروباری کۆمەلایەتی و

پەروەردەوە بەرنامەی گونجاوی هەبێت سەبارەت بە بنبڕکردنی خستنە بازاڕی منداڵان و تا ئەو منداڵانە بێنەوە باوەشی دنیاکەی خۆیان کە پڕە لە ناسکی و جوانی و یاریکردن، نەک بەو شێوازەی ئەمڕۆ لە بازاڕەکاندا بەرچاومان دەکەون.

لەکوردستانی نوێ ژمارە (3) پێنجشەممە 2004/8/5بڵاوکراوەتەوە.

## گلەیی و سکاڵای هاووڵاتیانی قەزای ڕانیە سەبارەت بە شێوازی دیاریکردنی ناوەکان لە دروستکردنی خانوودا

لە پاش ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی باشی نا بۆ بوژاندنەوەو ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی کوردستان بە گشتی، بە ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی، لەم بوارەشدا دروستکردنی خانوو لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان لە پێناو زیاتر نیشتەجێکردنی هاووڵاتیان یەکێک بووە لەو بوارانە، هەر چەندە ئەم کارە خزمەتگوزاریانە بەردەوامن، بەڵام لە کاتی دیاریکردنی ناوی ئەو کەسانەی کە ئەم جۆرە پرۆژانە دەیانگرێتەوە گلەیی و سکاڵایەکی زۆر لە بەرپرسانی ئەو شوێنانە دەکرێت، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بە پێی نوسراوی ژمارە (576) لە ڕۆژی 2004/6/27 لە نوسراوێکی قایمقامیەتی قەزای ڕانیە کە ئاڕاستەی





سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە بە هاوپێچی لیستی (350) ناوی ئەو کەسانەی کە سودمەندن لەو خانوانە کە بە شێوازی خود کرد ئەنجام دەدرێن (واتە کەلوپەلی بیناکە دەدرێت بە خاوەنی زەویەکە و خانووەکەی پێ دروست دەکات) لە ئەنجامی گلەیی و سکاڵای هاووڵاتیان بە باشمانزانی ڕاستی شێوازی دابەشکردنەکە ڕوون بکەینەوە لە دەمی هاووڵاتیان و بەرپرسانی قەزای ڕانیە.

## غەدرێکی زۆریان لێکردین

**بە گەیشتنمان بۆ ڕانیە و پاش ئاگادار بوونی هەندێك كەس كە نێردراوێکی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ چۆتە ناوچەکە، هەستم بە جموجوڵێکی سەیر کرد لە لایەن هەندێك هاووڵاتیەوە زۆریان لە سیمایاندا تورەیی و بێزاری بەرامبەر بە شێوازی دابەشکردنی خانوەکان دەردەکەوت.**

**فەرمانبەرێك کە نەیویست ناوی خۆی بڵێت وتی: بڕیار بوو کە ناوم لە لیستەکەدا هەبێت، بەڵام دوایی ڕەشکرامەوەو تێبینی ئەوەم کرد بەشی زۆری سەرۆکی فەرمانگەکەمان یان کەسوکاری نزیکی خۆیان لە لیستەکەدا دانراون کە ئەمەش ناهەقیەکی گەورەیە بەرامبەر بە من و سەدان خەڵکی تر دەکرێت، من ماوەی هەشت ساڵە کرێچیم و بە هەموو بنەماکانی بڕیارەکە شمولی منی دەکرد بەڵام سەرۆکی فەرمانگەکەم ناوی دەرچووەو ناوی منی تێدا نییە، بە گشتی دەتوانم بڵێم غەدرێکی زۆر کراوە، هەروەها لەو نزیکانە هاوڵاتیەکی تر هاتە پێش کە ناوی ( س.ف ) وتی: لە سەرەتای نوسینی ناوەکاندا کە بە بێ هیچ ڕاگەیەنراوێك بوو لیژنەکە تەنها خۆیان خەڵکیان دیاریکردووە لە کاتی باسکردنیشدا وتبوویان ئەم خانووانە تەنها بۆ خەڵکی شاری ڕانیەیە، بەڵام**

بە هۆی واسیتەو حساباتی جیاوە خەڵکی تێکەوتووە نە ڕانیەییەو نەماڵی لە ڕانیەیە بەڵکو لە دەرەوەی ئەو شارەدان کە ناویان لە لیستەکەدایە، ئێمە چاوەڕوان بووین کە زۆرترین خەڵکی موستەحەق لە بارگرانی کرێچێتی ڕزگار بکرایە نەك بەو جۆرەی ئێستا، فەرمانبەرێکی تر بەم جۆرە وتی: ماوەی چەند ساڵێکە لە ڕانیەدا کرێ نشینم و ماڵ و منداڵێکی زۆرم هەیە، لەم دابەشکردن و خانووکردندا خەڵکانێك ناویان دەرچووە کە مافی ئەوان نەبووە بۆ نموونە خەڵك هەیە کە ناوی لەلیستەکەدایە خانووی خۆی هەیە، بەلاّم بەم حاڵەی خۆمەوە ناوم نەخراوەتە لیستەکەوە، من لە گەڵ ئەم کارەی بەرپرسانی ڕانیەدا نیم و ڕەخنەیان لێدەگرم،نا هەقە هەروەها ئەوەی لای من بووە جێی سەرنج هاولاّتیەکی تر هات وتی: خەڵکی ڕانیە بە چاوێکی تر دەیانڕوانیە ئەم دابەشکردنەی خانوانە و پێیان وایە بە عەدالەت دابەش دەکرێت بەلاّم وانەبوو ئەو ناوانە خەڵکی حزبی زۆر تێدایە، ڕەچاوی کەم خاڵ کراوەو خەڵکانێك ناویان دەرچووە کە نەدەبوو ناویان هەبێت بە نموونە کەسێك خاوەنی خانووی خۆی بێت بۆچی ناوی هەبێت بابدرایە بە کەسێکی تر.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مەحسوبیەت هەر بەردەوام کاری خۆی دەکات.

## بەرەو شارەوانی

بۆ ساغکردنەوەو وەرگرتنی بیروڕای سەرۆکی شارەوانی سەردانی شارەوانیمان کرد ئەوەی بووە جێی سەرنج ئەو قەرەباڵغیەی لەو فەرمانگەکەیدا هەبوو تەنانەت ژووریسەرۆکی شارەوانی لەو کاتەدا نزیکەی (10) کەسی لێبوو، بەهەر حاڵ داوامکرد چەند دەقەیەك بۆ من تەرخان بکات و دوو قۆڵی دانیشین، چووینە ژورێکی ترو برادەرێکی تریش ئاگای لە گفتوگۆکەمان بوو، گلەیی خەڵکم ئاڕاستە کرد لە وەلاّمدا (دڵشاد بەکر ساڵح)





سەرۆکی شارەوانی وتی: من هەست دەکەم ناعەدالەتی هەبووە لە دابەشکردنی خانوەکاندا بڕیار بوو ئەو خانووانە بدرێنە خەڵکانی موستەحەق، لیژنەیەك پێکهێنرا لە (10) کەس کە نوێنەری حزبی و حکومی و ئەنجومەنی ڕانیە و دەستەی هاوکاری ڕانیە، لە کاتی دەرچوونی ناوی خەڵکەکە ناتوانم بڵێم وەك پێویست بوو بەلاّم کاری لەو جۆرە گلەییشی تێیدا دەکرێت و ئێمەش هەموومان مرۆڤین کاری مرۆڤ لە هەڵە بەدەر نییە بەلاّم پێم وانییە هەڵە زۆر زەق بێت و چارەسەر نەکرێت، چەند بڕیارێك هەیە بۆ ئەو خانوانە لەوانە دەبێت هاوسەری هەبێت و خانووی نەبێت ئینجا موعامەلاتی ڕایی دەکرێت یان هەندێك لەو ناوانەی دەرچوون زەویان نەماوەو فرۆشتویانە ناچار دەبێت بدرێتەوە کەسانی تر، کەواتە لەو کاتەدا کێشەکە چارەسەر دەکرێت و هەندێك خەڵکی تر لەم خانوانە سودمەند دەبن، رای من یەکە مجار وابووە کە بدرێتە خەڵکی ڕانیە و شمولی کەسانی تر نەکات.

## قایمقام دەڵێت چی؟

بۆ هەمان مەبەست سەردانی (خالید محەمەد ئەمین)ی قایمقامی ڕانیەمان کرد و وتی: ئەم 350 خانووە بۆ خەڵکی ڕانیە دەرچووە وەك باقی ناوچەکانی تر، بەلاّم بەو حوکمەی کە ڕانیە ناوەندێکە زۆر قەرەباڵغە و ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی حەفتا هەزار کەسە کە سیانزە هەزار ماڵ دەبێت، هەروەها کۆمەڵێکی زۆر لە ئاوارەی کەرکوك و هەولێرو شوێنەکانی تر لێرە نیشتەجێن، کۆمەڵی خەڵکی زۆر لە زەوی وەرگرتن سودمەند بوون لە شەهید و پێشمەرگە و زیندانی سیاسیی و پیشەیی و کادرو هەندێك لە فەرمانبەران دیارە ئەو دابەشکردنەش لە ناو ڕانیەدا بووە، کەواتە ڕانیە بووەتە سەرچاوەی دابەشکردنی زەوی لە ناوچەکەداو گرنگی وەرگرتووە لە پاش سلێمانی،

**سەبارەت بەم 350 خانووەش ڕاستە خەڵك گلەییان هەیە من لە گەڵ گلەیی خەڵكدام بەڵام بە حوكمی بارودۆخی ئێستای كوردستان ناتوانم بڵێم لە سەدا سەد وەك پێویست ئیشەكانمان كردووە.**

**هەندێك خەڵكی ناشایستە بە وەرگرتنی مەوادی خانوو ناونووس كراون بەڵام بڕیاری یاسایی لە سەردانراوە كە ئەو مەرجانەی تێدا نەبێت بۆی ناكرێت، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەكمان پێكهێنا تا تاوتوێی ئەو مەسەلەیە بكات و بە كۆمەڵ دەنگ لە سەر چۆنیەتی پێدانی ئەو خانوو كردنە بدرێت بۆ هاووڵاتیان هەر چەندە بە دەرەجەی یەكەم بۆ شەهیدان دانراوە لە گەڵ ئەوەشدا پێم وانییە بە 350 خانوو بتوانرێت هەموو خەڵكە هەژارو نەدارەكە كاری بۆ بكرێت و ئێمە هەوڵ دەدەین كار بۆ نیشتەجێكردنی خەڵكی ناوچەكە بكەین، ئێستا لە كاری جێبەجێكردنی ( 6 ) باڵەخانەداین كە ( 72 ) خێزان نیشتەجێ دەكرێت تیایاندا، داوا لە حكومەتی خۆمان دەكەین ( 350 ) خانووی ترمان بۆ بكات تا بتوانین خەڵكێكی زیاتر نیشتەجێ بكەین، سەبارەت بە پێدانی خانوو بە كەسی بەرپرسان ناكرێت لە بەر ئەوە كەسی بەرپرسە مافی بخۆین، ئەوانیش خەڵكی تێكۆشەری ئەم وڵاتەن و مافی خۆیانە كە وەریگرن و هیچ ناحەقییەكمان نەكردووە لەم ڕووەوە ئەوانیش ژمارەیان زۆر كەمە.**

## ئەنجام

لە ئەنجامی گوێگرتن لە كێشەی هاووڵاتیانی قەزای ڕانیە و وەڵامی بەرپرسان سەبارەت بە كێشەی ئەو (350) خانووە دەركەوت كە ئەو هاووڵاتیانەی گلەیی دەكەن مافی ڕەوای خۆیانە كە بە پێی ئەو یاسایەی دانراوە ئەو خانوانە بدرێت بە ئەو كەسانەی كە هاوسەریان هەیە و خانووی





خۆیان نییە و كرێچین، هەروەها حكومەت لە سەریەتی ژمارەیەكی زۆرتر خانوو لە ڕانیە بكات و بیداتە ئەو كەسانەی شایستەن، بەڕای ئێمە باشترین چارەسەر بۆ ئەم كێشانە ئەوەیە هاوڵاتی جارێك سودمەند بێت لە زەوی نیشتەجێبوون ناكرێت زەوی بدرێتێ و بۆی بكرێت بە خانوو، بە تایبەتی لەم كاتەدا كە سلفەی عەقار لە ئارادایە، بەڵام زۆر كەس كە كرێچیە و سودمەند نەبووە بێبەش بێت، لە لایەكی تر وەک دەربڕینی بیروڕای ئازادو پشتگیریكردن لە بڕیارەكەی هەڤاڵ مام جەلال و مەكتەبی سیاسیی (ی ن ک) هەقە بەرپرسان لەم جۆرە كارانەدا خەڵكی تر بخەنە پێش كەسوكاری خۆیان تا بە ڕاستی متمانەی خەڵكی دروست بكرێت و دڵی ڕۆڵەكانی ئەم وڵاتە بە هاوڵاتیبوونی خۆیان لە سەر خاكی نیشتمان خۆش بێت.

لەکوردستانی نویٚ ژمارە (3413) ڕۆژی پێنجشەممە 2004/7/8 بلاّوکراوەتەوە.

# کە زەنگی شۆڕش لیٚدرا لە مەفرەزەکاندا زۆر جار بە (8) کەس تەنها (3) چەکیان پیٚ بوو

سەردەمانیٚ کە پۆلیٚ لە کوڕانی ئەم گەلە ویستیان خەونی ناحەزی داگیر کەران بزڕێنن و دنیا سەرسام بکەن بەوەی لەو سات و زەمەنەدا زەنگی شۆڕش بدەن بە گویٚی دۆست و دوژمنانداو بیسەلمێنن کە میللەتی کورد نەتەوەیەکە بە پیلانی دوژمنانی و بە قورسایی هیٚز لە بەردەم هیچ ئاستەنگیٚکدا چۆک دانادات.

یەکیٚک لەو پیلانە سەختانەی کە کورد لە ڕووی دەروونییەوە پیٚی تووشی نائومیٚدی بوو هەرەسهیٚنانی شۆڕشی چواردە ساڵەی ئەیلول بوو کە بە پیلانیٚکی نیٚو نەتەوەیی و هەریٚمایەتی لە ساڵی 1975 کۆتایی پیٚهیٚنرا، بەلاّم کۆمەڵیٚک لاوو کەسی کورد پەروەرو دڵسۆز بە کوردایەتی نەیانهیٚشت ئەو





هەواڵە نائومیٚدکەرە بە تەواوی خواستەکانی ناحەزان بێنیٚتەدی بانگەوازی مقاوەمەی نەتەوەییان ڕاگەیاندو سەلماندیان کە مەشخەڵیٚکی نویٚ لە گشت بوارەکاندا لە کاروانی ڕیٚگادایە بۆ زیاتر بە ئاگابوون لە چۆنیەتی سەرهەڵدانەوەی شۆڕش و مەفرەزە سەرەتاییەکان، سەردانی ناوچەی شارباژیٚڕمان کرد.

## شارباژیٚری تەخت

هەر چەندە قەزای شارباژیٚر ناوچەیەکی زۆر فراوانە، بەلاّم خەڵکی ناوچەکە کردویانە بە دوو بەشەوە بە بەشی یەکەم دەوتریٚت ( شارباژیٚری تەخت ) واتە ئەو ناوچەیە شاخ و ڕەوەزی سەختی کەمترە، بەلاّم بە ناوچەکەی تر دەوتریٚت ( شارباژیٚری سەخت ) بە مانای شاخ و دوندی بەرزو سەختی زۆری لیٚیە. لە هەر دوو ناوچەدا چەندین گوندی لییە لە سەرەتادا لە شارباژیٚری تەخت چووینە گوندی سیتەك هاوولاّتی ( محەمەد ئەمین سەعید ) بەمجۆرە لە سەر مەفرەزە سەرەتاییەکان، وتی: گەنج بووم لە ساڵی 1976 کوڕیٚکی گەنجی چوار شانەی کورتە بالاّ بە نهیٚنی دەهاتە سیتەك پیٚیان دەوت حاجی چاوشین بە تەنیا دەهاتوو دەچوو گوندەکانی عازەبان و بزەینان و کانی ساردو کانی دڕکەو هۆنەریٚنەو شۆکیٚ پاش ماوەیەك باسی ئەم پیاوە بووە باسی خەڵکی ناوچەکە دوایی دەرکەوت کە پیٚشمەرگەی شۆڕشی نوێیەو خەریکی ڕیٚکخستنی شۆڕشە لە ناوچەکەدا چەند جاریٚك هاتە ماڵی ئیٚمە و باوکم زۆر دەترسا، پیٚی دەوتم: لیٚی نزیك مەبەرەوە، بەلاّم من زۆر خۆشم دەویست، چونکە کوڕیٚکی زیرەك و وشیار بوو پاش ئەو وردە وردە پیٚشمەرگە پەیدا بوو ئەو کاتەی حاجی چاوشین ڕۆیی ، نەگەڕایەوە، دەتوانم بڵیٚم ئەو پیاوە بووە

هەوێنی شۆڕشی نوێ، لەو کاتانەدا پێشمەرگە هەر بەشەو دەهاتن و لێرە نەدەمانەوە لە بەر نزیکی لە جادەو مۆڵگەی بەعس دەچوونە ( چنگیان و باراو و هۆنەرێنە و شۆکی ).

## وتەی ژنێك

هەر لە گوندی سیتەك خاتوو ( ڕووناك تۆفیق )، وتی: کاتێ هەرەسی شۆڕش لە ساڵی 1975 ڕوویدا پێشمەرگە دەگەڕانەوە بۆ سلێمانی بۆ ماڵی خۆیان پاش ماوەیەك ساڵی 1976 بوو پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ پەیدا بوونەوە لەم ناوچەیەی ئێمەدا یەکەم دەستە کە بە کۆمەڵ هاتن ( تایەری حاجی عەزیزو ئەنوەری مەجید سوڵتان و ئەنوەری تۆفیق هەورامی ) بوون ئەمە جگە لەوەی بەتاك و تەرا پێشمەرگە دەهاتن بە تایبەت حاجی چاوشین ، دەستەیەك پێشمەرگە لە ( 10 ) کەس تێپەڕ نەدەبوون، بە نهێنی کۆبوونەوەیان بەو کەسانە دەکرد کە بڕوایان پێیان هەبوو واتە لە ڕێکخستنەکاندا بوون، هەروەها وتی: ئێمەی ژن ڕۆڵی بەرچاومان هەبوو لە خزمەتی پێشمەرگەدا هەر لە نان و خواردن و ئامادەکردن و جل و بەرگ شۆردن، شەوانە ئەو مەفرەزانە چەند گوندێکیان دەکرد بە مەبەستی ئەوەی ورەی خەڵك بەرز بکەنەوە تا بزانن شۆڕشی کورد لە ناونەچووە.

هەروەها دایە ڕووناك ئەم بیرەوەرییەی شۆڕشی نوێی بەم جۆرە بۆ گێڕاینەوەو وتی: شەوێك دەستەیەك پێشمەرگە هاتن بۆ سیتەك، یەکێکیان بە ناوی ( ئەحمەدی خولە تاتە ) بە پێشمەرگەکانی ، وت: لێرە دانیشن تا دێمەوە، ساتێ دەمەو بەیان هاتەوە کلاشینکۆفێکی لە گەڵ خۆی هێنا بوو کە لە سلێمانی لە پۆلیسێکی بەرسجنی سەند بوو، ئەو پێشمەرگانە بە بیروڕایەکی هێندە جوان دەهاتنە ناو خەڵکەوە کە جێگەی سەرسوڕمان بوو ئەو





هەموو پێشمەرگەیە دەچوونە گوندەکانەوە کەسێك هەڵەیەکی لێ نەدەبینین هەموو خەڵکیان بە کەسوکارو خوشك وبرای خۆیان دەزانی.

## ناوچەی ماوەت

لە گەشتەکەمدا بەرەو ناحیەی ماوەت کە لانکەیەکی تری شۆڕشی نوێیە، درێژەم بە ڕەوتی ڕێگادا تا لە باس و خواسی کوڕانی ڕۆژی تەنگانەدا منیش بۆ ئەو مێژووە پڕ شکۆیە خەمێك بڕەوێنمەوەو پەیامێك بگەیەنم لە گوندی ( زەینەڵ ) هاووڵاتی ( غەفوری حاجی کەریم ) وتی: پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لەم ناوچەیەدا ( سیروان تاڵەبانی و ئەنوەری مەجید سوڵتان ) هاتنە ئێرە بەشەو لێرە دەمانەوە بە ڕۆژیش خۆیان دەشاردەوە، پاشان کە مەفرەزە سەرەتاییەکان هاتنە ناوچەکە ئەم بەڕێزانە بوون ( جەمالی عەلی باپیرو سالار عەزیزو ئەحمەدی فەتحوڵلا ئاغا ) بە گیانێکی زۆر لەخۆبردوانەو دڵسۆزانەوە خەباتیان دەکرد، لەو کاتانەدا کە پێشمەرگە دەهاتن بە ( 8 ) کەس تەنها ( 3 ) چەکیان پێبوو، ئەوانەی چەکیان پێنەبوو داریان هەڵدەگرت بۆ ئەوەی خەڵکی بزانێ چەکیان پێیە، پاش ئەوەی خەڵك دڵنیا بوو کە شۆڕش دەستپێکردەوە لە گوندەکاندا چەکیان کۆ کردەوەو دەبوونە پێشمەرگە هەر خەڵکی گوند بوون دەبوونە ڕێبەری ڕێگا بۆ گەیاندنی پێشمەرگە لە گوندێکەوە بۆ گوندو ناوچەکانی تر.

هەر لە سەر ئەو شەڕو نەبەردانەی لە سەردەمی شۆڕشی نوێدا لە ناوچەکەیاندا ڕوویداوە، وتی: لە شۆڕشی نوێدا لەم ناوچەیەدا زۆر شەڕو نەبەردی قارەمانانە کران کە مێژوو تۆماری کردوون لەوانە ( شەڕی پێشی کارێزە- کوێرەنگەو شەڕی حەوت ڕۆژەی دۆڵبێشك و شەڕی سێ مانگەی قەیوان

ماوەت و شەڕی کارێزەو شەڕی بەندەنی واژەو شەڕی گرتنی مەرکەزی سورە قەڵات ).

## بەرەو چەند گوندێکی تر

لە گەشتەکەمدا سەردانی گوندی بەردەپانم کرد لەوێ هاووڵاتی ( ئەبوبەکر سەعید محەمەد ) وتی : بە بیرم دێ کە خەڵك چاوو دڵی زۆر بە دروستبوونەوەی شۆڕش خۆش بوو هیوای هەموومان ئەوە بوو کوردستان ڕزگار ببێت لەو کەسانەی من دیومن کە هاتوونە ناوچەکەمان ( عەلی چوارتایی، جەمالی عەلی باپیرو ئەحمەدی فەتحوڵڵا ئاغا ) پاش ئەوەی ڕژێم زانی شۆڕش گەشەی کردو مەفرەزە زۆر بوون لە ساڵی 1977 خواردنی بایەعی لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە بۆ گوندەکان بڕا بە هۆی ئەوەی پێیان دەوتین ئێوە خزمەت بە پێشمەرگە دەکەن، بەڵام ئێمە هەر هاوکاریمان دەکردن و نانی دەمی خۆمان دەدا بە پێشمەرگە.

لە گوندی بەردەپان هاتمە سەر جادەی سەرەکی و گوندێکی جوان لە سەر ڕێگاکە بە ناوی ( دەشتی تلێ ) وەك کاری ڕۆژنامەوانی ئۆتۆمبێلەکەم ڕاگرت و لە دەرگایماڵێکی قەرەباڵغمداو بەڕێزەوە فەرمووی ژوورەوەیان کردم، پیاوێك بە ناوی ( ئەحمەد مەحموود محەمەد ) پاش خواردنەوەی پەرداخێ دۆی سارد، لە سەر شۆڕشی نوێ، لێمپرسی ( لەم ناوچەیەدا چۆن شۆڕش دروستبوو ) ئەویش وتی : یەکەم مەفرەزە لە ناوچەی ماوەت لە سەر دەستی ( جەمالی عەلی باپیر و ئەحمەد فەتحولا ئاغا و کاك فاتیح شوانی و مامۆستا غەفور ژاژڵەیی ) دروستبوو، کاتێك دەهاتنە گوندەکان، پیاوێك لەم ناوچەیەدا بە ناوی ئەحمەدی فەقێ ڕەشید کاری دەکرد کە چەند کەسێك هاوکاری بوون لەوانە ( جەلالی عەزیز ماوەتی و حەمە کەریمی مام قادرو عوسمان ماوەتی و سەید





ئەحمەدو ئەبوبەکری برای ) شۆڕشیان هەڵگیرساند لەو کاتانەدا کوێخای گوندەکان بەعس دروستیکردبوون بۆ ئەوەی بە ئاگابن لە وەزعی شۆڕش، بەڵام لەو کوێخایانە زۆریان خەڵکی باش بوون، واهەستدەکەم بە هۆی ئەوەی خەڵك شۆڕشەکەی بە پێویست دەزانی شۆڕشەکە زۆر زوو گەشەی کردو چووە ناو خەڵکەوە ئەم شۆڕشە دڵی خەڵکی ڕادەگرت و خەڵکیان بێزار نەدەرکرد بە واتە پەروەردەیەکی شۆڕشگێڕی باش لە ناو پێشمەرگەدا بەدی دەکرا، نموونەش لە کاتی شەڕەکاندا خەڵکی گوند بە ژن و پیاوەوە دەبوونە هاوکارو هاوخەمی پێشمەرگە پیاوان وەك هێزی پشتیوان و ژنانیش بەنانکردن و خزمەتکردن کاریان لە گەڵ پێشمەرگە دەکرد.

## بەرەو ئالان

لەو گەشتەمدا بەرەو زێدی باپیرانم ملی ڕێگەم گرت، ئالان سنورێکی بەربڵاوی هەیەو لانکەیەکی تری شۆڕشی نوێیەو ئەم ناوچەیە بە ( 9 ) گوند دەوترێ ئالان.

لە گوندی شاناخسێ مام ( ئەحمەد ئەحمەد محەمەد ) بە مجۆرە باسی شۆڕشی نوێی بۆ کردم و وتی : یەکەم مەفرەزە کە هاتە ئەم ناوچەیە جەمالی عەلی باپیر و شێرکۆ ناوێك بوو ، بیرمە ساڵی 1976 خەڵکی گوندەکەیان لە مزگەوت کۆکردەوەو بانگی شۆڕشی نوێیان بە گوێدا داین ئەو مەفرەزەیە تەنها ( 6 ) کەس بوون، بەشەو کۆبوونەوەیان بە خەڵکی گوندەکان دەکرد، جگە لە ( جەمالی عەلی باپیر، عەلی چوارتایی و مستەفا چاو ڕەش ) دەهاتنە ناوچەکە، خەڵکی ئالان زۆر بە پەرۆش بوون، لەم گوندەدا زۆر کەس پەیوەندی بەو مەفرەزانەوە کرد لەوانە کاك مەجیدی حاجی عەلی و چەند کەسێکی تر ئێمەی دانیشتوانی نۆ دێی ئالان هەموو هاودەنگ بە دەنگ شۆڕشی نوێوە چووین چەکی زۆرمان کۆکردەوە هیچ کەس نەبوو لەم ناوچەیەدا دژ بە شۆڕش بێت

دەتوانم بڵێم لەم سنورەدا تەوقێك شكێنراو زیاد لە (50) كەس پەیوەندیان كرد بە شۆرشی نوێوە، لەو كاتانەدا كە هێزی دوژمن دەهات كە گرنگترین شەڕ بیرم بێت ئەمانە بوون : (شەڕی گۆجاریٚ بناویلە) بوو دەتوانم بڵێم بۆ ئەو كاتە لووت شكانی بەعس بە زەقی بەدیدەكراو سەركەوتنی ئەم شۆرشە بووە ئەو ئومێدەی كە ئەمڕۆ لە سایەیدا بە خوێنی گشت شەهیدان داری ئازادی و سەرفرازی كوردی ئاودراو ئاواتەكا نمانی گەیاندە مەنزڵ.

لەكوردستانی نویٚ ژمارە (3688) ڕۆژی هەینی 2005/6/3بلاٚوكراوەنەوە.

## دامەزراندنی كۆلیجی ئەركان دەسكەوتیكی مەزن و سەروەرییەك بۆ گەلی كورد

***سەرقاڵی كاری كۆتایی ڕیپۆرتاژێك بووم سەبارەت بەو پڕۆژانەی لە ناو شاردا ئەنجام دەدرێت كە لە لایەك دەبنە هۆی جوانی و گەشی شارو لە لایەكی تر بە هۆی لەكاركەوتنی ژمارەیەك لە پرۆژە خزمەتگوزاریەكان وەك شكانی بۆری و پچڕانی هێڵی تەلەفونات، لە ناكاو زەنگی مۆبایلەكەم بە ئاگای هێنامەوە لەو كاتەدا گوێبیستی دەنگی لێپرسراوی لا پەڕەی ڕیپۆرتاژ بووم و پێی ڕاگەیاندم كە كۆلێجی ئەركان لە چوارقورنە دامەزراوە، بە باشی دەزانم ڕیپۆرتاژێكی لە سەر بكەین، هەر بۆیە چەند ڕۆژێك دوای ئەوە بە ئۆتۆمبێلێكی ڕاگەیاندن بەرەو چوارقورنە بەرێكەوتم تا لە نزیكەوە كۆلێجەكە بە سەر بكەمەوە.***





### دەروازەیەك

هەر ولاٚتێك سوپای نەبێت ناتوانێت سەروەری خەڵك و خاكەكەیبپارێزێت، یەكێك لەو هۆكارانە مەشق پێكردن و ئامادە كردن و پێدانی زانیاریی نوێیە لە سەر لایەنە سەربازییەكان، دیارە ئەو شوێنەش كە دەبێتە مەنزڵی ئەمانە كۆلێجە ئەمیش هەروا بە ئاسانی دانامەزرێت، بەڵكو كات و هەوڵی زۆری دەوێت دەتوانم چەند نموونەیەك بێنمەوە كە وولاٚتانی زلهێزو خاوەن دەوڵەت و شكۆمەندی چەندیان ویستووە تا كۆلێجی ئەركانیان دامەزراندووە. ولاٚتی ئەڵمانیا ساتێك فریدریكی گەورە ویستی كۆلێجی ئەركان دامەزرێنێت لە ساڵی 1765 دەستی پێكرد، بەلاٚم تا ساڵی (1810) ئینجا توانی تەواوی بكات، یان فەرەنسییەكان ساڵی 1766 توانیان ئەكادیمی نا پلی دا بمەزرێنن واتە پاش 40 ساڵ، بەریتانییەكانیش لە ساڵی 1810 خەریك بوون ئینجا ساڵی 1858 دایا نمەزراند، هەروەها هیندییەكانیش ساڵی 1875 دەستیان پێكرد، بەلاٚم ساڵی 1905 دروستیان كرد.

ئەگەر هەلومەرجی ژیان و بارودۆخە سیاسی و كۆمەلاٚیەتییەكانی ئەو ولاٚتانە بەراورد بكەین لە گەل هەلومەرجی كوردستاندا، ئاستەنگ و بەربەستی گەورەی مێژوویی هاتوونەتە ڕێڕەوی گەلی كورد، هەر لە كێشە ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانییەكان كە زیاتر ئەم گەلەیان سەرقاڵ كردووە، بەلاٚم بە بەراورد لە گەڵ مێژووی دامەزراندنی كۆلێجی ئەركان لەو ولاٚتانەدا لای ئێمە هەنگاوی باش و خێرای بینی بە هەوڵ و كۆششی دڵسۆزان كە لە سەر پێشنیارو بڕیارو بەدەنگەوە هاتنی دڵسۆزان و خەمخۆرانی ئەم بوارە پاش سیانزە ساڵ لە ڕا پەڕینی گەلەكەمان ئەم كۆلێجە دامەزرا.

### پێش دواندن

بە گەیشتنمان بۆ چوارقوڕنە و پرسیارکردن لە شوێنی کۆلێجی ئەرکان، خەڵکی ئەوێ پێیان وتین لە لای قەلایە، جادەی قیرمان گرت و بەرەو شوێنی دیاریکراو ڕێکەوتین بە نزیکبوونەوەمان لەو بینا گەورەیەی کەوتبووە سەر ڕێگاکەمان چەندین سەربازمان بینی کە بۆ پارێزگاریکردن لە کۆلێجەکە دانرابوون، لە پرسگە نزیك بووینەوەو دوو سەرباز هاتن بۆ لامان تا بزانن هۆی چوونمان بۆ ئەوێ چییە؟ ساتێك وتمان ڕۆژنامەنووسین و لە کوردستانی نوێوە هاتووین ئامێزی ڕێزیان بۆ گرتینەوەو بە پێشوازی گەرم بەرەو لای موقەدەم ( حسەین ) ی خەڵکی شاری قەلای هەولێرکە خەمخۆری کولێجەکەی تیا بەدیدەکراو لەوێش پاش چەند قسەیەك لە گەڵمان هات بۆ لای عەقیدی ئاسایشی کۆلێج عەقید ( سەرۆك قادر ) کە خەڵکی ناوچەی خانەقین-ە، پاش کەمێك دانیشتن لای ئەو بەرەو ژووری عەمیدی کۆلێجی ئەرکان براین، لەوێش لیوا ڕوکن ( جەلال مەحموود محەمەد ) پێشوازی لێکردین و کەمێك پشوومان داو هۆی سەردانەکەمان بۆ کۆلێجەکە ڕوونکردەوەو ئەویش ڕەزامەندی خۆی نیشاندا بەهاوکاریکرد نمان.

جوانی دیمەنی کۆلێج و ڕێکردنی یاسا سەربازییەکان بە تەواوی دڵی خۆشکردم و هیواو ئومێدم بە ئەزموونی نەتەوەکەم گەشتر بوو هەر شێوازی وەستانی سەربازەکان و بە زنجیرە گواستنەوەی کارو بارەکان تا دەگاتە بالاترین بەشی کۆلێجەکە بۆیە زۆر بە ووردی سەرنجی گشت کەس و شتەکانی ئەوێم دەدا.

## لە کەمترین ماوەدا دامەزرا

پاش پشوودانێکی کەم لە ژووری عەمیدی کۆلێجی ئەرکان، ئینجا کەوتینە گفتوگۆکردن و لە وەڵامی ئەوەی ئەم کۆلێجە چۆن دامەزرا لیوا روکن ( جەلال





مەحموود محەمەد ) وتی: کۆلێجی ئەرکان لە 2003/11/8 بە فەرمانی فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دامەزرا، سەرەتا بارەگاکەمان لە سەرکردایەتی ئەرکان بوو لە سلێمانی دواتر لە مانگی شوباتی 2004 بارەگاکەمان گواستەوە بۆ چوارقوڕنە، ئەم کۆلێجە دامەزراو تەواو بوو لە ماوەیەکی زۆر کەمدا کە تەنها شەش مانگی پێچوو بە هەوڵ و تەقەلای دڵسۆزانی گەلەکەمان لە سەرویانەوە هەڤاڵ مام جەلال و پاشان کاك نەوشیروان و فوئاد مەستی گرنگی کردنەوەی ئەم کۆلێجە ئەوەیە کە دەزگایەکی زانستی سەربازییەو ئەرکی بنەڕەتیشی گەشە پێدان و فراوانکردنی بیری کۆمەڵێکی دیارە لە ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی تواناو ئامادەکردنیان بۆ ئەوەی لێپرسراوێتی وەرگرن لە پلەو پایەکانی سەرکردایەتی و ئەرکان پاش تێپەربوونی ماوەیەك بە مانای کە ئەفسەرەکان لە کۆلێجی سەربازی دەردەچن دوای ئەوەی کە مەشقی کردەیی لە ناو سوپادا تەواو دەکەن بۆیان هەیە بڕوانامەکەیان بەرزتربکەنەوە، دێنە ئێرەو بڕوانامەی ماجستێر وەردەگرن لە زانستە سەربازییەکاندا، پاش ئەوەی داخلی دەورە دەبن، دەورەکەش ئەم مەرجانەی تیایە بۆ وەرگرتنیان لە کۆلێجی ئەرکان.

* دەبێت پلەی لە نەقیب کەمتر نەبێت و لە موقەدەمیش بالاتر نەبێت.
* نابێت تەمەنی لە 35 ساڵ زیاتر بێت.
* بڕوانامەی ئامادەیی هەبێت ( هەر لقێك بێت ).
* دەرچووی کۆلێجی سەربازی بێت واتە بەکالۆریۆسی هەبێت.
* زیاتر لە نیوەی خزمەتی وەك ئەفسەرێك لە یەکە چالاکەکاندا کاری کردبێت.

* لە دوا پلەیدا بە هیچ شێوەیەك سزا نەدرابێت.

* ڕەزامەندی فەرماندەی یەکەکەی لە سەر بێت کە بێتە ئێرە.

هەروەها وتی: دوای بەشدار بوونی لە تاقیکردنەوەکە جارێکی تر چاو پێکەوتنی لە گەڵ دەکرێت کە لیژنەیەك ئەنجامی دەدات بە سەرۆکایەتی عەمیدی کۆلێجی ئەرکان، هەروەها لە پاش وەرگرتنی، ناوی بەرز دەکرێتەوە بۆ فەرماندەیی گشتی، ئەوانیش ڕەزامەندی لەسەروەرگرتنی دەدەن و ئینجا دەبێتە خوێندکار لە کۆلێجی ئەرکان لێرەش ماوەی خوێندنی دوو ساڵە و کاتی خوێندن 1980 سەعاتە.

لە وەڵامی ئەوەی گۆڕان بەسەر کاتی خوێندندا نایەت، وتی: بۆ فەرماندەی گشتی هەیە لە حاڵەتی پێویستدا دوو ساڵەکە کەمبکاتەوە بۆ ساڵێك بە مەرجێك لە سەر حسابی وانەکان نەبێت واتە پشووەکان کەمبکرێتەوە، شەش وەرزی خوێندنمان هەیە واتە بۆ هەر ساڵێك سێ وەرز لە نێوان وەرزێك و یەکێکی تر (25) ڕۆژ مۆڵەت هەیە، لە کاتی کەمکردنەوەدا بە تایبەت کاتی جەنگ و حاڵەتە نائاساییەکان مۆڵەتەکان کەمدەکرێنەوە لە باتی مانگێك دەکرێن بە هەفتەیەك، یان زیاد کردنی سەعاتی خوێندن ڕۆژانە لە چوار سەعات بۆ شەش سەعات بە واتە ئەو پرۆگرامەی دانراوە هەر دەبێت تەواو بکرێت، تا بڕوانامەکەیان کە ماجستێرە لە کاروباری سەربازییدا جێگەی بڕوا پێکردن بێت، هەروەها سەبارەت بە جیاوازیی کۆلێجی سەربازی قەڵاچوالان وتی: جیاوازییەکە ئەوەیە کۆلێجی ئەرکان بڕوانامەکەی بەرزترە ئێرە ماجستێرە، بەڵام ئەوێ بەکالۆریۆسە، هەروەها ئەوان خوێندکارن کە لە ئامادەیی دەردەچن و فێری ئەلفبێی سەربازی دەبن، بەڵام ئێرە پاش شەش ساڵ لە ئەزموونی ئەفسەری و کارکردن لە یەکەکاندا، ئێمە زانیاری سەربازی نوێی جیهانیان فێر دەکەین.





پرسیاری شێوازی بەڕێوەبردنی کۆلێجەکەو ژمارەی بەشەکانمان لێکرد لە وەڵامدا وتی: کۆلێجەکەمان لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت کە ئەمانەن: (باڵی خوێندن، باڵی ڕاهێنان، باڵی کارگێڕی) هەر یەکێك لەم باڵانەش چەند بەشێك لە خۆ دەگرێت، شێوازی بەڕێوەبردنی کۆلێجیش لە ڕێگەی ئەنجومەنی کۆلێجەکەوەیە کە ئەم ئەرکانەی لە سەرە:-

* لانی کەم لە مانگێکدا جارێك کۆدەبێتەوە، یان لە سەر داوای سەرۆکی ئەنجومەنی کۆلێج کە عەمیدی کۆلێجی ئەرکانە.

* دانانی فەرمانی نەگۆڕ بۆ کۆلێج.

* لێکۆڵینەوەی سیاسەتی وانە وتنەوە بۆ کۆلێج و گفتوگۆکردن لە سەر کاتێك بۆ کاتێکی تر.

* دیاریکردنی بەشە وانەکانی هەفتەیی.

* کەمکردنەوەو زیادکردنی ماوەی خوێندن بۆ هەر خولێك.

* پاك ڕاگرتنی خوێندن لە کۆلێجدا.

* ڕاپۆرتی دەرکردنی ئەفسەرە خوێندکارەکان بە گوێرەی سیستمی کۆلێج.

سەبارەت بەو خوێندکارانەی لە کۆلێجی ئەرکان دەردەچن ڕۆڵیان چی دەبێت لە ناو سوپای کوردستاندا، وتی: ئەوانەی پاش ئەوەی لێرە بڕوانامەی ماجستێری ڕوکنیان وەرگرت خزمەت دەکەن لە یەکەکانی کوردستاندا بە پلەو پایەیەکی بەرزترو ئەزموونی باشتر تا بتوانن سوپای کوردستان بە شێوازێکی نوێ و خاوەن ئەزموون و پێشکەوتوو ڕابێنن و بە باشترین شێوە بەرگری لە خاکی نیشتمانەکەمان بکەن.

هەروەها لە بەشی ئاسایشی کۆلێج عەقید (سەرۆك قادر ڕۆستەم) کە لێپرسراوی بەشەکەیەو مامۆستای بەشی دەریاییە لە کۆلێج، ژیانی خۆی باس

کرد کە کوردێکی خانەقینییەو لە بەسرە لە دایك بووە، بەلاَم بە هۆی وشیاری نەنکی و دایکی و باوکی لەو شوێنەدا ئەو ناوە کوردییەیان لێناوەو نەیانهێشتووە زمانی کوردی لە بیر بچێتەوە، سەبارەت بە بەشەکەی وتی: بەشی ئاسایشی کۆلیّج دامەزراوە بۆ پاراستنی کۆلیّج، هەموو سەربازەکان ڕێنمایی دەکەین تا بە باشی پارێزگاری کۆلیّجەکە بکەن، لەم کاتەدا کە ناحەز بە ئەزمونەکەمان زۆرن دیارە کۆلیّجی ئەرکانیش ماڵی خۆمانەو پێویستە ئاگامان لە پاراستنی ئاسایشی بێت، هەروەها بەشی ئاسایشی دەرەوەو ناوەوەی کۆلیّج دەگرێتەوە، ئاسایشی دەرەوە هەموو هێرش و بۆردومانێك دەگرێتەوە کە بکرێتە سەر کۆلیّج، ئاسایشی ناوەوەش ئاگادار بوونی کۆلیّجە لە ناوەوەی بینای کۆلیّجەکە، هەروەها ژمارەی ئەو سەربازانەی بەشداری ئاسایشی کۆلیّج دەکەن دەگاتە (90) سەرباز، هەروەها سەبارەت بەوانە ووتنەوەی لە بەشی دەریایی کۆلیّجی ئەرکان وتی: لە کۆلیّجدا سێ بەش هەیە کە وانەی تێدا دەوترێتەوە ئەوانیش بەشەکانی (دەریایی و ئاسمانی و وشکانی) یە من لێرە مامۆستام لە بەشی دەریایی، لە کوردستاندا من تاکە مامۆستای ئەم بەشەم بۆیە بە پێویستی دەزانم پێشمەرگەی کوردستان فێر بکەم لە سەر زانیاری بەشەکە تا بزانن دۆخی دەریایی چییە و چۆنە هەر چەندە دەریای واگەورە لێرە نییە، بەلاَم پێویستمان بە زانیاریی لە سەر ئەم بەشە هەیە، ئەفسەرە خوێندکارەکان بە باشی گوێبیستی وانەکانم دەبن و حەز لە زانیاریەکان دەکەن کە فێری ببن.

## بەرەو بەشی وشیاری کۆلیّج

لە بەشی وشیارکردنەوەو روناکبیری کۆلیّجدا چاومان کەوت بە موقەدەم (حسین جواد) ی سەرپەرشتیاری ئەم بەشە، سەبارەت بە ڕۆڵی ئەم بەشە وتی:





بە گوێرەی پرۆگرامی کۆلیّجەکەمان هەفتەی دوو ڕۆژ لە ڕۆژانی یەك شەممە و سێشەممە بۆ ماوەی یەك تا دوو کاتژمێر ئێمە هەڵدەستین کۆبوونەوە دەکەین بە سەرجەم ئەفسەران و کارمەندان و پێشمەرگەکانی کۆلیّجەکەمان تا بەئاگابن لە ڕووداوەکان لە بواری سیاسیەوە، دەرگای کۆلیّجیش والاَیە بۆ سەرجەم ڕوناکبیران و خەڵکانی دڵسۆزو نیشتمان پەروەر کەبێن بەشدار بن لەم کۆڕو کۆبونەوانەدا، پێشوازییان لێ دەکەین، دەربارەی ڕۆڵی کۆلیّجی ئەرکان لە کوردستاندا وتی: کە باسی ڕۆڵی کۆلیّج دەکەین ناوی کتێبەکەی شەهید ڕێبازم بە بیر دێتەوە کە بە ناوی (قەندیل بەغدای هەژاند)بوو منیش دەڵێم کۆلیّجی ئەرکانی کوردستان کۆلیّجی ئەرکانی بەغدای هەژاند بەوەی لە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس هەڤاڵ مام جەلال لە سەر پێشنیارو بیروبۆچوونی خۆی گرنگی بەهێنان و دامەزراندن و کردنەوەی کۆلیّجی ئەرکان لە هەرێمی کوردستاندا، تەنانەت کارێکی وایکرد هەرچی مامۆستاو کادرە بە تواناکانی کۆلیّجی ئەرکان هەبوو هێنانی بۆ ئێرە بە هەموو زانستەکان و پرۆگرامەکانیەوە تا لە کوردستاندا ئەم کۆلیّجە دا بمەزرێنێت و ئەفسەرەکانیش لە بەغدا بە ڕۆحێکی نیشتمان پەروەرانەوە هاتن بە دەنگ داواکەی مام جەلال لەم بارودۆخە خراپەی کە شارو شارۆچکەکانی ئەوانی تێدایە هاتنە ئێرە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان لە گەڵ ئەوەی خزم و خێزانەکانی خۆیان جێهێشتووە بە گەیاندنی زانیاری بە ئەفسەرە خوێندکارەکانمان خزمەت دەکەن ئەمە جگە لە دڵسۆزی هیچی تری تێدا بەدی ناکرێت و زۆر سوپاسیان دەکەین بە ناوی گەلی کوردستانەوە.

## ئەفسەرە خوێندکارەکان

بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر کۆلێجەکەو بۆچوونی ئەفسەرە خوێندکارەکان لەم ڕووەوە چەند ڕازێکی ئەوا نمان وەرگرت بەم جۆرە:

سەرەتا ئەفسەری خوێندکار موقەدەم (نەجمەدین عومەر قادر) وتی: لە 2004/4/4 وەك خوێندکارێك لێرە دەوام دەکەم پەیوەندیم بە کۆلێجی ئەرکان کردووە، بە ڕاستی ئەو وانانەی کە لێرە دەیخوێنین زۆر بە تێروتەسەلی دێتە بەردەستمان هەر ئەو وانانەن کە لە کۆلێجی ئەرکانی بەغدا خوێندراون و مامۆستاکان پێمان دەڵێنەوە بە باشی و جوانی، سەبارەت بە شێوازی هەڵسوکەوتی مامۆستاکان لە گەڵیان وتی: هەڵسوکەوتی مامۆستاکان لە گەڵمان شێوازی ئەفسەرە لە گەڵ ئەفسەردا، چونکە ئەوان دەزانن ئێمە لە پلەیەکی سەرەتاییدا نین ئەو گیانەی لە ئێمەدا هەیە لە ئەوانیشدا هەیە. هەروەها ئەو ڕاستییە دەزانن کە ئێمە هاتووین بۆ ئەوەی فێر بین و گەشە و تەکان بە ڕێڕەوی سەربازی خۆمان بدەین، تا کوردستانی ئێمەش هیچی کەمتر نەبێت لە وولاّتانی دیکە، ڕاستە بۆ یەکەم جارە ئەم کۆلێجە لێرە بکرێتەوە، ئێمەش خۆمان بە خاوەنی گەورەی دەزانین و لێرەوە هەست دەکەین کوردستانیش خەڵکانێکی وای هەیە کە بتوانێت لە کۆلێجی ئەرکانی شوێنەکانی تر بخوێنێت و سەرکەوتنیش بە دەست بێنێت، هەر لە ژوورەکانی خوێندن ئەفسەری خوێندکار موقەدەم (ئیبراهیم ساڵح عەبدولڕەحمان) وتی: لەو کاتەی هاتومەتە ئێرە هەست دەکەم زانیاریەکی باشمان وەرگرتووەو خوێندنی ئێرە زۆر سودی لێوەردەگیرێت، چونکە زۆر چروپڕترە لە هەموو بوارە سەربازیەکاندا، پاش کۆتایی هاتنی خوێندنمان لێرە کە دەگەڕێینەوە بۆیەکەکانمان دەتوانین زیاتر پەرە بدەین بە بواری سەربازی لە کوردستاندا لەو کاتەشدا دەتوانین زیاتر بەرگری لەم خاکە بکەین و سوود لەو زانستە





سەربازیانە وەربگیرێت، بێزانینی ئەو زانستە سەربازیانە ناتوانین بە باشی ڕێڕەوی یاساکانی سەربازی بناسین هەر بۆیە زانین و فێر بوون لەم کۆلێجە بە هۆکاری سەرکەوتنی دادەنێم. سەبارەت بە جۆری وانەکان وتی: لێرە جۆری خوێندن لە ڕێگەی وانەیە بە هەر دوو شێوەی پراکتیکی و تیۆری جگە لەو وانانە وانەکانی کۆمپیوتەرو زمانی ئینگلیزیش دەخوێنین و هیچ جۆرە کێشەیەك لە تێگەیشتن و ڕاڤە کردن نایەتە ڕێگەمان، چونکە هاوکارێکی باشی یەکترین لە گەڵ مامۆستاکاندا.

خوێندکارێکی تر لە سەر کورسیەکەی دانیشتبوو خۆی خەریك کردبوو بە نووسین بۆیە بە باشمزانی بچمە لای و لە ناوەکەیم پرسی وتی: ئەفسەری خوێندکار موقەدەم (کامەران محەمەد شەریف) پرسیارم لێکرد لە سەر شوێن و جێگای حەوانەوەو شێوازی خواردن لە ناو کۆلێجدا لە وەلاّمدا وتی: من هەست بە دڵنیاییەکی زۆر دەکەم جگە لە دابینکردنی هۆکانی خوێندنمان شوێنی پشوودانمان بۆ دیاریکراوە بۆ هەر ئەفسەرێکی خوێندکار ژوورێکی تایبەت لە گەڵ پێداویستی ناو ژوورەکە لە بوونی دۆلاّب و ڕاخەرو قەرەوێڵە و موبەریدەو پێویستی تر. هەروەها خواردنی کۆلێجیش سێ ژەمی دیاریکراوە وەك هەر یەکەیەکی سەربازی ترو هیچ کەموکوڕی نییە لە خواردنەکاندا، چونکە لیژنەی سەرپەرشتی کردنی خواردن لە ئەفسەرە خوێندکارەکان دیاری دەکرێت و حەوت کارمەند دانراوە بۆ لێنان و دابەشکردنی خواردن، هەروەها سەبارەت بە شێوازی پێدانی مۆڵەت بە ئەفسەرە خوێندکارەکان وتی: مۆڵەتی ئاساییمان هەیە بە پێی یاساو جۆری کۆرسەکان، ئێمە شەش کۆرسی دەوام دەکەین جگە لە مۆڵەتی دوای کۆتایی هاتنی هەر کۆرسێك هەموو پێنج شەممەو هەینیەك دادەبەزین، پرسیم: ئەم کۆلێجە چۆن دەبینیتەوە؟ وتی: زۆر بە گەشی دەبینم و سەیری

**ئایندەی خۆمان دەکەم. پاش دەرچوونمان لێرە پلەی ڕوکن وەردەگرین کە گەڕاینەوە یەکەکانی خۆمان ئەو ئەزموونەی لێرە فێری بووین کە زانستی سەربازییە بە سوپای کوردستانی دەگەیەنین، چونکە لەمەوبەر ئەفسەری ڕوکن لە کوردستاندا کەم بووە، بەڵام لەمەودوا هەر یەکەیەك ئەفسەر روکنێکی بۆ دادەنرێت تا کارەکان بە باشی بەڕێوەبچن.**

## سەربازە پاسەوانەکان

**بۆ ئەوەی گشت لایەنەکان بە سەر بکەمەوە لە کۆلێجەکەدا بە باشمانزانی سەربازێکی پاسەوان کە ناوی (بەهرام عەبدوڵرەحمان ئەحمەد) بوو وتی: من سەربازی خۆبەخشم لەو کاتەوەی کۆلێجەکە کراوەتەوە هاتومەتە ئێرە، ئێمە لێرە هەر ئیشێکمان پێبسپێرن ئەنجامی دەدەین لە پاراستنی کۆلێج و ئەرکی سەربازی تا ئێمە ببینە شورایەکی بەهێز بۆ پاراستنی ئەم دەستکەوتەی گەلەکەمان.**

**هەروەها (ئەحمەد محەمەد ناسر) کە ئینزیباتی خۆبەخشە لە کۆلێجەکەدا بەم جۆرە بۆمان دواو وتی: ئێمە لێرە حەوت کەسین دوا نمان لە دەرگای یەکەمی دەرەوەین کە هەفتە بە هەفتە دەوام دەکەین و یەکێکیشمان لە دەرگای کۆلێجە لە سەرەوەو ئەوانی تریشمان لە ناو کۆلێجداین، ئیشی ئێمە لێرە چاودێریکردنی سەربازانی کۆلێجە بۆ پاراستنی یاساکانی کۆلێجەکە لە پێناو ڕێکوپێککردنی کاروبارەکانیدا، هەروەها پێشوازی لەو میوانانە دەکەین کە سەردانی کۆلێج دەکەن. ڕێوشوێنی یاسایی دەگرینە بەر لە هۆی هاتنیان بۆ**





**ئێرەو نیشاندانی ئەو کەسەی دەیانەوێت بیبینن لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوەی ئەفسەری تایبەت بەو کارە، سەبارەت بە مۆڵەتیش ئێمە شەوانە دادەبەزین تەنها یەك شەو لە هەفتەیەکدا ئیشکگرتنمان هەیەو ئینزیباتەکان هەموومان خەڵکی ناوچەی ڕانیەین.**

لەکوردستانی نوێ ژمارە (3456) پێنجشەممە 2004/8/26 بلاّوکراوەتەوە.

## ( PUK tv) 15 **ساڵ تەمەنی تێپەڕاند**

**لە بیرمە ڕۆژی 1991/9/11 ئەو ساتەی بەڕێز مام جەلال سەردانی شاری سلێمانی کردو لە مەلعەبەکە وتارێکی ئاڕاستەی خەڵکی کوردستان کرد، لە ناو گەرمەی چەپڵەڕێزانی خەڵکیدا پێشوازی لە وتەکانی دەکرا وەک هەمیشە وورەی بەبەر خەڵکی سلێمانیدا هێنایەوە، هەرچەندە هێزەکانی ڕژێمی بەعس بە تەواوی کوردستانیان چۆڵ نەکردبوو پاش گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە هەمان وتاری مام جەلال-م لە تەلەفزیۆن بینی کە پەخش دەکرا، خەڵکی گەڕەک زۆر لایان سەیربوو تۆ بڵێی ئەم تەلەفزیۆنە کوێ بێت و هی کێ بێت؟ دوای چەند ڕۆژێک دەرکەوت کە تەلەفزیۆن کراوەتەوە ، ئەویش تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانە، ئەمە یەکەم هەنگاو بوو کە خەڵکی لەو ساتەدا سەیری تەلەفزیۆنی خۆیان بکەن.**

**بەرەو ئەزمر**

ڕۆژی 9/7 بەرەو ئەزمڕ بەڕێکەوتم، هەر کە گەیشتین لە پرسگە پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین و کارگێڕی تەلەفزیۆنیان ئاگادار کردەوە کە لە گەڵمان بێت بۆ سەردانی بەشەکان، (کۆسار عەلی محەمەد) لە بەشی کارگێڕی باسی بەشەکەی خۆیانی کردو وتی: (ئەم بەشە چەند بەشێکی تر لەخۆ دەگرێت لەوانە پرسگە و شۆفێرەکان و بەدالە و چێشتخانە) ئەو پێیوابوو زۆربەی کارەکانی تەلەفزیۆن لە ڕێگەی بەشەکەیانەوە ڕایی دەکرێت هەر لە گشت نووسراوەکانی هاتوو، دەرچوو، ئەم بەشە لە (31) کەس پێکهاتوون.

پاش ئەوە سەردانی بەشی مۆنتاژی هەواڵمان کرد کە لە شەش کەس پێکهاتبوو لەوێ (ئیسماعیل ئەحمەد ساڵح)، وتی: (کارەکەمان ئامادەکردنی وێنەو مۆنتاژی ڕا پۆرتە بۆ هەواڵەکان، ئەو دەیووت: (ژمارەی کارمەندەکانمان کەمەو بڕیارە زیادییکەن).

## بەشی منداڵان

بەشی منداڵان بەشێکی زیندوو دیارە لە تەلەفزیۆن هەر لە سەرەتاکانی تەلەفزیۆنەوە ئەم بەشە ڕۆڵی باشی گێڕاوە تا ئەمڕۆ، لەوێ دیاری حەسەن ڕەحیم، وتی: بە (6) ئامادەکارو 3 بێژەرو مۆنتێرێکی تایبەت بەم بەشە کارەکان ڕادەپەڕێنن، هەر لەو بەشە فەرهاد مارف مستەفا ، توێژەری کۆمەڵایەتی کە توێژینەوە لە سەر بەرنامەکانی منداڵان و گوێگرتن لە بیروبۆچوونی منداڵان دەکات، ئەویش لە پێناو زیاتر پێشخستنی بەرنامەکان، هەر لەو بەشە کیژێکی ژیرو بێدەنگم بینی زانیم کە ئەو کیژەیە ڕاستەوخۆ بەرنامەی (ئارەزووی منالان) لە ڕۆژانی پێنج شەممان پێشکەش





دەکات ئەویش (ئاوان شوان کابان) بوو زۆر حەزی لە ئیشی بێژەری منداڵان دەکردو خۆشحاڵ بوو بە کارەکەی.

## بەرنامەی باشمان هەیە بۆ گۆڕان

سەردانی ژووری جێگری بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنم کرد لەوێ زۆر خۆشحاڵ بووم کە جارێکی تر هاوڕێی ڕۆژنامەوانیم کاك فازیڵ قەسابم بینییەوە، ئەو سەرەڕای پیرۆزبایی لە یادی تەلەفزیۆن دەیووت: ئەم تەلەفزیۆنە بە ئیمکانیەتی دیاریکراو دامەزرا لە هەندێ ڕووەوە تا ئێستاش ئەو ئیمکانیەتە هەر دیاریکراوە، چونکە ڕێگەو جێگەی تایبەت بە تەلەفزیۆن پێویستە تایبەت بێ، سەرەڕای سەختی ڕێگەو دووری و لە زستانانیشدا سەرماو بەفر دەبنە ڕێگر لە ڕاییکردنی کارەکانمان، سەبارەت بە بوونی تەلەفزیۆن لە کەناڵێکی ناوخۆییەوە بۆ سەتەلایت کە ماوەیەکە باسی لێوەدەکرێ چی کراوە، جێگری بەڕێوەبەر وتی: ( ئێستا لە کارکردندایین تا بینا نوێیەکە تەواو بێت و لە ماوەیەکی کەمدا هەنگاو دەنێین، هەر چەندە پێش ساڵێك لەمەوبەر هەڤاڵ مام جەلال ئەو بڕیارەیداوە، بەڵام ئەو کارە پێویستی بەکاتە، لە بەرنامەدایە لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتیەوە گۆڕان بە سەر تەلەفزیۆندا بێنین، دەبێت دوانەکەوین لەو پێشکەوتنەی کەناڵەکانی جیهان کە بە دەستیان هێناوە، چاوەڕێی ئەوەین بیناکەمان تەواو بێت و لە ماوەی دوو مانگی داهاتووشدا کەرەستەو ئامێرەکان بگەن، ئێمەش دەستدەکەین بە پەخشی ئەزموونی هیوادارم ببێتە کەناڵێکی کوردی تر کە سوود بە نەتەوەکەمان بگەیەنێ لە گشت بوارەکاندا، سەبارەت بەو هۆکارانەی کە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان تا ڕادەیەك نەیتوانیوە لە ئاست خواستی بینەری کوردا بێت، کاك فازل قەساب دەیووت: چەند هۆکار هەن لەم ڕووەوە لەوانە بوونی

تەلەفزیۆنەکە لە دەرەوەی شارو دووری و سەختی ڕێگاو نەبوونی بینای گونجاو بوونەتە هۆکار، دڵنیام ئەمانە واخەریکە چارەسەر دەبن و کەموکوڕییەکان پێداچوونەوەیان بۆ دەکەین و هەنگاوی باشیش دەنێین.

کاتێ لە ژوورەکەی کاک فازڵ هاتمە دەر ( ئامانج محەمەد عومەر ) ی بێژەرم بینی ئەو دەیووت: ئێمە ( 14 ) بێژەرین ( 9 ) کچ و ( 5 ) کوڕ هەواڵەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ پێشکەشدەکرێت، هیچ کێشەو کەموکوڕیمان نییە.

## هەڵسەنگاندنی تەلەفزیۆن

سەردانی بەشی ئەرشیف و تەنسیقی تەلەفزیۆنم کرد، لەوێ ( کاروان عوسمان چێوار ) لە سەر ئەم دوو بەشە وتی: ئەم دوو بەشە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە تەلەفزیۆندا، چونکە دانانی کاتی بەرنامەو ئەرشیفی هەموو بەرنامەکان بە پێی ڕیزبەندی و پاراستنیان لە لای ئێمەیە، دەکرێ بڵێین سەرچاوەی گشت بەشەکانە، چونکە هەڵسەنگاندنی تەلەفزیۆن لەم بەشەوە دیاریدەکرێت و ئاستی تەلەفزیۆنەکە ئەم بەشە دیاریدەکات، بۆیە ئەم بەشە بە گرنگ و پڕبایەخ دادەنرێت لە تەلەفزیۆندا، هەروەها وتی: ( بەشی ئەرشیف و تەنسیق لە سەرەتای دامەزراندنی تەلەفزیۆنەوە هەبووە ).

## بەشی هەواڵ

( کوردەوان محەمەد سەعید ) زۆر خۆشحاڵ بوو کە یادی تەلەفزیۆن دەکرێتەوە هەر، بۆیە پیرۆزبایی ئاڕاستەی گشت کارمەندان و ئەو کەسانە کرد کە ڕۆڵیان گێڕاوە لەم تەلەفزیۆنەدا، سەبارەت بە بەشی هەواڵ دەڵێت: ئەم بەشە پێکهاتووە لە هەواڵسازو تایپیست و مۆنتاژی هەواڵ و ئەنصات، کۆی کارمەندانی بەشەکەمان لە ( 27 ) کەس پێك دێت، هەموو هەواڵەکانیش ڕاستەوخۆ پێشکەشدەکرێن، جگە لە هەواڵی سەعات ( 5 ) ئەوەی لە





تەلەفزیۆن بەدیم کرد هاوکاری و خۆشەویستی و ڕێزگرتن بوو چونکە لە شوێنێکی ئاوا فراواندا گەر کار بە هاوکاری نەکرێت ئیشوکارەکان بە باشی بەڕێوە ناچن، لە هەمووی خۆشتر ئەو قسە خۆش و گاڵتانەی لە نێوان کارمەنداندا دەکرێت زیاتر هاندەرو پشتیوانی لێ بەدی دەکرێت لە پێناو سەرکەوتنی کارەکاندا، لەو کاتەی لە گەڵ یەکێك لە کارمەندانی ئێزگە دیدارم سازدەکرد، یەکێك بە شێوازێکی زۆر گاڵتەئامێز و خۆش وتی: ( ئەو قسانەی دەیکات بڕوای پێ مەکە ) لە وەڵامدا کارمەندەکە ، وتی: بە خوا درۆ ناکەم تازە ژنم هێناوە، بۆ چەند ساتێ منیشیان خستە پێکەنین.

## دیمەنەکانی ئەزمڕ

بە دیمەنە جوانەکانی ئەزمڕ شاد بوومەوە لەوانە بورجی گەورەو پردی عەلی ئاغا و مەزاری کەشتی نوحی مامۆستا نەجمەدین مەلا و ئوتێلە ڕازاوەکانی ئەزمڕ بۆ چەند ساتێ مەلی ڕۆحم فڕیە سەر هەڕوتەو گۆیژەو بە دیداری دیمەنەکانی شاری سلێمانی شادبوومەوە، گەر ڕووەو باکوری ئەزمڕیش سەرنج بدەی جوانی ناوچەی شارباژێڕ سەرنجت بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و دەتباتەوە مێژووی پڕ شکۆی ئیمارەتی بابان لە قەڵاچوالان ، بەرۆکی ئەم خەیاڵانە لە ئەزمڕ بەردەدەم و دەچمەوە سەر دیدارەکانم لە گەڵ بەشەکانی تەلەفزیۆن، لە ناو تەلەفزیۆندا ( حەمە جەزا محەمەد عەزیز ) م بینی بە دیار کۆمپیوتەرەکەیەوە دانیشتووەو خەریکی کارکردنە، بۆم دەرکەوت کاری تایپ کردنی هەندێ هەواڵ و پرسە و ئامادەکردنی تیلیتێکستی تەلەفزیۆن بە ڕۆژانە ئەنجام دەدات، سەبارەت بەو زانیاریانەی پەخش دەکرێت، وتی: (

سەرچاوەکانی سایتە کوردییەکان و بلاّوکراوەی ئەدەبی و زانستییەکان بەکار دەهێنم ).

بەشی مۆنتاژ ( 13 ) کارمەند تێیدا کار دەکات، ( ئاکۆ ئیسماعیل ) پێی وابوو کە بەشەکەیان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە جوانکردنی بەرنامەکان و ڕازاندنەوەیان و ئینجا ئاڕاستە کردنی بۆ بینەر، ئاکۆ سەبارەت بە شێوازی ئیشەکەیان وتی: ( کارمان بە باشی بەڕێوە دەچێت و کارەکان بە ماکنتۆ و کۆمپیوتەر و میکسەر ڕایی دەکەین ).

## بە کورتی

لەم گەشتەدا ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام مێژووی کۆنترین تەلەفزیۆن بوو لە دوای ڕاپەرین، بەلاّم وەک خۆم زۆر تێبینی و سەرنجم لە سەر بەرنامەکان هەبوو پاش ئەوەی گەشتم کرد بۆ ناو تەلەفزیۆن بۆم ڕوون بۆوە کە کارەکان لەو شوێنەدا، هەروا دەکرێت، ئەگەر بینا تازەکە تەواو بکرێت و تەلەفزیۆن بێتە سەتەلایت ، دیارە هەنگاوی باشتر و جوانتر لە گشت ڕووەکانەوە بەدی دێن و ئێمەش هەموومان چاوەڕێی ئەو گۆڕان و پێشکەوتنەین کە باڵ بە سەر تەلەفزیۆندا بگرێت و بە ڕاستی بچێتە ناو خەڵکەوە و لە ڕووی ناوو ناوەڕۆکەوە کارەکان ئەنجامبدات و ببێتە کەناڵێک خەڵک بە دەنگی خۆی بزانێت.





لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارەی (4070) دووشەممە 2006/9/11بلاّوکراوەتەوە.

## پاش 15 ساڵ حوکمڕانی کورد، دەکرێت پێشمەرگەی دێرین هەبێت هێشتا زەوی وەرنەگرتبێت؟

پێشمەرگەیەکی کۆن لە چایخانەی شەعب دانیشتبوو قسەی بۆ هاوڕێیەکی خۆی دەکرد و جار جار قومێکی لە چاکەی بەردەمی دەداو دەیووتەوە، دەکرێت لە ساڵی 1981 ووە پێشمەرگە بم و کەچی هێشتا زەویم پێنەدرێت، منداڵە وردکەی وا زەویان وەرگرتووە کە هەرگیز تەسەوری ناکەیت، هێشتا چاکەی بەردەمی تەواو نەکردبوو، بانگی گلاّسێک ئاوی ساردی کرد، دیار بوو هەناوی زۆر گەرم بوو ، سەرێکی هەڵبڕی و ڕوویەکی لە برادەرکەی کردو وتی: ئەریٚ تۆ زەویت وەرگرت؟ ئەویش : (زەردەخەنەیەکی بۆ کرد) و وتی: بەڵێ بەلاّم چۆن زەویەک کە بە 10 ساڵی

دیکە خزمەتگوزاری ناگاتێ. ئەم قسانە کاری تێکردم، بۆیە هەر لەو چەند ڕۆژەدا لێپرسراوی لاپەڕەی ڕیپۆرتاژ پێی ڕاگەیاندم : ڕاسپێردراوین بۆ ئەوەی ڕیپۆرتاژێک لە سەر ئەم مەسەلەیە بکەین، سەرەتا لە مێشکمدا ئەوەم لێکدایەوە کە بەو پێناسەیە دەست پێبکەم کە پێشمەرگە کێیە و بۆ لە سەروو هەموو ئەو کەسانەوە کە زەویان دەدرێتێ لە سەر ئەوان بدوێین. پێشمەرگەی دێرین ئەو مرۆڤە تێکۆشەرانە دەگرێتەوە کە لە ساتە وەختەکانی ڕۆژانی تەنگانەی میللەتی کورددا ئەوان بەگژ داگیرکەراندا چوون و گیان لە سەر دەستانە ڕۆحیان لە مەترسیدا بوو، لە پێناو پاراستنی شکۆمەندی و بە دەستهێنانی ئەم ڕۆژەی کە نەتەوەکەمان پێی شاد بووەو لە سایەی خوێن و ئارەق ڕشتنی پێشمەرگەی دێرین، سەختترین قەلای زوڵم و زۆرداری لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا تەخت و تاراجی تێکدراو سەری گەورەی دیکتاتۆر خرایە زیندانە تاریکەکان. لە بوارێکی ئاوا بچوکدا ناکرێت خەبات و ماندوو بوونی پێشمەرگە دیاری بکرێت و بە چەند وشەیەک ناتوانین باوەش بە دڵی گەورەی ئەو مرۆڤانەدا بکەین و لە جیاتی نەتەوەکەمان سوپاسیان بکەین، بۆیە هەرچی بۆ پێشمەرگەی دێرین بکرێت ناگاتە ئەوەی کە بە گڕی تۆڵەی لوولەی تفەنگەکانیان دوژمنیان ڕسوا دەکرد و نەوەکانی ئەم گەلەیان شاد کرد.

## کردنەوەی دەرگاکە

تەنها ئەوەندەم بیستبوو کە تا ئێستا پێشمەرگەی دێرین هەیە و زەوی وەرنەگرتووە، بەلاّم ئەم حەزو چانسە بەر پێشمەرگەیەکی دێرین کەوتوو هەر لەو چەند ڕۆژەدا سکالاّی پێشمەرگەیەکی دێرین کە ناوی ( ئەحمەد عەلی محەمەد ) ە گەیشتە ڕۆژنامەکەمان ، ئەو پێشمەرگە دێرینە ئاوا سکالاّکەی





ئاڕاستە کردووین : بەڕێزان یەکێکم لەو پێشمەرگە دێرینانەی ساڵانێکی دوورو درێژە سەرەڕای دەستکورتی وبوونی منداڵی زۆرو نەبوونی خانو بەرە زەویشم پێنەدراوە پێم وایە پشت گوێ خراوم و درێغیی زۆرم بەرامبەر کراوە. ساڵی 1960 لە گوندی بانی خێلاّن لە دایك بووم، لە سەرتای هەشتاکانەوە ماڵم لە کۆڵدایە و شارەو شارو شارۆچکە بە شارۆچکە بە دوای خانووی کرێوەم چەند جارێك لە دەربندیخان ناوم تۆمار کراوە تا پارچەیەك زەویم بدەنێ بەلاّم چونکە پشتگیریم نەبووە، هەر چاوەڕوانم. پێنج ساڵە منداڵەکانم بردۆتە خانووی ماڵێکی خزمم لو گوندی ( ژاڵەناو )، هیچ شتێکی تر نەڵێم ... ئێوە خۆتان کەمێك بیر لە ژیانی مرۆڤێکی زەحمەتکێشی خاوەن منداڵ و هەژارو بێ خانەو لانە بکەنەوەو دیمەنەکانی بهێننە بەر چاوی خۆتان بە ڕەوای بزانن لەم کوردستانە خوێناویەدا پارچەیەك زەوی نەدەنە هاوولاّتیەك کە گەرماو سەرماو برسێتی زۆری ژیانی پێشمەرگایەتی چەشتووەو ژیانی تێکەڵ بە مەرگ بووە بۆیە ئەم جارەش داوا لە شارەوانی دەربندیخان دەکەم جگە لە خزمەتی پێشمەرگایەتی شێوەکارم و چەندین کاری هونەریم کردووە، بەلاّم نە لە هونەرمەندان و نە لە پێشمەرگایەتی سوودمەند نەبووم جگە لەوەی کاتێك پێشمەرگە بووم خوشکێکم لە زیندانی بەغدا تووشی نەخۆشی دەروونی بوو ئێستا وەزعی خراپە ، دایکیشم لە ساڵی 1996 بە هۆی هاتنیان لە گەڵ مندا بۆ ئێران لە ڕێگا کۆچی دوایی کرد.

## ڕازی پێشمەرگە دێرینەکان

بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی چەند پێشمەرگەیەکی دێرین کە تا ئێستا سوودمەند نەبوون لە وەرگرتنی زەوی ، پێشمەرگەی دێرین ( تایەر عەلی ) وتی : ساڵی 1980 پەیوەندیم کرد بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و پاش

5 ساڵ لە خەباتی نهێنی لە ساڵی 1985 بووم بە پێشمەرگە لە تیپی 47 ی پیرەمەگرون تا کۆتایی 1988 بێ دابڕان پێشمەرگە بووم جارێکیش بە سەختی بریندار بووم لە پاش ئەنفالەکە بە فیراری گیرام و ویستیان بمنێرن بۆ سەربازی بەڵام لە تەجنید ڕامکرد، لە پێش ڕاپەڕین پەیوەندیم کرد بە شانە چەکدارەکان پاشان لە ساڵی 1992 بووم بە ڕابەر سیاسیی تیپی دوو لە بەتالیۆنی 203 پاشان بووم بە ئەندام کۆمیتە، لە ساڵی 1997 وازم لە هەموو کاروبارێکی سیاسیی هێناوە لە بەر ئەوەی هەستم دەکرد غەدرم لێکراوە، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئەوەی تا ئێستا هەوڵت داوە بۆ وەرگرتنی زەوی وتی: تا ئێستا چوار جار فۆرمم پڕ کردۆتەوە بەڵام زەوییم نادەنێ .

پێشمەرگە بووم خانووەکەیان فرۆشتین و دایانە کەسێکە بەعسی لە پاش ڕاپەڕین بە حسابی عەشایەری وەرمگرتەوە پاش ئەوەی چەندین جار لایەنی بەرپرسم ئاگادار کردەوە هیچیان بۆ نەکردم ناچار خۆم وەرمگرتەوە ، پاش چوار ساڵ کرێچییەتی، ئەو کەسەی کە خانووەکەی منی داگیر کردبوو بەعسیش بوو کەچی زەوی وەرگرت، بەڵام وەك خۆم مامەوە باجیشیان لێسەندم لە باتی وەرگرتنەوەی خانوەکەی خۆم. هەر لەم بارەیەوە پێشمەرگەیەکی ترمان دواند کە ئەویش ( مەحموود محەممەد ساڵح ) بوو کە وتی: لە ساڵی 1982 بوومە پێشمەرگە لە تیپی 15 ی شارەزوور تا ساڵی 1988 بێ دابڕان خەریکی پێشمەرگایەتی بووم لە پاش ئەنفالەکەش بە هۆی بارودۆخی کوردستان دابڕام و بووم بە سەرباز، لە پاش ڕاپەڕین تا ساڵی 1996 پێشمەرگە بووم، دوو جار فۆرمم پڕ کردۆتەوە پێم دەڵێن خاڵەکانت کەمە ، بەڵام ئەوەی سەیرە خەڵکی تر حسابی خاڵیان بۆ نەکراوە پێشمەرگەی پاش ڕاپەڕین و کەچی





زەویان وەرگرتووە، لەم بێ بەشبوونەی دڵسۆزاندا داوا لە کێ بکەم کە کەمتەر خەمە بەرامبەرمان؟

## نەك هەر خۆم سودمەند نەبووم

هەر بۆ هەمان مەبەست پێشمەرگەیەکی تر کە ناوی ( ئیبراهیم عەلی محەممەد ) کە ناسراوە بە مام برایم وتی: لە ساڵی 1982 بوومە پێشمەرگە لە تیپی ( 55 ) ی قەرەداغ لە ساڵی 1985 بە فەرمانی شۆڕش هاتوومەتەوە شار، بە ئاگاداری برادەرانی سەرەوە هەر کارێکی شۆڕشم لە گەڵ شانە چەکدارەکان پێسپێردرابێت، ئەنجامم داوە.

تەنانەت ساڵی 1987 پیچشمەرگەیەکی شەهید حەمە ڕەش بریندار بوو بە ناوی ( جەزا ئاربیجی ) بردمە نەخۆشخانەی کەرکوك و پاش ساڕێژبوونی برینەکەی گەیاندمەوە ناو هێزی پێشمەرگە. لە پاش ڕاپەڕینیش بێدابڕان پێشمەرگە بووم، ئێستاش لە فەرماندەیی ڕاگەیاندنم، برایەکم بە دەستی بەعس شەهید کراوەو بۆ ئەویش هیچ نەکراوە تا ئێستا شەهیدانەی نییە، من چەند جار داوام کردووە کە حەقی خۆمم پێبدەن بەڵام لە خاڵ بەندیدا خێزان و منداڵەکانم نەنوسراوە لەوەشدا حەقم خوراوە، هەروەها ( ئەمیر کەمال شەریف ) یەکێکی ترە لە پێشمەرگە دێرینەکان و بەم جۆرە سکاڵای خۆی بۆ کردین و وتی: لە ساڵی 1977 چوومە ڕیزی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و لە 1979 بووم بە پێشمەرگە لە گەڵ شەهید حەسەن کوێستانی لە ساڵی 1980 دەورەی کادریم لە تویژەڵە تەواو کرد لە ناوەندی کۆمەڵە، هەروەها بەشداری دەورەی عەسکەری و برین پێچیم کرد لە ساڵی 1982 دا. تا ئێستا چوار جار بریندار بووم و لە ئەنجامی برینداربییەکمدا دەستی چەپم لە کارکەوتووە لە ساڵی 1984 دا.

لە پاش ئەوەی بە هۆی چارەسەرکردنی دەستم لە ساڵی 1986 لە پێشمەرگایەتی دابڕام بەڵام لە ساڵی 1987 پەیوەندیم کردەوە بە شەهید عەبدوالرەزاق و شەهید حەسەن کوێستانی بە نهێنی کارمکردووە لە دوای ئەنفالەکان لە سرکی ناو شار کارمکردو هاوکاری پارتیزانەکان بووم، بەشداری زۆربەی شەڕەکانم کردووە، دوو جار داوای زەویم کردووە وتویانە لە خاڵ بەندیدا 27 خاڵت هەیە بێ پشتگیری ڕاستەوخۆکانی خۆم، ئێستا لە خانووی کرێدام و پلەم ئەندامی فەرماندەم لە فەوجی ڕاگەیاندن.

سەبارەت بە هۆکاری وەرنەگرتنی زەوی لە لایەن هەندێك پێشمەرگەی دێرین سەردانی شارەوانی سلێمانیمان کرد، لێپرساوی بەشی زەوی و زار (هاوکار شەوکەت محەمەد) وتی: گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵ هەر لە پێشمەرگەی دێرین و شەهیدان و کەمئەندامان و فەرمانبەران و... هتد لای ئێمە وەکو یەك بە پێی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (2366) لە 2001/9/15 ئەم چین و توێژانەی سەرەوە هەریەکەیان بە پێی لیستی خۆیان کە پشتگیری بکرێت کاریان بۆ دەکەین، ئەم بڕیارە حزبەکانی تریش دەگرێتەوە ئێمە لە پێنەدانی زەوی بەو کەسانە بەرپرس نین، چونکە هەموو خەڵك ناناسین تا بە حەقی خۆیانیان لە گەڵ بکەین و زەویان بدەینێ، بە نیسبەت پێشمەرگەی دێرین دەبێت فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگە ناوەکان بکەن بە لیست و ئاڕاستەی ئێمەی بکەن لەو کاتانەدا زەوی دەدرێت بەو کەسانەی کە لە لیستەکەدا ناویان هەیە کە ناوی لە لیستدا نەبێت بۆچی بە غەدری ئێمەی دەزانن، هەروەها کاتێك ناوی هەندێك کەس پێش دەخرێت لای ئێمە نییە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لایەنەی لیستەکەی کردووە، دیارە ئەوانیش بە پێی یاسا و حسابی خۆیان ناو دەنێرن، بە ڕای من گەر





پێشمەرگەی دێرین تا ئێستا زەوی وەرنەگرتووە خۆی کەمتەرخەم بووە، چونکە یان زەویان پێدراوە یان خانوویان لە سەر تەملیك کراوە.

***لیژنەی خاڵ بەندی کردنی خزمەتی پێشمەرگە چی دەڵێت؟***

بۆ زانینی شێوازی خاڵ بەندی خزمەتی پێشمەرگە لە سەر چونیەتی دروستکردنی ئەم لیژنەیە سەردانی (مەلا یاسین مەلا رەئوف) مان کرد کە سەرۆکی ئەو لیژنەیەیەو وتی: ساڵی 2000 ڕۆژێك پێشنیازێکم بۆ هەڤاڵ مام جەلال کرد لە سەر تێبینی کردنم بۆ هەندێك پێشمەرگە کە لە دامودەزگاکاندا بۆ مەبەستی خاڵ بەندی کردنی خزمەتی پێشمەرگە بوو کە هەموو ئیمتیازێك بگرێتەوە کە دەدرێت بە پێشمەرگە لە داهاتوودا.

نووسراوێکم خستە بەردەم هەڤاڵ مام جەلال بۆ ئەو مەبەستە تیایدا خزمەتی پێشمەرگە بە خاڵ هەژمار بکرێت وەك (ساڵانی پێشمەرگایەتی و برینداربوون و چەند شەهیدی داوەو چەند جار زەرەری لێکەوتووە...هتد).

مام جەلال پێشنیازەکەی پەسەند کرد، کە ئەو لیژنەیە بەڕێوەبەرم، لیژنەیەکم دروستکرد لە چەند کەسێکی یاسایی و پێشمەرگە دێرینەکان هەروەها لیژنەی فەرعی پێکهات لە گشت ناوچەکان، فۆرمێکی چوار لاپەڕەیمان چاپکرد و هەموو پرسیارەکان لە سەر ئەو بابەتانەوە دەگرێتەوە، لیژنەکان دەست بە کاربوون توانیمان سەرجەم ئەو پێشمەرگانەی کە فۆرمیان پڕکردۆتەوە خاڵ بەندی بکەین و لە تەلەفزیۆن ئیعلانی بکەین لە ساڵی 2001 بە پێی ئەو پەیڕەوە تا ئەمڕۆ کارمان بە پێی خاڵ بەندی زەوی دابەشدەکەین کە لە 2001 زۆرترین خاڵمان لە پاش خاڵ بەندی 58 خاڵ بوو تا ئێستا لە خوار ئەو ژمارەیە لە سلێمانی تا 28 خاڵ وەری گرتووە لە ڕانیە تا 33 خاڵ و لە گەرمیان تا 15 خاڵ و لە شارەزوورو قەرەداغ تا 20

خاڵ وەریگرتووە لە چەمچەماڵ تا 22 خاڵ وەریگرتووە لە کۆیە تا 25 خاڵ وەریگرتووە، تا ئێستاش بەردەوامین، ئەو شوێنانەی لە خاڵی بەرزدا ماوە دەگەڕێتەوە بۆ کەمی زەوی ئیفراز کراو لە لایەن شارەوانییەوە چونکە ئێمە کارەکانمان بۆ ڕێکخستووەو گەر لە یەك ڕۆژدا دوو هەزار زەویمان بدەنێ خاڵ بەندیمان ئامادە کردووەو زەویەکان دەدەین بەو کەسانە، ئێمە یاسایەکمان هەیە هەر کەسێك یەك سەعات پێشمەرگایەتی کردبێت فۆرمی دەدەینێ باخەباتەکەی بنووسێ بە پێی ڕیزبەندی زەوی خۆی وەردەگرێت، هەروەها سەبارەت بەو کێشانەی ڕوو لە لیژنەکەیان دەکەن وتی: فشاری زۆری هەڤاڵان بۆ دۆست و ناسیاوەکانیان کە دەچێتە خانەی واسیتەوە یەکێکە لە کێشەکانمان، یان فشاری زۆری ئەوانەی خاڵ بەندیان بۆ کراوە دەبێت هەموو ڕۆژێك جارێك بۆیان دووبارە بکەینەوە هەندێك جاریش هەندێك پێشمەرگە زووتر فۆرمی پڕکردۆتەوە بە حسابی خۆی خاڵی کەم هێناوە داوا دەکات بۆ جارێکی تر پڕی بکاتەوە ئێمەش بە پێی یاسا ڕێی پێی نادەین.

هەروەها وتی: من لە گەڵ ئەوەدام پێشمەرگە هەیە غەدری لێکراوە بەلام بابێ غەدرەکەی بپرسین، هەروەها لە ڕێی ئێوەوە سوپاسی دەزگاکانی حکومەت و هەڤاڵانی فەرماندەیی گشتی دەکەم کە هاوکارییمان دەکەن لە ناردنی ناوەکانی پێشمەرگە تا خاڵ بەندیان بۆ بکەین.

### تاکو ئێستاش (807) پارچە زەوی بۆ پێشمەرگە وەرگیراوە

هەروەها (سالار حسێن مەحموود) ڕێکخەری لیژنەی دابەشکردنی زەوی پێشمەرگە وتی: لەو کاتەی لیژنەکە دامەزراوە تا ئێستا لە شارەوانی سلێمانی (807) پارچە زەوی وەرگیراوەو دراوە بە پێشمەرگە ئەو زەویانەش بە پێی ناوچە فەرعییەکان دابەش دەکرێت، لە بەکرەجۆ (389) پارچە زەوی





وەرگیراوە بەلام لە 2003/7/15 یەك پارچە زەویمان وەرنەگرتووە هەروەها لە سلێمانیی لە 2003/6/28 زەویمان وەرنەگرتووە، کێشەیەکی گەورەی چارەسەرنەکراوی ئێمە ئەوەیە کە هەموو پێشمەرگە دەیەوێت لە سلێمانی زەوی وەربگرێت ئەمە جگە لەو نامە و فشارەی کە دەخرێتە سەرمان.

لە ڕاپەرین (239) پارچە زەویمان وەرگرتووەو بۆ پێشمەرگە لە شارەزوور (225) پارچە زەوی وەرگیراوە. سەبارەت بە گلەیی پێشمەرگە دێرینەکان بۆ وەرنەگرتنی زەوی وتی: ئێمە بە پێی خاڵ بەندی زەوی دەدەین بە پێشمەرگە و کەسمان پێش نەخستووە جگە لە پێشمەرگەی کەمئەندام نەبێت کە مافی خۆیانە وەریبگرن، ئەوان هەق نییە گلەیی لە ئێمە بکەن، چونکە دەسەلاتی ئێمە هەر ئەوەندەیە کە لە سەر ئەوان شەڕ لە گەڵ شارەوانییەکان بکەین تا مافیان وەربگرین من چەند ژمارەیەکتان دەدەمێ ئەوسا ئێشی ئێمە ڕەچاو بکەن (8089) فۆرمان لە لایە لە 2004/3/15 تا 2004/7/7 (1764) فۆرمی تر وەرگیراوە جگە لە پێشمەرگەی دوای ڕاپەرین کە ژمارەیان (9000) فۆرم وەرگیراوەو توانیومانە (30009) هەزار فۆرم خاڵ بەندی بکەین. دەمەوێت بڵێم غەدری چەند ساڵ کە لە پێشمەرگە کراوە هاتۆتە سەر شانی ئێمە و تواناشمان هەر ئەوەندەیە ئێمەش دەبێت گلەیی لە وەزارەتی شارەوانی بکەین، چونکە بەشی پێشمەرگە دەدەن بە شوێنەکانی تر بۆ نموونە لە چەمچەماڵ (1000) پارچە زەوی دابەشکراوە پارچەیەك زەوی نەدراوە بە پێشمەرگە ئەمە جگە لە شارەوانی ڕاپەرین و بەکرەجۆ عەربەت کە غەدری زۆرمان لێدەکەن چونکە ئەو ڕێژەیە نادەن بە پێشمەرگە کە بڕیاری ژمارە (3266) ئەنجومەنی وەزیران دەریکردووە کە لە 20٪ زەوی بۆ پێشمەرگەیە.

## دوائەنجام

پاش ئەوەی گوێمان گرت لە سکالاَ و گلەیی پێشمەرگە دێرینەکان و شارەوانی سلێمانی و لیژنەی باڵای خاڵ بەندیکردنی خزمەتی پێشمەرگە بۆمان ڕوون بۆوە کە ئەو لیژنەیەی بۆ ئەو مەبەستە دیاریکراوە زۆر بە باشی کارەکانی خۆیان ڕایی دەکەن و بە پێی پێویست و ژمارەی زەوی وەرگیراوو ئیفراز کراو زەوی بە پێشمەرگە دەدەن، هەروەها شارەوانی سلێمانیش بە پێی لیستی داوا کراووئاراستە کراو زەوی دەدات بە گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵ.

لەکوردستانی نوێ ژمارە (3437) ی ڕۆژی 2004/8/4بلاّوکراوەتەوە

## ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لە 27 ساڵەی تەمەنیدا
## هەوڵدەدات دەنگی ڕەوای خەڵکی کوردستان بێت

بیرمە کە لە قۆناغی سەرەتاییدا بووم ڕۆژانە دوا نیوەڕوان باوکم و براکانم لە زووری پشتەوە بە هێمنی ڕادیۆکەیان دەکردەوەو گوێبیستی دەبوون، ئێمەش لە بەر یاری و دەرەوە زۆر گرنگیمان پێ نەدەدا، لە گەڵ تێپەر بوونی زەمەن و هەڵکشانی تەمەنمان بۆ هەرزەکاریی، گوێگرتن بە نهێنی لە ئیزگەکە بووە بەرنامەی ڕۆژانەمان، ساتێ گوێبیستی فەرهاد سەنگاوی دەبووم بە دەنگێکی پڕ لە حەماسەتەوە چالاکیی پێشمەرگە قارەمانەکانی دەخوێندەوە دەچووینە دنیایەکی ترو نەشئەو هەوای شۆڕش لە گەڵ ڕۆحی گەنجیمان ئاوێتە دەبوو، ئەمڕۆ 2006/3/21 لە گەڵ ئەوەی بۆنەیەکی گەورەی نەتەوەییە کە جەژنی سەری ساڵی کوردییە، یادێکی ترە





کە ئەویش یادی ئەو ئیزگەیەیە کە لە چاویدا هەڵمەتی شۆڕشگێرانەو ڕاپەڕین و ئازادی بەدیهات.

دەمێک بوو دەمویست بۆ یادی دەنگی گەلی کوردستان بابەتێک ئامادە بکەم سیوچی ئۆتۆمبێلەکەم کردەوە ڕووەو ئەزمڕ و گۆیژە و شارباژێر ملی ڕێم گرتە بەر تا بگەمە چوارتای لانەی دەنگی گەلی کوردستان.

### سەرەتای سەردان

**لە ناو چوارتادا ئەوەی بەدیم کرد خراپی و چاڵی و چۆڵی شەقامی سەرەکی چوارتا بوو تەنانەت لە بەردەمی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستاندا ڕێگاکە هێندە خراپە، دەبێ زۆر بە وریاییەوە ئۆتۆمبێلەکەت لێبخوڕی، چونکە بەرامبەرت چاڵەو هەڵدەواسرێی، بە گەیشتنم بۆ ئیزگە هەستم بە ئارامی و خۆشییەکی زۆر کرد، چونکە کارمەندان زۆر بە تەبایی و ڕێکوپێکی کارەکان ئە نجامدەدەن.**

**بۆیە منیش چوومە ژووری بەڕێوەبەرو پاش پشوویەك باسی جۆری کارەکەی خۆمم بۆ کرد ئەویش ڕەزامەند بوو کە بەشەکان بە سەربکەمەوە.**

**سەرەتای لێدوانەکەم لە خۆیەوە دەستپێکرد، ( ئازاد چالاك ) لە سەر سەرەتاکانی ئیزگە دواو وتی: لە نەورۆزی ساڵی 1979 چەند کەسێك بە ئامێرێکی زۆر سادەو بچووك پەخشی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستانیان دەستپێکردووە، بە هەوڵی ئەو پێشمەرگە خۆنەویستانە کە دەنگی زیندووی گەلی کوردیان بە گوێی خەڵکی کوردستاندادا، لەم یادەدا سەری ڕێز نەوی دەکەم بۆ گشت ئەو کەسانە کە بوونە سەربازی ون لەم ڕێگەیەدا، ناوی کەس نابەم، نەکو هەندێکیانم لە بیر بچێ.**

هەروەها وتی: لە پێش ڕا پەریندا ئیزگە ڕۆڵی وریاکردنەوەو بڵندگۆی شۆرشی دەبینی کاریگەرییەکەشی زۆر گەورە بوو، لە کاتی ڕا پەرینیشدا ئیزگەکەی ئێمە ببووە سەرچاوەی سەرەکی بۆ را پەرین تەنانەت گشت لایەنەکانی تر ئاگاداری و هەواڵ و چالاکییەکانیان دەنارد بۆ ئێمە و ببووە ڕادیۆی بەرەی کوردستانی، لە ئێستاشدا ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی ڕۆژانە بەرنامە پەخش دەکات، ڕاستە لە ئێستادا ڕادیۆی زۆر هەن کە ئەوانیش حیزبی و ناحیزبین و رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لە بەر ئەوەی رادیۆی حیزبێکی بالاّ دەستە کارمان لەوانی تر جیاوازترە، چونکە ئێمە بەرپرسیارێتی گەورەترمان لە ئەستۆدایە وەك ئەوان دەستکراوە نین بە هۆی ئەرکی قورسی نیشتمانی و نەتەوەیی لە گەڵ ئەوەشدا توانیومانە زۆر سوود بگەیەنین بە کۆمەلاّنی خەڵك و بەرنامەی هەمەجۆرمان هەیە، هەروەها وتی: لە ڕێگەی رادیۆکەمان گوتاری سیاسیی کورد دەگەیەنینە برا عەرەبەکانمان چ لە عێراق و یان دراوسێکانی عێراق، پێموایە ئەمەش کارێکی گرنگ و گرانە کە بتوانین ڕەوایی کێشەی کورد بەوان بگەیەنین و ڕوونی بکەینەوە، لە سەردەمی شاخیشدا ماوەیەکی دیاریکراومان بۆ لایەنەکانی تر دانابوو کە پەخشی بەرنامەکانیان بکەن لەوانە (جیش التحریر العراق و شیوعی و چەند لایەنێکی تریش).

هەروەها لە یادی ئیزگەدا، وتی: دەستخۆشیی لە هەموو ئەوانە دەکەم هەر لە سەرەتای ئیزگەوە تا کادرەکانی ئێستا کە ماندووبوون و ڕادیۆیان گەیاندە ئەمڕۆ، هیوادارم رادیۆش بتوانیّ زیاتر لە گەڵ کێشەو گرفتەکانی خەڵکدا بکرێتەوەو چارەیان بۆ دابنیّ و گفتوگۆ بسازێنیّ لە گەڵ ڕۆشنبیران و سیاسییەکان تا باشتر دەنگی ڕەوای خەڵك بگەیەنین، هیوادارم سەرکەوتوو بین





و لە ئاستی پێداویستیی و داواکانی خەڵکدا بین بۆ دروستکردنی ڕای گشتیی خەڵك.

هەر لە ئیزگە بە باشم زانی سەردانی ژووری یاریدەدەری بەرێوەبەری ئیزگە بکەم دەمزانی نووسەرێك و ڕۆژنامەنووسێك ئەو کارە دەکات کە لە بنەماڵەیەکی هونەریی و خامە ڕەنگینی سلێمانیە ئەویش کاك (خەلاّت عومەر) ە ئەو بە مجۆرە بۆمان دوا:

رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان دەزگایەکی ئیعلامی شۆڕشگێرانە بووە قۆناغێکی دوورو درێژی تێپەڕاندووە وەك خەڵکیش دەیزانیّ، ڕۆڵی کاریگەریی هەبووە لە تاودانی شۆڕش و موقاوەمەت و هاندانی خەڵکی کوردستان و ڕێکخستنی هەموو پەیوەندییە جوانەکانی خەڵك و پێشمەرگە، هەروەها لەم ئیزگەیەدا دەیان ڕۆشنبیرو نووسەرو سیاسەتمەدار پێگەیشتوون و کە زۆربەشیان ئێستا کاربەدەستی گەورەن لەم ولاّتەدا کە لێرەوە پەروەردە بوون، باسکردن و هەڵسەنگاندنی یادی دەنگی گەلی کوردستان حاڵەتێکی گرنگی خۆی هەیە و بۆنەیەکی خۆش و دەیان یادگاریمان بیردەخاتەوە کە خەڵکی کوردستان هیچ پەناو سەرچاوەیەك نەبوو پشتی پیّ ببەستن جگە لەم ئیزگەیەی خۆیان، دەتوانم بڵێم ئەم ئیزگەیە جگە لەوەی پەیامێکی دەنگی بوو، چراوگێکی ڕۆشنیش بوو بۆ خەڵکی کوردستان لە سەردەمی مقاوەمەتدا تا گەیشتن بەم ڕۆژی ئازادییە، دەنگی گەلی کوردستان سەرەڕای ئەو پەیامە بەرفراوانە میللی و جەماوەرییەی هەیەتی لە خاوەندارێتیدا مولکی (ی ن ك) ە هاوزەمان لە گەڵ پێشکەوتنی بوارە جیاوازەکانی ژیانی خەڵکدا ئیزگەش بەرەو پێش چووە، کاتەکانی پەخشی فراوان بووەو زۆر لە جاران باشترە ئاستی دەنگو ڕەوانی و گەیشتن بە شوێنە دوورەکان، لەمڕووەشەوە سنورێکی زیاتری

بەزاندووەو دەگاتە هەموو ناوچەکانی کوردستان، ماوەیەکە ڕادیۆ چۆتە سەر پەخشی سەتەلایت و جارێکی تریش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لە سەر هەر دوو شە پۆلی کورت و ناوەڕاست پەخش دەکرێت و لە زۆر ناوچەش دەچێتە سەر (FM) دەتوانم بڵێم لە لایەنی تەکنیکییەوە گەشەی باشی پێدراوە لە لایەنی هونەریی و پەرەپێدانی بەرنامەکانیش زۆر لایەن دەگرێتەوەو (24) سەعات پەخش هەیە و زیاد لە (18) جار بڵاوکراوەی هەواڵەکان پەخش دەکرێت بە (کورتە و درێژەو سەردێر) ی هەواڵ، لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە تازەترین هەواڵمان پێدەگات و پەیوەندیمان بە هەموو وڵاتانی ئەوروپاوە هەیەو پەیامنێرمان لەو شوێنانە هەیە، جگە لە شارو شارۆچکەکان، لە یادی ئیزگەو لە ساڵی نوێدا بەرنامەمان هەیە گۆڕانی باش بکەین و زیاتر پێشی بخەین و دەستپێشخەر دەبین لە گۆڕانی باشتر تا ئیزگەکەمان بکەینە میوانێکی ئازیزی ماڵەکانی خەڵك و بەدەنگ کێشەکانیشیانەوە بچین و هاوبەشیان بکەین.

## بەشی تەنسیق

لە بەسەرکردنەوەماندا سەردانی بەشی تەنسیقمان کرد، لەوێ چاومان کەوت بە (کەمال جەلال) بە مجۆرە بۆمان دوا:

ئەم بەشە بەرنامەکانی ئیزگە لە خۆی دەگرێ، جگە لە دارشتنی سکریپتی 24 سەعاتی پەخش بۆ ڕێکخستنی ئیشوکارەکان، بەشێوەی بەرنامەڕێژی، لەم بەشەدا زیاد لە (25) بەرنامەی هەفتانە ماوەی پەخش لە (7) ی بەیانی تا (6) ی ئێوارەیەو هەندێ لەو بەرنامانە شەوانە دووبارە دەبنەوە ، هەندێ بەرنامەش ڕۆژانەن.





دەتوانم بڵێم بەرنامەکانی ئیزگە گشت لایەنێکیان لە خۆگرتووە هەر لە (مێژوو و هونەرو ئەدەب و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و منداڵان و وەرزش ...) ڕۆژانە بەرنامەی سکرێپت دەنێرین بۆ بەشەکان تاکاری لە سەر بکەن و بە شێوەیەکی باش کاروباری ئیزگە ڕایی بکرێت.

## بەشی سەتەلایت

لە سەردانمان بۆ بەشی سەتەلایت (شیروان حەسەن) سەبارەت بەم بەشە، وتی: کارەکانی ئەم بەشە بە 3 کارمەند ڕایی دەکەین مەبەست لەم بەشە ئەوەیە کە لێرەوە پەخشی سەتەلایتی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان دەکرێت لە سەر مانگی دەستکردی هۆت بێرد، هەر لێرەشەوە گوێبیستی بەرنامەکانی دەبینەوە لە سەر چۆنێتی پەخش ئاگادار دەبین.

## بەشی عەرەبی

لە بەشی عەرەبی (فوئاد عەبدوڵڵا ڕەحیم) لێپرسراوی بەشەکە، بە مجۆرە دواو وتی: هەر لە سەرەتای کردنەوەی ئیزگەوە بەشی عەرەبی کراوەتەوەو ڕۆڵێکی چاکی هەبووە لە بەئاگا هێنانەوەی نەتەوەی عەرەب و گەیاندنی ڕەوایی دەنگی گەلی کورد بە ئەوان، لەم بەشەدا (11) کارمەند کارەکان ڕایی دەکەن، سەرچاوەی وەرگرتنی هەواڵ لە پەیامنێرانمان و ئینتەرنێت و سەتەلایت وەردەگرین، پەخشی بەشی عەرەبی ئیزگە لە (6) ی ئێوارە بۆ (10) ی شەوە.

## بەشی ستۆدیۆ

بەشی ستۆدیۆ بەشێکی گرنگی ئیزگەیە لەم بەشەدا (کارمەند لەتیف) کە بەرپرسیەتی بەم جۆرە بۆمان دوا:

بەشەکەمان هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان بە هەندێ ئامێری سادەو ساکارو مایکرۆفۆن و چەند کاسێت و ڕیکۆردەرێك کارەکانی خۆی بە ئەنجام گەیاندووە تا ساڵانی دوای ڕاپەڕین کە بەشی ستۆدیۆ دروستکراوەو پێشکەوتنی باشی بەخۆوە بینیوە لە ڕووی ئامێرە دەنگییەکانەوە تا ساڵی 2000 لە گەڵ پێشکەوتنی دنیای تەکنۆلۆژیا بەشەکەمان پشکی خۆی بەرکەوت، سیستمی کۆمپیوتەری (ئۆرگیناڵی) شێوازی کارەکانمان ڕایی دەکات، کارەکانمان بە (9) کارمەند ڕایی دەکەین، هەروەها وتی: بە نیازین لە ئایندەیەکی نزیکدا بە شێوازێکی نوێتر کارەکانمان ڕایی بکەین و ئیزگەکەمان بخەینە قۆناغێکی نوێوە.

## بەشی بادینی

بەشی بادینی دەنگی گەلی کوردستان یەکێکە لە بەشە زیندووەکانی ئیزگەو بەرنامەی تایبەتیان هەیە لەم بەشەدا، لێپرسراوی بەشەکە (شڤان سەرۆکانی) وتی: ئەم بەشە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەنگی گەلی کوردستان دەستبەکارەو لە سەرەتادا تەنها یەك کەس بەشەکەی بەڕێوە دەبرد، بەلاّم ئێستا بەشەکە بە (7) کارمەند ڕایی دەکەین جگە لە پەیامنێرەکانمان لە ناوچەی بادینان، کەمی بێژەری کچ تاقە کێشەی بەشەکەمانە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کچی بادینی لە ناوچەی سلێمانی ، کارێکی قورسیشە هێنانی لە دەڤەری بادینانەوە، یەکێکی تر لە کێشەی بەشەکەمان دووری ئیزگەیە لە خەڵکەوە بۆ ئەنجامدانی بەرنامەکان، لە گشت بۆنەو ڕووداوێکی





گرنگدا بە تایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان بە گەلەکەمانەوە هەیە ئیزگەکەمان بەرنامەی تایبەتی ئامادە دەکات.

## دیمەنە جوانەکان

ئەوەی لە ناو ئیزگە بەرچاوم کەوت و سەرەنجی ڕاکێشام تەبایی و ڕێزگرتن و ئاڵوگۆڕی بیروڕا بوو لە نێوان کارمەندانی بەشەکاندا سەردانی هەر بەشێکم دەکرد هەستم بە خۆشەویستی ئیشەکە دەکرد لە لایەن کارمەندانەوە ، جگە لەوە بەشی ئیدارە خزمەتێکی زۆر بە ئیزگە دەکات و بەشی ئەرشیفیش جگە لەوەی کۆمپیوتەرەکان دەیان فایلی تایبەتی بەرنامەکانیان لەخۆگرتووە دۆلاّبی ئەرشیفی کۆنی ئیزگە بە دەیان کاسێتی لەخۆگرتووە، هەر لە ژووری ستۆدیۆدا ڕەفەکان بۆ ئەرشیفی هونەرمەندان بە کاسێت و سیدی جیاکراونەتەوەو ناوی گۆرانیبێژو سروودی وات بەرچاو دەکەوێت کە زۆر دەگمەنن کارمەندانی بەشەکە هێندە کاریان جوان و هونەرییە مرۆڤ سەرسام دەکەن، ناکرێت ناوی ئەو چەند شۆفێرەی ئیزگە لە یاد بکەم کە هەموویان خەڵکی تێکۆشەرو بەهەڵوێستن، لە بەشی کافتریای ئیزگەش پێشوازییەکی گەرمت لێدەکەن چای خەست و خۆڵ دەهێنن بەردەم، بەشێکی تری ئیزگە بەشی هەواڵە کە چەند کارمەندێك کاری هەواڵسازی ئەنجام دەدەن و دەینێرنە بەشی پەخش، بەشێکی تری ئیزگە بەشی (ئینصات) ە ئەم بەشە بە وریاییەوە خەریکی تۆمار کردن و نووسینی هەواڵی کەناڵ و سایتەکانی هەواڵن.

## بەشی پەیامنێران

لە بەشی پەیامنێرانیش (سیروان عەلی) سەبارەت بە بەشەکە وتی: بەشەکەمان بریتییە لەو هەواڵانەی کە پەیامنێران لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پێمان دەگەیەنن و ئێمەش لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە دەنگیان تۆمار دەکەین و

**پاشان مۆنتاژی دەکەین و دەییەینە ژووری پەخش و لە گەڵ هەواڵەکان پەخش دەکرێت، سەبارەت بە شوێنی پەیامنێران وتی: لە گشت شارو شارۆچکەکانی کوردستان و دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش پەیامنێرمان هەیە لە کاتی ڕووداوە گرنگ و پێویستیەکاندا پەیوەندیمان پێوە دەکەن، لە ولأتانی تریش پەیامنێرمان هەیە بە تایبەت لەم ولأتانە ( ئەڵمانیا و نەمساو بەریتانیاو دانیمارك و سوید و هەندێ شوێنی تر).**

**ئەمانیش لە کاتی پێویستدا هەواڵەکانی ئەو ولأتانەمان پێدەگەیەنن.**

**دواوتە**

ماڵئاوا ئەی یەکەم دەنگی زولاڵی بەرنگاری دووژمنان، سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی توانیان ئەم دەنگە بە گوێی گشتمان ئاشنا بکەن و ئەم ڕۆژەش هەر لە دەنگ و زەنگی شۆڕشەوە درا بە گوێی گشت خەڵکی چەوساوەو ڕەنجدەرانی ولأتەکەمدا.

لەکوردستانی نوێ ژمارە (3926) ڕۆژی سێشەممە 2006/3/21)بلاْوکراوەتەوە

## شارەزوور
## فڕێدانی تەرمی منداڵێك لە لایەن شۆفیرێکەوە

چی لەوە سامناکترو خەمبارترە کە دەبیستین مرۆڤێک بە شێوەیەکی ناڕەواو بەغەدر بە دەر لە مەرگی چاوەڕوانکراوی قەدەر کۆتایی بە ژیانی دێت، لەوەش کاریگەرترو ناخۆشتر هەڵوەراندنی خونچەی تەمەنی منداڵێکی بێتاوان و بێئاگا لە هەموو کارێکی دزێوونابەجێ، ڕۆحی پاکتر لە ڕۆحی پەپولەیەکی سەرزەمین، تۆ بڵێی کام ویژدانی دوور لە هەستی مرۆڤایەتی بڕیاری مەرگی ئەو خونچەیەی دابێت و بۆ هەتاهەتایی لە هەڤاڵانی خوێندنگەکەی و لە باوک و دایک و خوشک و براکانی دابڕێت؟ لەم





ماوەیەدا ئەوەی بۆتە هەواڵی خەمبارو دڵتەزێن لە ناو شاری سلێمانی و قەزای شارەزوور و دەوروبەری، مەرگی محەمەد عەبدولعەزیزە کە منداڵێکی بێ تاوان بوو بە هۆی بەرکەوتنی ئۆتۆمبێلەوە گیانی لە دەستداو تەرمەکەشیان لە گوندێکی سنورەکەدا فڕێدا، پاشان تەرمەکە لە لایەن خەڵکی ناوچەکە پاش دوو ڕۆژ لە ڕووداوەکە دۆزرایەوە.

### لە خەودا خەبەریان کردمەوە وتیان:

### محەمەد سەیارە لێی داوە

**سەرەتا سەردانی باوکی منداڵەکەمان کرد کە ناوی عەبدولعەزیز فەیزوڵلأیە، وتی: پاش ئەوەی لە نوێژی هەینی هاتمەوە بۆ ماڵەوە کە دەکاتە ڕۆژی 2003/9/26 منداڵێکی خۆم بە هاوارو قیژە خەبەری کردمەوە وتی: باوکە محەمەد سەیارە لێیدا، نزیکەی سەعات 3,5 بوو، منیش بە پەلە چوومە دەرەوە کە چووم ئەو کەسانەی بە ئۆتۆمبێلەکە لێیان دابوو بردبوویان لە گەڵ خۆیان، منیش پێم وابوو ئەمانە زۆر بە ویژدانن و بردوویانە بۆ نەخۆشخانە، بۆیە سەردانی گشت نەخۆشخانە و عیادەکانی شارەزوورم کرد، هیچ هەواڵێکم دەست نەکەوت ئینجا بەرەو سلێمانی ڕۆیشتم و چوومە گشت نەخۆشخانە حکومی و ئەهلییەکان و ئێمرجنسی و مەیتخانە لەوێش هیچم دەست نەکەوت، بۆیە چووم بۆ کەلار و دەربندیخان لەوێش هەر بێ هەواڵ مامەوە ئینجا خزم و کەسوکار هەموو کۆبوونەوە بۆ ڕاوێژ لە سەر ئەم مەسەلەیە بڕیارماندا ناوچەکە بگەڕێین، لەوەش هیچمان دەست نەکەوت ئینجا لە بڵندگۆی مزگەوتەکان بانگەوازمان کرد هەر کەس زانیاری هەبوو ئاگادارمان بکاتەوە، پاش ئەم هەموو هەوڵ و تەقەلایەی خەڵکانی ناوچەکە کارمەندانی فەرمانگەی کارەبای شارەزوور هەواڵیان داینێ کە تەرمی محەمەدی 13**

سالأنیان لە نزیك گوندی قلیجە دۆزیوەتەوە، منیش بە پێی یاسا فەرمانگەی پۆلیسی شارەزوورم ئاگادار کردەوە تا چەند پۆلیسێکم لە گەڵدا بنێرن بۆ هێنانەوەی تەرمەکە و داوامکرد وێنەی بگرن، وێنەی گیراو بە پێی یاسا درایە پزیشکی دادوەری پاشان تەرمەکە بە خاك سپێردرا.

لە کۆتاییدا داواکارم لە دەزگا پەیوەندیدارەکان بە پێی یاسا تاوانباران بدۆزێتەوە و بیانداتە دادگا تا ببنە پەند بۆ ڕاگرتنی ڕێزی مافی مرۆڤایەتی و پێشێل نەکردنی مافی خەڵك، تا منداڵانی ئەم وڵاتە بە بێناز دوور لە ئاوایی فڕێ نەدرێن، داوا لە وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفال دەکەم بە دەنگی ئێمەی دڵڕەنجاو بێت و تاوانباران بدرێنە دادگا. لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی خەڵك و دامودەزگا حکومییەکانی شارەزوورو سوپاسی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دەکەم کە ئەرکیان کێشاوەو هاتوون بەشداری ئەم خەمەیان کردین.

## مردنی کوڕەکەم

دایکی منداڵەکە مەلیحە عەبدول سەمەد وتی: کوڕەکەم قوتابی بوو لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی ، بە هۆی نەخۆشی گرانەتاوە چەند ساڵێك دواکەوتبوو لە خوێندن دەبوایە لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بوایە، هەروەها وتی: مردنی کوڕەکەم کاری لە دڵم کردووەو زۆر خەمباری کردووم ،چونکە لە مردنیدا کەس بەدیاریەوە نەبووەو بێ ناز بووە لە هەمووشی ناخۆشتر ئەوە بووە کە تەرمەکەیان فڕێدابوو پاش دوو ڕۆژ دۆزرایەوە خەڵکێکی زۆر بە دەنگمانەوە هاتوون لە خزم و بێگانە بەشدار بوون لەم خەمەی ئێمەدا زۆر ماندوو بوون لە گەڕان بە دوای کوڕەکەماندا، سوپاس بۆ خوا کە تەرمەکەمان دۆزییەوە ئەگەر نەماندۆزیایەتەوە بە چاوەڕوانی دڵی پڕ غەممان بێئارام و نائاسودەتر





دەبوو، داواکارم لە حکومەتی هەرێم تاوانباران بگرێت و سزایان بدات تا ڕووداوی ناخۆشی وا کەسیتر نەیبینێت.

## ئەمە غەدرێکە لە مرۆڤایەتی کراوە

هەر سەبارەت بە ڕوودانی ئەم کارەساتە خاڵی محەمەد عەبدولعەزیز کە حەمید عەبدولسەمەدە بە مجۆرە بۆمان دوا: ئەم ڕووداوە بە کارەساتێکی زۆر گران و قورس دادەنێم، کاتی ڕووداوەکە من لە بازاڕ بووم لە سلێمانی تەلەفونیان کرد بە پەلە بگەڕێمەوە بۆماڵەوە، لەوێ کوڕیکی خوشکەزام ئەم هەواڵەی پێگەیاندم و ئێمەش لە گەڵ چەند خزمێکی خۆمان بە نەخۆشخانەکانی ناو شاردا گەڕاین، بەڵام هیچ زانیارییەکمان دەست نەکەوت، پاشان چووینە شارەزوور لە گەڵ خزمان دانیشتین بۆ دانانی بەرنامەیەکی گونجاو لەو بارەیەوە هەموو پەرتەوازە بوون بۆ گەڕان بە دوای منداڵەکەدا هەتا کارمەندانی فەرمانگەی کارەبای شارەزوور هەواڵی دۆزینەوەی تەرمەکەیان پێداین زۆر سوپاسیان دەکەین، داواکارم لە دەسەڵاتداران و گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان کە هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ بنبڕ کردنی ئەم جۆرە کارە دوور لە مرۆڤانەیە، داوامەوایە ساتێ تاوانبار گیرا هیچ کەس و لایەنێك پشتگیری نەکات تا یاسا بیکاتە پەند بۆ کەسانی تر کە دەبنە هۆی پێشێلکردنی.

## تا ئێستا لێکۆڵینەوە بەردەوامە

هەر سەبارەت بە دۆسیەی ئەم ڕووداوە سەردانی بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی قەزای شارەزوورمان کردو لەوێ چاومان کەوت بە موقەدەم سلێمان مەحموود وتی: ڕۆژی هەینی 2003/9/26 کات 3,5 عەسر لە پشت بازاڕی هەڵەبجەییەکان لە شارەزوور لە نزیك ماڵی خۆیان محەمەد عەبدولعەزیز

**تەمەن 13 ساڵ لە گەڵ دوو هاوڕێی بە مەبەستی فڕێدانی زبڵ لە شوێنی دیاریکراو لەو کاتەدا جۆری ئۆتۆمبێلی نیسان پەترۆڵ منداڵەکە دەکات بە ژێرەوە، زانراوە کە بە شۆفێرەکەوە سێ کەس لە ئۆتۆمبێلەکەدا بوون لە کاتی لێدانیدا منداڵەکەیان هەڵگرتووتەوەو بردوویانە، لە ئەنجامی گەڕانێکی زۆر لەلایەن کەسوکاری منداڵەکەوە هیچ زانیارییەکیان دەست ناکەوێ پاش ئاگادار کردنەوەی پۆلیسی شارەزوور لە بەرواری 2003/9/28 بە هەوڵ و کۆششی کارمەندانی پۆلیس و خەڵکی ناوچەکە توانرا تەرمی منداڵە بێتاوانەکە لە نزیك گوندی قلیجە بدۆزرێتەوە. ئێمە وەك بنکەی پۆلیسی شارەزوور هەستاین بە دەست بەسەرداگرتنی سێ دانە لە ئۆتۆمبێلی گومانلێکراوو تا ئێستا لێکۆڵینەوە بەردەوامەو لە هەوڵداین بۆ دۆزینەوەو دەستگیر کردنی تاوانبار، هەروەها وتی: بۆمان دەرکەوتووە بە برینداری فڕێ دراوەو پێش چەند سەعاتێك لە دۆزینەوەی گیانی لە دەستداوە.**

## دواوتە

**لە ئەنجامی بەسەرکردنەوەو بینینی کەسوکاری ئەم منداڵە و وەرگرتنی ڕای لایەنی بەرپرس لە دۆسیەکەیدا دەرکەوت کە بە هۆی کەمتەرخەمی و بێ ئاگایی زۆر لە شۆفێران ڕۆژانە ئەم ڕووداوانە بە شێوازی جۆراوجۆر ڕوودەدەن، لە لایەکی تر بوونی زۆر لە ئۆتۆمبێلی بێ ژمارەو لێنەپرسینەوەیان هۆیەکی ترە بۆ ڕوودانی کارەسات لە سەر بەرپرسانی ناوچەکەش پێویستە بە پێی یاسا هەوڵ و تەقەلای خۆیان بخەنە گەڕ لە پێناو دۆزینەوەو دەستگیر کردنی تاوانباران تا ئەم ڕووداوە نەبێتە نەریتێکی باو و شۆفێرانی تر چاوی لێ بکەن بێگومان لە نەدۆزینەوەی تاوانباران ئەم ڕووداوە چەند بارە دەبێتەوە.**





لەکوردستانی نوێ ژمارە (3191) چوارشەممە 2003/10/8)بلاوکراوەتەوە

# دەبێ سکاڵاکانی ناو سندوقی سکاڵا چییان تیادا نووسرابێت؟

**پاش ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کارەکانی فەرمانگەو وەزارەتەکاندا چووەوە دەرکەوت کە گەندەڵی هەیە، بۆیە لە سەر بڕیاری بەڕێز مام جەلال چەند یاسایەک دەرچوو کە تا کار بکرێ بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنی ئەو گەندەڵییە، بۆیە بە بڕیاری بەڕێزی سندوقی سکاڵا لە گشت فەرمانگەو شوێنێکدا دانرا بۆ ئەوەی کار بە داواو سکاڵای هاووڵاتیان بکرێت لە ڕێگەی ئەو لیژنانەی سەیری داوای ناو سندوقەکان دەکەن، وەک کاری**

ڕۆژنامەوانی بە باشمزانی سەردانی هەندێ فەرمانگەی حكومی بكەم و تێبینی چەند كەسێكیش لە سەر سندوقی سكاڵا وەربگرم.

## ڕای خەڵكی

لەو كاتانەدا كە دەمویست سەردانی فەرمانگە بكەم لە ڕێگەمدا كە هەنگاوم دەنا بەرەو وەزارەتی ناوخۆ پێش گەیشتنم چەند كەسێكم دواند لە سەر ئەو سندوقی سكاڵایەی لە شوێنە گشتییەكاندا دانراوە.

هاووڵاتی ( ئاراس عەلی ) وتی: من وەك لاوێكی ئەم شارە پێم وایە ئەوەندەی سندوقی سكاڵا كێشەكان ئاڵۆز دەكات چارەسەریان ناكات، ئەویش لە بەر ئەوەی سندوقێك دانراوە كەم كەس دەزانێ گرنگی ئەو سندوقە چییە، یان ڕاگەیاندنەكان زۆر خەمساردن لە بەئاگاهێنانەوەی خەڵكی سەبارەت بەو سندوقە تا ئێستا بەرنامەیەكم لە هیچ میدیایەكدا لە سەر سندوقی سكاڵا نەبینیوە، هەروەها وتی: نوكتەیەكت لە سەر ئەو سندوقەی بەردەركی سەرا بۆ دەگێڕمەوە، تازە سندوقەكە دانرابوو پیاوێكی پیرو ژنێكم بینی لای سندوقەكە وەستا بوون و یەكی چەند دینارێكیان بەدەستەوە بوو تا بیكەنە ناوی منیش لێیان نزیك بوومەوەو وتم: چی دەكەن ئەوانیش وتیان: ئەی ئەمە سندوقی خێر نییە بۆ مزگەوت ، منیش وتم: نەخێر ئەمە بۆیە دانراوە گەر تۆ داوایەكت هەبوو یان گلەییت هەبوو بیخەیتە ناو ئەم سندوقەوە بۆیە ئەوانیش سەریان لەقاندو دەستیانكرد بە پێكەنین، پێم وایە كێشەكانی لاوان بە سندوقی سكاڵا چارەسەر ناكرێت بە ڕێگای گونجاوو ڕەخساو دابنرێت نەك سندوقێكی مردووی بێنازو تۆز لە سەركەوتوو كە هیچ كێشەیەك چارە ناكات و كەسیش نازانێ چی تیا نووسراوەو كەسیش گرنگی بەو نووسینەی ناوی نادات.





هاووڵاتیەكی تر بە ناوی ( تەها عومەر ئەحمەد ) لە ناو بازاڕدا وتی: من حەز دەكەم ئەو سندوقە هەبێ لە دوو ڕووەوە بە كارێكی باشی دەزانم هەم خەڵك دەزانێ سكاڵا بباتە كوێ و هەم دەسەڵاتیش دەزانێ كام كارە پێویستی بە چارەسەر هەیە هەق وایە سندوقی سكاڵا لە گشت شوێنێ دابنرێت دانانیشی بە مەبەستی بینین و خوێندنەوەی داواو سكاڵای هاووڵاتیان بێت، هەروەها وتی: پێویستە ئەو سكاڵایەی دەنووسرێت ڕاستی بێت و یاسایی بێت نەك تەنها تەعبیر لە ڕای كەسێك بكات، من دەزانم خەڵك كە سكاڵای هەیە تایبەتیە نەك خزمەت بە بەرژەوەندی گشتیی بكات.

پێش ئەوەی بگەمە چاپخانەی شەعب ( ئەمیر هەڵە بجەیی ) نووسەرم بینی پرسیاری لێكردم وتی: لە بارەی چییەوە ڕیپۆرتاژ دەكەی، منیش باسم كرد كە بابەتەكەم سندوقی سكاڵایە، بۆیە وتی: منیش ڕای تایبەتی خۆم هەیە منیش پێم باش بوو ڕاكانی خۆی بڵێ بۆیە وتی: دانانی سندوقی سكاڵا كارێكی شارستانییە شتێكی باشە، بەڵام سكاڵا لە كێ هەر دوو حزبە گەورەكە دوو ئێدارەكە خۆیان پڕ بە سندوقی سكاڵای ئەم وڵاتە سكاڵایان لە یەكتر هەیە ئایا دەیانپەرژێتە سەر ئەوەی چاو بە سكاڵای هاووڵاتیاندا بخشێنن، ئەگەرنا پێم باشە لە بەردەم هەر یەك لە دامودەزگایەكدا سندوقێكی سكاڵا هەبێت، چونكە سندوقی سكاڵا بە ڕێژەیەكی زۆر بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەكانی كۆمەڵی مەدەنییە بە مەرجێ لایەنی بەرپرس هەست بە ئێش و ئازارەكانی خەڵك بكات و لە گەڵیان بژی، هەروەها وتی: هەست دەكەم هەموو سكاڵاكان كۆدەكرێنەوەو دەبنە ئەرشیفێكی فەرامۆشكراو لە ژوورێكی داخراودا، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا بوونی زۆر پێویستە ئەگەر خوا كردی دوای یەكگرتنەوەی ئەم دوو ئیدارەیە خەڵكی شیاو لە شوێنی شیاو دابنرێت.

هاووڵاتیەکی تر بە ناوی (بەختیار دڵساف پشدەری) بەم جۆرە وتی: بوونی سندوقی سکاڵا لە فەرمانگەکان و لە سەر شەقامە گشتییەکان یەکێکە لەو دیمەنانەی کە واقعی دیموکراسی لە کۆمەڵگادا بەرجەستە دەکات و دیمەنێکی شارستانی و جوان دەبەخشێتە کۆمەڵگا.

بەڵام ئایا ئەم سندوقی سکاڵایە تا چەند ڕەنگدانەوەی دروستی لە سەر گۆڕینی کۆمەڵگا هەیە؟ ئایا توانیویەتی هیچ کێشەیەکی ئەم کۆمەڵگایە چارەسەر بکات یان کارکراوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا متمانەی هەبێ کە ئەمە مینبەرێکی باشە بۆ دەربڕینی بیروڕاو کەموکورتییەکان و هەر لەو سندوقەشەوە بگەن بەو داوایەی کە مەبەستیانە، من وەك تاکێك نە لە ڕۆژنامەکاندا نە لە کەناڵەکانی تردا هیچم نەبینیوە کە باسی سندوقی سکاڵا بکات، بەڕایی من هەقە بەرنامەی ڕاستەوخۆ دانرێت لە سەر سندوقی سکاڵا و هەر جارەی تایبەت بێت بە فەرمانگەیەك و وەزارەتێك تا گشت سکاڵاکان لە بەردەم خەڵکدا باس بکرێن نەك ئاڕستەی میوانداری بەرپرسێك بکەن تا لە سەر داوای ناو سندوقەکان ڕوونکردنەوە بدات کەوا نەکرێت هاووڵاتیان وەڵامەکانیان لە کوێ وەربگرنەوە کە خراونەتە ناو سندوقی سکاڵاوە.

## بەرەو وەزارەتی ناوخۆ

لەم گەشتە ڕۆژنامەوانییەدا بە باشمزانی سەردانی وەزارەتی ناوخۆ بکەم، چونکە یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە سندوقی سکاڵای لە شوێنە گشتییەکاندا داناوە کە دەچیتە پرسگە زۆر هەست بە ئاسودەیی و کامەرانی دەکەی، چونکە بە شێوازێکی جوان و یاسایی و بەڕێزەوە ئاڕاستەی ئەو شوێنەت دەکەن کە مەبەستە، بۆیە لە سەر بابەتی سندوقی سکاڵا ناردیانین بۆ بەشی ڕاگەیاندنی وەزارەت و لەوێش پاش کەمێ پشوودان (عادل عەلی سەلام) سەرپەرشتیاری





ڕاگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆ بەم جۆرە لە سەر سندوقی سکاڵا وتی: پێشتریش سندوقی سکاڵا لە هەندێ شوێن هەبووە، بەڵام بەم شێوازەی ئێستا گرنگی پێنەدراوە وا بۆ ساڵێك دەچێ ئێمە لە بەرامبەر وەزارەتی ناوخۆ لە سەرا سندوقی سکاڵامان داناوەو گرنگی پێ دەدەین هەفتەی جارێك یان دوو جار سندوقەکە دەکەینەوە لیژنەیەکمان لە ڕاگەیاندن دروستکردووە بۆ بەدواداچوونی سکاڵاکان کە سکاڵاکانیش دەکرێنەوە بێ جیاوازی و لابردنی، هەموویان دەخەینە بەردەم وەزیری ناوخۆ ئەویش یەك یەك نامەکان دەخوێنێتەوە لە پاشان لە سەری دەنوسێ بۆ ئەو لایەنەی سکاڵاکەی ئاڕاستە کراوە ئەوانیش کاری لە سەردەکەن، سەبارەت بە ژمارەی سکاڵاکان وتی: ژمارەی سکاڵاکان گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام وەك ئێمە تێبینیمان کردووە زۆربەی سکاڵاکان دەچنە بواری تایبەت، هەندێجار پێشنیازی جوانی تێدایە و کاری لە سەردەکرێ یەکێکی تر لەو تێبینیانەی بەدیمانکردووە هەندێ کەس هەن ناوو ژمارەی مۆبایلی خۆیان دەنووسن و هەندێکیشیان بێ ناونیشانە، لە گەڵ ئەوەشدا دانانی سندوقی سکاڵا بەو جۆرە کە خەڵك ڕەچاوی بکات و بتوانێ بیروڕاکانی خۆی دەرببڕێ ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئێمە زۆر لە خۆمان ڕازی بین و بڵێین، بێ کەموکورتیین، بەڵام لە ڕێگەی گوێگرتن و خوێندنەوەی سکاڵای خەڵك کەموکورتییەکان کەمدەکەینەوەو کاری لە سەردەکەین ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ وەزارەتەکەمان بوێرەو لە ڕەخنەو پێشنیازو سەرنج ناترسێ و هەنگاوەکانمان لە ڕێگەی خوێندنەوەی کاروبارەکانی خۆمانەوەیە، جگە لە سندوقی سکاڵا کە دامانناوەو گرنگی پێ دەدەین هەفتەنامەی (ناوخۆ) مان هەیە کە بێ گرێ و گۆڵ و بێ هیچ بەربەستێك خەڵك دەتوانێ ڕەخنەی خۆی بگرێ و تیایدا بنووسێ جگە لەمانەش لە سایتی ئینتەرنێتەوە خەڵك دەتوانێ

ڕای خۆی دەربڕێ و لە بەرنامەی تەلەفزیۆنی (گۆڤاری ناوخۆ) شدا هەر خەڵك دەتوانێ بەنامە داواکاریی پێشکەش بکات و ئێمەش دەیخەینەڕوو کاری پێدەکەین.

## ڕووەو پەروەردەی سلێمانی

لەم گەشتەمدا بە باشمزانی سەردانی بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی بکەم، لە ناو حەوشی پەروەردە پیاوێکی بەتەمەنم بینی دیاربوو کارگوزار بوو پرسیاری سندوقی سکالام لێکرد کە چۆن دەبینێ زۆر بە خۆشی وەڵامی دامەوەو وتی: ئەو سندوقە چییە بە خوا من هیچی لێ نازانم و خوێندەواریم نییە، بۆیە بە ناچاری زانیم کە شارەزایی نییە وازم لێهێنا، کەسێکی ترم بەدیکرد بۆیە لێی نزیك بوومەوە پرسیاری گرنگی سندوقی سکالام لێ پرسی کە ناوی مامۆستا (سەدرەدین محێدین) بوو بەم جۆرە وتی: سندوقی سکالا ئەگەر کاری پێبکرێ هێمای شارستانییە، ئەگەر کاریشی پێ نەکرێ دانەنرێت باشترە.

پێم باشە لە گشت شوێنێ سندوقی سکالا دابنرێت بە تایبەتی لە فەرمانگەکان دا، چونکە زۆر کەس ناتوانێ کێشەو داواکانی ڕاستەوخۆ باس بکات و بیدرکێنێ، بەلام لە ڕێگەی سندوقی سکالاوە ئاسانتر ڕازەکانی دەدرکێنێ.

لەمەوپێش نەمبیستووە کار بە داوای سندوقی سکالا بکرێت، بەلام لەمەودوا چاوەڕوان دەکرێ ئەویش دەگێڕمەوە بۆ هۆکاری لەباربوونی بارودۆخ و یەکگرتنەوەی حکومەتەکانی و باش بوونی ئاستی بژێوی خەڵکی، هەر سەبارەت بە داوای خۆی وتی: من پێشنیاز دەکەم کە سندوقی سکالا دادەنرێ کەسانی تایبەتمەند دابنرێن بۆ کردنەوەی سندوقەکان با ئەو کەسانە سەر





بەو فەرمانگەیە نەبن تا چاوپۆشی لە هیچ کەس و کەمتەرخەمییەك نەکرێ و سکالاکان بگەنە سەر ڕێڕەوی کارپێکردنیان.

سندوقی سکالا لای گشتمان شتێکی تازەیەو نامۆیە، چونکە ئەو ڕژێمانەی دەسەلاتیان هەبووە هەمیشە خەریکی کاری چەوساندنەوەی خەڵك بوون نەك خەڵك هانبدەن تا چاودێری دەسەلات و کەموکورتییەکانی بکەن، هەقە ڕاگەیاندنەکانیش ڕۆڵی هۆشیارکردنەوە ببینن تا خەڵك بە جوانترین شێوە بتوانن ئەو سندوقی سکالایانە بەکاربێنن نەك بۆ داوای تایبەتی.

پاش ئەوە بە باشمزانی سەردانی بەڕێوەبەرێتی کارگێڕی پەروەردەی سلێمانی بکەم دەمبینی چۆن بەڕێوەبەری ئەو بەشە گوێ لە خەڵکی دەگرێ کارئاسانی بۆ گشت ئەوانە دەکات کە ڕووبەڕووی دەبنەوە هەم لەکارکردن و هەم پرسیارلێکردن لە دوورەوە چاودێری ئەو کەسەم دەکرد پێش ئەوەی بزانێ من ڕۆژنامەنووسم هەر بۆیە بە باشم زانی لێی نزیك ببمەوەو خۆم بناسێنم ئەویش بەو شێوازەی کە خەڵك پێشوازی دەکرد بە هەمان شێوە بۆ منیش وایکرد کە ناوەکەیم پرسی وتی: ناوم (کامەران عەزیز عەلی) ە بەڕێوەبەری ئەم بەشەم لە پەروەردەی سلێمانی سەبارەت بە سندوقی سکالا وتی: من هەستدەکەم ئەو سکالایانەی دەخرێنە ناو سندوقەکەوە شتی شەخسین لە خزمەتی گشتیدا نیین، هەر چەندە تا ئێستا گوێبیستی گشت داوایەکی هاوولاتیان بووین و سندوقەکەشمان داناوە ئەو کەسانەی کە دیاریمان کردوون بۆ سەرپەرشتیکردنی سندوقەکە لەم کەسانە پێکدێن: بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری کارگێڕیی بەڕێوەبەری ژمێریاری کە ئەمانەن سندوقەکە دەکەنەوە ئەگەر سکالاکان لە سەر شەخسی خۆشمان بن ئێمە ئامادەین گوێ لەو سکالایانە بگرین بە پێی یاساو بەرژەوەندی گشتیی کاری لە سەر دەکەین.

**هەروەها وتی: ئێمە کە لێرە دانراوین بۆ خزمەتی نەتەوەکەمان پێموایە چی لە بەرژەوەندی ئەم وڵاتەدا بێ دەیکەین لە سەر نامەی ناو سندوقەکانیش من تێبینی دەکەم کە ئەو کەسەی سکاڵا دەنووسێ ناوو ناونیشانی خۆی بنوسێ تا نەچێتە بواری شتی شەخسی پێموایە ئەمە هەنگاوێکە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەی مەدەنی هەر چەندە زۆر شت لای ئێمەی کورد کاری لە سەر دەکرێ بۆ بەرژەوەندی تایبەتی وەك لە بەرنامەی ڕادیۆکاندا دەبیستین کە خەڵك سکاڵاکانیان زیاتر بۆ خزمەتی خۆیان داوا دەکەن بۆ گەڕەك و بەردەم ماڵەکانی خۆیان، سەبارەت بە داواو خۆزگەی خۆی وتی: خۆزگەیەکم هەیە ئەویش ئەوەیە هەق وایە چۆن باسی لە کاری دزێوو ناشیرین و کەمتەرخەم دەکەن با باسی کاری چاکەو باشی و شارستانیش بکەن بە تایبەت ئەوانەی داوا دەخەنە ناو سندوقی سکاڵا و ڕۆژنامەنووسەکانیش.**

## دواوتە

ئەوەی من لەم گەشتەمدا بە ناو خەڵک و دامودەزگاکانی حکومەتدا ئەنجاممدا سەبارەت بە بوونی سندوقی سکاڵا بەدیمکرد کە بوونی سندوقی سکاڵا کارێکی شارستانی و گونجاوە بۆ ئەمڕۆی وڵاتەکەمان ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە ئەو کەسانەی سکاڵا دەخەنە ناو سندوقەکەوە پێویستە ڕەچاوی بەرژەوەندیی گشتیی بکەن و دووربکەونەوە لە بەرژەوەندیی تایبەتی، هەروەها لە سەر داموودەزگاکانی حکومەتیش پێویستە بە چاوێکی ووردو گەشەوە سەیری سکاڵای هاووڵاتیان بکەن و کار لە سەر ڕەخنەکان بکرێ بۆ





چاککردنی واباشە لیژنەیەک بۆ ئەو سندوقە دروستبکرێ کە سەر بەو فەرمانگەیە نەبن تا گشت نامەو سکاڵاکان بە وردی بخوێنرێنەوەو کاریان لە سەر بکرێت، هەروەها لە سەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیشە گرنگی و بایەخی سندوقی سکاڵا بۆ هاووڵاتیان ڕوونبکەنەوە تا بە باشی بە کار بهێنرێت.

لە کوردستانی نوێ ژمارە (3705) ڕۆژی پێنجشەممە (2005/6/23)بلاوکراوەتەوە

# زیادەڕۆیی لە قسەکردندا، نەریتێکی خراپی کۆمەڵایەتی

زیادەڕەویی لە قسەکردندا بە تایبەت لە کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتدا زۆر بەدیدەکرێت، دەبێت چی وا لە مرۆڤ بکات هانا بۆ ئەم زیادەڕەوییە ببات، ئایا ئەو مرۆڤە بە چ ئاکامێک دەگات کاتێک زیادەڕەویی دەکات، تۆ بڵێی تا چەند سنوری کۆمەڵایەتی والابێت یان دیوار بەندێک هەیە بۆ ئەم

ڕەوشتەی مرۆڤ، هەموو ئەمانەو لە بەر دەرکەوتنی دیاردەکە کە زۆر بەزەقی لە ناو کۆمەڵگای کوردەواریدادەبینریێت دەبێت وەلامێکیان بۆی هەبێت.

سەبارەت بە دەستنەکەوتنی کەسێک لە ئاینی زەردەشتی ناچار بە دوای سەرچاوەدا گەڕام ئەوەی لای ئاینی زەردەشتی گرنگە سێ بنەمایە کە ئەویش (بیری چاک، وتەی چاک، کرداری چاک)، دیارە یەکێک لەو سێ بنەمایە کە وتەی چاکە بەڵگەیە بۆ ڕێنەدان بەزیادەڕۆیی، چونکە وتەی چاک بە مانای (ڕاست وتن و ڕێک وتن و ڕوون وتن) کاتێک مرۆڤ زیادەڕۆیی کرد لەم یاسایە دەردەچێت، بەو واتایەی ئاینی زەردەشتی دژ بە زیادەڕۆییە لە کاتی قسەکردندا.

**هەر سەبارەت بەم دیاردەیە لای ئاینی ئیسلام، سەردانی مامۆستا ( شێخ ماجد حەفید ) مان کرد کە پێش نوێژی مزگەوتی گەورەی سلێمانیەو وتی:**

**زیادەرەوی بە مانای زیاد کردن بە سەر ڕاستیدا واتا لە خودی راستیدا نییە و لێی دەردەچێت، دەرچوونیش لە ڕاستی بە مانای درۆیە، ئەمیش بە مانای بەدەر لە کاری ڕاست، لە قورئانی پیرۆزدا تەنها سێ کەس نەفرەتیان لێکراوە یەکێکیان درۆزنە، لە پێغەمبەر ( د.خ ) یان پرسیووە ئایا باوەڕدار تاوانی لێدەوەشێتەوە، فەرموویەتی: نەخێر باوەڕدارو درۆیان نەوتووە، بەلام زیادەڕەوی لە هەندێك شتدا ئیجازە پێدراوە، وەك کەسێك بۆ کاری خێر هان بدرێت ئەم زیادەرەوییە بە هاندان حساب دەکرێت، چونکە بەرژەوەندی گشتی کەسانی تری تێدایە ، وەك هاندانی هاونیشتمانان لە کاتی جەنگدا بۆ پاراستنی ولات، هەروەها زیادەرەوی لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە ئینکارییەو نابێت بکرێت چونکە مەبەستی تاکە کەسە و کاری خێر نییە و درۆی لێ پەیدا**





**دەبێت، ئەویش خیانەتە و لە دەستدانی متمانەیە لە لایەن کەسی بەرامبەرەوە، هەروەها وتی: لە ناو کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێمەدا دەتوانم بڵێم خەڵکی دینیان بە ڕاستی نەگرتووە، خەڵك هەیە بەدرۆ کردنیان دەڵێن درۆی مەسڵەحەت لە درۆدا مەسڵەحەت نییە.**

## ئەی ئاینی مەسیح چی دەڵێت؟

**بۆ زانینی بیروڕای ئاینی مەسیحی سەردانی کەنیسەی سلێمانیمان کرد، مامۆستا ( لەتیف پۆلس ئستفان ) وتی: لە ئاینی مەسیحیدا، یەکێك لە بنەماکانی حەزرەتی مەسیح کە دایناوە بۆ مرۆڤی مەسیحی راستگۆیی و درۆ کردنە، تەنانەت بۆت نییە سوێند بە ناوی خودا بخۆیت، بۆیە زیادەڕەوی لە قسەکردندا ڕاست نییە و بەشێکە لە درۆ، مرۆڤ تووشی ناڕەحەتی دەکات.**

**سەبارەت بە هۆکاری زیادەرەوی لە قسەکردندا لای هەندێك کەس وتی: کەمی ئاستی خوێندەواری و بەرپەرچدانەوەی کۆمەڵ بۆ ئەم نەریتە هۆکارن کە هەندێك سورن لە سەر زیادەڕەوی، هەروەها سەبارەت بە کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە وتی: دەبێت لە منداڵەوە دەست پێبکرێت لە ماڵ و باخچەی ساوایان و خوێندگاکاندا، بە فێر کردنیان بە قسەکردن بە قەدەر پێویست .**

## شاعیر زیاتر لە خەیاڵدا دەژی

**سەرەتا سەردانی ( سەلام مستەفا ) ی شاعیرمان کردو وتی:**

**کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی سادەو ساکارە ئێمە بە هەموو جۆرە ئازادی و نائازادییەکەوە تیایدا ژیاوین.. کۆمەڵگایەکی داخراوین لە هەموو ڕوویەکەوە تا ئەو ڕادەیەی پێویستە نەمان توانیوە بوونی خۆمان بسەلمێنین، جگە لە شەڕوشوڕەکان و کاولی و ماڵوێرانی لە ڕووی فەرهەنگ و ئەدەب و هونەرو پیشە سەرەکییەکانەوە زۆر زۆر لە دواوەین بەو حوکمەی دەنگمان لە سنور نەچۆتە**

دەر، ئەمانە وایانکردووە کە تاکی کوردی جۆرە ئازادییەك بە خۆی ڕەوا ببینێت لە گفتوگۆ و هەڵسوکەوتدا ، لە بەر ئەوە لەو کاتەدا زیادەڕەویی دەکەین بە تایبەت لە قسە کردندا بە ڕادەیەك کە لە سنوور دەربچێت.

کە دەکەوینە قسە کردن ئەوا لە سەرو پێویستەوە دەڕۆین و نیشانەکانیش بە بێ پێکان دەهێڵینەوە زیاد لەوەی هەیە شتەکان گەورە دەکەین کە لەمەیاندا درۆ دەورێکی سەرەکی دەبینێت ئەمە لە سیاسەتدا دەوری خۆی هەیە بەو حوکمەی ئێمە هەر بە شەڕوماڵوێرانیدا تێپەر بووین، ئەم دیاردەیە لە ناو ئەدییان و ڕۆشنبیرانیشدا سەری هەڵداوە بەو حوکمەی نووسەر زیاتر لە خەیاڵدا دەژی، دەکرێت خەیاڵیش سەدان شاخ و کلك و گوێی بۆ بڕوێنێ، بۆ کاتی قسەکردنی ئاسایی ( غرور ) بوون دەوری سەرەکی دەبینێت لە زیادەڕەویدا، نووسەری کورد هەست بە جۆرە دابڕانێك دەکات کە ئەمە وای لێکردووە بە نووسین قەرەبووی خۆی بکاتەوە، لە بەر ئەوە هۆکار زۆرە، تۆ لە شوێنێکی داخراودایت دەنگ و ڕەنگت ناگات.

هەستت پیش دەخواتەوەو خولیات دەمرێت، چەکێك کە بمێنێتەوە زیادەڕەویە بۆ کەمکردنەوەی زیادەڕەویە خۆ ئەمە جگەرەکێشان نییە من نایزانم چۆن کەمدەکرێتەوە.

لە پاشان سەردانی ( ئازاد مەعروف ) ی مامۆستامان کرد، ئەویش وتی: بە هۆی مۆسیقاوە سۆز زۆر دەبێت و جوڵەش خێرا دەبێت ، بەم پێیە لایەنە سۆزدارییەکانی پەیوەند بە کاتە خایەندراوەکانی ناو ئاوازەکان پەیوەندن بە مقامەکان و پارسەنگ و هاوگونجاو بۆ چۆنایەتی بیری بەستراو بە موبالەغە و درێژەپێدان بە گشتی لە کۆمەڵگایەکی لاسایکەرەوەی مۆدێرن بە گشتی و بە تایبەتی لە ناو چینی میللی کە خاوەنی ئەو هونەرە مۆسیقییە میللیەن کە





ناسنامە و وەڵامی پرسیاری بەڕێزتانە کەچی بە پێچەوانەی ئەمەوە ریتمەکان لە جیاتی مەقامەکان لە برەودایەو لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان، بەدەرە لە زیادەڕەوی و موبالەغەدا، لە ئاستێکی ئابوری بەرزە کە ڕەنگدانەوەیە بۆ لاوازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کەمی سۆز، لەسەرخۆ لە ژیانێکی ڕۆمانسیدا.

## پیاوان لە ژنان زیاتر زیادەڕۆن

بۆ ئەم مەبەستە سەردانی کەسایەتی ناسراوی شاری سلێمانی ( محەمەد عارف ) ناسراو بە ( حەمەی زێوەر ) مان کرد کە لە ساڵی 1956 کتێبخانەی زێوەری کردۆتەوەو ئێستا خاوەنی پەڕاوگەی زێوەرە، وتی: ڕاستە لەم شارەدا زیادەڕەویی هەبووە، بەلام بەم جۆرەی ئێستا نەبووە، هۆی پەیدا بوونی ئەم دیاردەیە قەرەباڵغبوونی شارەکەیە کە لە هەموو لایەکەوە ڕووی تێکردووەو بوونە خاوەن پیشە، جا لە بەر منافەسەی کەسانی ترو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان زیادەڕەویی دروستبووە، بەلام بە شێوەیەکی گشتی لە ناو ڕۆشنبیراندا کەمترە، هۆیەکی تر لە زیادەڕەوی دەگەرێتەوە بۆ پەروەردەی خێزانی چارەسەریشی لە رێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و بەرنامەی پەروەردەیی لە ناو خوێندنگاکاندا ڕێگایەکە بۆ چارەسەرکردن، هەروەها ڕۆشنبیر کردنی دایکان لە پەروەردە کردنی ڕۆڵەکانیاندا، پێموایە تا ڕۆشنبیری و خوێندەواری زیاد بێت ئەم کارە دزێوە کەمدەبێتەوە و ژیانی ڕاستگۆیی دێتە ئاراوە، هەروەها زیادەڕەویی دەبێتە هۆی سەرچاوەگرتنی فڕوفێڵ و دەست بڕین و درۆو کاری خراپەکاری بە مەبەستی تایبەتی خۆیان، زیادەڕەویی لە ناو پیاواندا زۆرترە وەك لە ژنان بە هۆی باری کۆمەلایەتی کە پیاو زیاتر لەدەرەوەیە.

## بواری پەروەردە و زیادەڕەویی

بۆ ئەم مەبەستە بە باشمانزانی مێرد منداڵێکی ژێر بەسەر بکەینەوە و بە زمانە ساکارەکەی خۆی بیدوێنین ئەویش (ئەژی عومەر) ە کە تەمەنی (15) ساڵەو لە پۆلی سێیەمی ناوەندییە و وتی: من لە خوێندنگا لە گەڵ هاوڕێکا نمدا زۆر جۆر لەو قسانە دەبیستم کە هاوڕێکانم دەیکەن، تەنانەت لە ناو هەندێك مامۆستاشدا لەو جۆرە قسانە دەکرێت، جارێك مامۆستایەکمان وەك پیشەی هەمیشەیی لەوانەکە دەرچوو وتی: من (40) ساڵە مامۆستام و تا ئێستا سوودم لە حکومەت وەرنەگرتووە، یان هاوڕییەکمان زۆر زیادەڕەوی دەکات لە باسی خانوو ئۆتۆمبێلدا و دەڵێت: خاڵم خانوویەکی کردووە دوو نهۆمە تا ئێستا یەك ملیۆن دیناری تێچووە، هەروەها وتی: زیادەڕەویی پەیویست نییە بە ئاستی خوێندەوارییەوە، هاوڕێم هەیە باوکی مامۆستایەو دایکی فەرمانبەرە، بەڵام زیادەڕەویی زۆر دەکات، دەبوایە ئەوە وا نەبووایە، چونکە لە خێزانێکی خوێندەوارە، پێموایە بەو جۆرە ڕەوشتە لە هەندێك کەسدا هەیەو پەیوەندی بە کەسی تروەوە نییە نە دایك و باوك و نە مامۆستا و هاوڕێ و نە قوتابخانە ئەمانە بەرپرس نین، ئەم جۆرە زیادەڕەوییە لە پاش قۆناغی سەرەتایی دەردەکەوێت، من لە سەرەتایی لەو جۆرە قسانەم بیستووە، چونکە زیاتر لە منداڵیدا حەزمان لە یاری کردن بوو.

هەر سەبارەت بە زیادەڕەویی ڕای مامۆستایەکی بە ئەزموونمان وەرگرت کە ئەویش مامۆستا ئیسماعیل ئەحمەد-ە کە زیاد لە 30 ساڵە مامۆستایە، وتی: بێگومان لە ناو هەموو چینێکدا چەند کەسێك هەن کە خۆیان بە تێگەیشتوو قسەزان دادەنێن، ئەو کەسانە جورئەتێکی تەواویان هەیە بۆ بەرەو پێشبردنی خۆیان تادەربکەون، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو کەسانە وانین.





کۆمەڵ ئەمانەی تاقیکردۆتەوەو سنورێکی بۆ داناون کە ئەوان هیچ توانایەکیان نییە پێویستە بواری پەروەردە دەوری باڵای هەبێت لە چارەسەر کردنی ئەو نەریتەدا، داواکارم ئەو کەسانەی زیادەڕەویی دەکەن بە ڕەوشتی خۆیاندا بچنەوەو واز لەو ڕەفتارە بهێنن.

بۆ وەرگرتنی ڕای توێژەری کۆمەڵایەتی سەردانی دادگای سلێمانیمان کردو لەوێ چاومان کەوت بە (نیگار محەمەد ئەمین) سەرۆکی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگاو وتی:

لە سروشتی هەندێك مرۆڤدا زیادەڕەویی هەیە تەنانەت لە وتنی قسەی ئاساییدا زیادەڕەویی دەکات، لای هەندێکی تر زیادەڕەویی کردن بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکانی لایەنە تایبەتەکانی ژیانی خۆی وایلێدەکات، زیادەڕەویی بکات، سەرەنجامی زیادەڕەویی ڕوون بوونەوەی، لە بەردەم کەسانی بەرامبەر کە ناڕاستە لە ناو کۆمەڵی ئێمەدا ئەو ڕەفتارە هێندە زۆر بووە کەسێك کە ڕاست دەدوێت جێی بڕوا نییە و خەریکە ڕاستی دەکەوێتە گومانەوە زۆر جار زیادەڕەویی بۆ خۆهەڵکێشان لە بەرامبەر کەسانی گوێگرا ، سەبارەت بە چارەسەری زیادەڕەویی وتی: ڕام وایە لە کاتی ئە نجامدانی زیادەڕەوییدا کەسی بەرامبەر نەهێڵێت لە سەری بڕوات و ڕاییگرێت و ڕاستییەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە، هەروەها ڕاگەیاندنەکان و پرۆگرامی خوێندن ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە پەروەردەی دروست و پێگەیاندنی نەوەی نوێ بۆ دوورکەوتنەوە لە زیادەڕەوی بە تایبەت بەرنامەی منالان لە نواندن و فیلمی کارتۆندا زیاتر وا باشە پەروەردەیی بن نەك تەرفیهی، لە نەوەی نوێدا بتوانین ئەم دیاردە دزێوە ناشیرینەی کۆمەڵەکەمان نەهێڵین.

## دوا ئەنجام

بۆ گەیشتن بەو هۆکارانەی زیادەڕەویی لە ناو کۆمەڵگای ئێمەدا زۆرە پەیوەستن بە لایەنەکانی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ئابوری، کە هەر یەکێکیان کاریگەری خۆی لە سەر کۆمەڵ هەیە، جگە لەمانەش نەریتی خراپی بەعس بە ویستی خۆی ئەم جۆرە تۆوانەی ڕوواندوەو تا ئێستا کاری خۆی دەکات جگە لەمانەش هەندێک کەس بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکانیان هانا بۆ زیادەڕەویی دەبەن، لە سەر دامودەزگاکانی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و ئاینییەکان پێویستە نەخشەو پلانی گونجاو دابنێن تا مرۆڤی کورد بە بیرێکی جوان و ڕاستگۆیانەوە بێتە مەیدان و وەک تاکێک ڕۆڵی هەبێت لە خزمەتی گشتیدا، جگە لەمانەش پێویستە ئەو کەسانەی بەرامبەر بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ و دوور لە بریندار کردن ڕاستییەکانیان بۆ ڕوونبکەنەوە و بە زەرەرەکانی زیادەڕەویی ئاشنایان بکەن تا وازیلێبهێنن، بێگومان بەوازهێنان لەم جۆرە ڕەفتارە کۆمەڵگایەکی ڕاستگۆو دروست و جێگەی ناڕاستی و درۆو زیادەڕەویی دەگرێتەوە، هەروەها دایکانیش لە سەریانە منداڵەکانیان ڕابێنن تا ڕاستگۆ بن و زیادەڕەویی نەکەن.

کوردستانی نوێ، ژمارە (3401) پێنجشەممە 2004/6/24)بڵاوکراوەتەوە

## دوو لاو بە پێنج مانگ شاخێك دەبڕن

زۆر جار عەشقێک وایکردووە مرۆڤ دستبەرداری زۆر شت ببێ یان لە پێناوی ویستێکی خۆیدا گرانترین کار ئەنجامبدات، لەو بارەیەوە مێژوو بۆمان باس دەکات یان ئەفسانەکانی نەتەوەکان دەیگێڕنەوە لە پێناوی گەیشتن بە





مەبەستێکدا، مەرجیش نییە ئەو مەبەستە ئەوینێکی تایبەتی بێت، کاری زۆر گەورە ئەنجام دەدرێت و مێژوو تۆماری دەکات.

لە گوندی قەڵاچوالان کاتێك ئاو کەم ببوو، تەنانەت چەمی گەورەی قەڵاچوالانیش وشکی کرد بوو، بۆ ئەوەی باخ و مەزرای ئەو خێزانە وشك نەبن و بەردەوام بن لە بەخشینی بەرو جوانیی بۆ سروشت و مرۆڤ، یان گەڕان بە دوای سەرچاویەکی تردا کە لە ناو سکی زەویدایە بەهێزو بازووی مرۆڤ تا بتوانرێت ورگی زەوی شەقار بکرێت و ئەوەی مەبەستە مرۆڤ پێی بگات کە هێمای ئاوەدانی و سەرچاوەی مانەوەی ژیانە بە ئاسودەیی، ئەویش ئاوە.

ساڵی 2002 لەو گوندەدا بە هۆی بوونی تەڕاییەك لە ناو شاخێکدا کە کەوتۆتە پشت ئەو زەوییەی کراوە بە باخ، ئەویش (گردی گێلاسان) ە، ئەم گردە لە مێژووی ئەمارەتی باباندا ڕۆڵ و گرنگی زۆری هەبووە، لە بەر ئەوەی پاشای بابان کە سلێمان پاشا بووە، لە سەر ئەم گردە ساباتی حەوانەوەی هاوینانی دروستکردووە، کە کەوتۆتە باکوری قەڵاچوالان و بە سەر ناوچەکەدا دەڕوانێ، لە زۆر کاتدا سوپای بابان وەك شورایەك بۆ پاراستنی پایتەخت کە قەڵاچوالان بووە بەکاریانهێناوە ، ناوەکەش، گێلاسان، دیارە کە درەختی گێلاسی زۆری لێبووە.

بۆ گەڕان بە شوێن مێژووی شوێنەواری بابانەکاندا کە لە ژمارەی (38) ی گۆڤاری پشوودا ئاماژەم پێکردووە لە دیدارمدا لە گەڵ مام عەبدوڵلا ، گردی گیلاسانم بە سەر کردەوە بە تەواوی بایەخی ئەم شوێنەم بەدیکرد.. لە ڕۆژئاوای گردەکە کانی و ئاوی لێبووە لە زەمانی باباندا، چەند مەترێك لە خوار بەرزایی گردەکەدایە،دیارە بابانەکان سوودیان لەو ئاوە وەرگرتووە.. هەر بە هۆی نزیکی ئەم ئاوەوە پاشا ئەو شوێنەی کردووەبە هاوینە هەوارو

شوێنگەی حەوانەوەی هاوینانی خۆی. کاتێك گەڕام بە گردەکەدا، لە بەشی باشوورەوە شوێنێکم بەدیکرد لە ئەشکەوت دەچوو، کە چوومە نزیکی بۆم دەرکەوت تازە هەڵکەنراوەو قوڵە و زۆر تاریکە، گەر لایت نەبێت ناتوانیت ناوەوە ببینی، بۆیە حەزم کرد خاوەنی زەوییەکە ببینم و بزانم بە چ مەبەستێك ئەم شاخە هەڵکەندراوە، دوای پرسیار کردن بۆم دەرکەوت دوو لاو ئەم کارەیان کردووە بە مەبەستی گەیشتن بە سەرچاوەی ئاو تا کێڵگەکەیان وشك نەبێت، بۆیە منیش حەزم کرد ئەم دیمانەیە بۆ خوێنەران ئەنجام بدەم تا هەوڵ و کۆششی ئەم دوو لاوە بەهەند وەربگیرێت کە وەچە و نەوەی بابانەکانن لە پاشماوەی پایتەختی ئەم میرنشینە کە قەلاچوالانە، تا بایەخی مرۆڤی کورد لەم نیشتیمانەدا کە چەند دێرین و ئازیزە فەرامۆش نەکرێت.

لە پێشدا چەند پرسیارێکمان لە کاك سۆران کرد:

* ناوی تەواوی خۆت و تەمەنت چەندە؟

- ناوم سۆران عەبدوڵلا سۆفی ساڵح و ساڵی 1979 لە گوندی قەلاچوالان لە دایکبووم.

* کەی دەستتان کرد بە هەڵکەندنی ئەم شاخە؟

- ساڵی 2002 دەستمان پێکرد، ڕاستە بە گردی گێلاسان ناسراوە بەلام شاخاوی و ڕەقە.

* هۆی چیبوو ئەم کارەتان کرد؟

- بە هۆی بوونی تەڕاییەوە، پێویستی زۆرمان بە ئاو هەبوو بۆ باخەکەمان ناچار بووین بە دوایدا بڕۆین.

* بە چەند کەس کارەکەتان ئەنجام دا؟





- من و برازایەکم کە ناوی (سامان) ە کارەکەمان ئەنجامدا.

* بە چی ئیشتان لەو شوێنە ڕەقەدا دەکرد؟

- بە پاچ و قوڵینگ و خاکەناز ئیشمان دەکرد و بە عەرەبانەیەکی دروستکراوی دەستیی خۆمان دەرمان دەدا.

* ماوەی قوڵیی و بەرزیی ئەو شوێنەی هەڵتان کەندووە چەند مەترە؟

- درێژیی کارێزەکە (45) مەترە، یەك مەترو نیو پانە و دوو مەتر بەرزە.

* بۆچی پانیی و بەرزیەکەیتان زۆر کردووە؟

- لە بەر ئەوەی بتوانین بە باشی کاری تێدا بکەین و بە ئاسانی هاتوچۆی تێدا بکرێت لە کاتی ئیشدا چونکە وا نەبێت ناتوانرێت ئەو هەموو هەڵکەندراوە بێتە دەر، هەروەها بۆ ئەوەی عەرەبانەکەش بە باشی بواری هاتوچۆی هەبێت.

* چۆن ئیشتان تێدا دەکرد؟

- من زۆر کات هەڵمدەکەندو (سامان) دەیبردە دەرەوە.

* ماوەی ئیشکردنەکە چەندی پێچوو؟

- بە پێنج مانگ ئیش کردن ئینجا کۆتایی هات.

* ئەو پێنج مانگە بە بەردەوامی ئیشتان تێدا دەکرد؟

- بۆ ئەوەی بێزار نەبین لە ئیشکردن ڕۆژانە چەند سەعاتێك ئیشمان دەکرد، تەنانەت ڕۆژانی ساردو سەرماو بەفریش جار هەبووە ئیشمان کردووە.

* کەی وازتان لە ئیش هێنا؟

- ئەو کاتەی گەیشتینە ئاو بە تەواوی دەستمان هەڵگرت.

* ئاوەکەی چەند دەبێت، بە تایبەتی لە هاویندا؟

– لە زستان و بەهاردا زۆرە، بەڵام لە هاویندا دوو ئینج دەبێت، بە هۆی دروستکردنی حەوزێك کە کۆدەکرێتەوە کاری ئێمە بۆ زەوییەکانمان مەیسەر دەکات.

هەر سەبارەت بە ئیشکردنی ئەم دوو لاوە، سامان ئەکرەم عەبدل بە مجۆرە وەڵامی داینەوە:

* کاك سامان ساڵی چەند لە دایکبووی؟

– من ساڵی 1982 لە گوندی قەڵاچوالان لە دایکبووم.

* ئێوە لە قولاییدا بە چی ئیشتان کردووە ، چونکە تاریکە؟

– بە هۆی ئیشپێنکردنی مەولیدەی کارەباو بردنی گڵۆپ بۆ ناو شاخەکە، توانیمان ئیش بکەین.

* کاتێك سەیری ناو کارێزەکە دەکەین هەست دەکەین بە ڕێکی نەتان بڕیوە، هۆکەی چییە؟

– لە بەر ئەوەی بە شوێن ئاودا گەڕاوین ویستومانە لە چەند لایەکەوە ئاوەکە بکەین بە یەك و کۆی بکەینەوە تا سودی لێببینین.

* لە کاتی ئیش کردند تووشی هیچ ناخۆشییەك نەبوون؟

– بێگومان ئەم مجۆرە ئیشانە زۆر ناخۆشن و هیلاکی زۆری ئەوێ، بەڵام لە هەمووی ناخۆشتر بەردێکی زۆر گەورە بوو کە هاتە ڕێی ئیشکردنمان، تا شکاندمان زۆر هیلاکی کردین و کاتی زۆری بردین.

* بۆچی کونی کارێزەکەتان بە لەوح گرتووە؟

– لە بەر ئەوەی ئاژەڵی کێوی نەچنە ناوی، چونکە قووڵە خۆیانی تێدا دەشارنەوەو ئاوەکەی پیس دەکەن.





* لە کۆتاییدا زۆر سوپاستان دەکەین و هیوای لەش ساغیتان بۆ دەخوازین.

– ئێمەش زۆر سوپاسی ماندوو بوونی ئێوە دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

بڵاو بۆتەوە لە گۆڤاری پشووی کوردستانی نوێ ژمارە (39) مانگی شوباتی 2003

# دابینکردنی شوێن بۆ گیانەوەران زامنی پاراستنی ژینگەیە

مرۆڤ لە دوای ئەوەی ئەشکەوتی بەجێهێشت و هەنگاوێکی نا بەرەو شارستانیەت ئەویش بەماڵیکردنی ئەو گیانەوەرانەی لە پێشدا ڕاوی دەکردن لەو کاتەوە مرۆڤ و گیانەوەران بوونە هاوڕێ و ئالودەی یەکتر بوون، مرۆڤ بە

هۆی توانای ژیرییەوە توانی ئەو ئاژەڵانە بخاتە ژێر ڕێڕەوی گەشە کردنی بژێوی و وەک کاڵا لە خزمەتی خۆیدا بەکاریان بێنێت و لە پاشاندا بە پێی گۆڕانی سەردەم و پێداویستییەکان شێوازی ئەو مامەڵە کردنە لە گەڵ ئاژەڵان و گیانەوەراندا ئەویش گۆڕانی بەسەردا هات.

## ئاژەڵان لە کاتی پێویستییەکانی مرۆڤدا

ئاژەڵ و گیانەوەران لە سالانی زوودا پێش ئەوەی ئامێرو هۆکانی شارستانی بێنە کوردستان ئاژەڵ و گیانەوەرانی ماڵی کارئاسانیان بۆ مرۆڤی کورد کردووە ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە هەر لە جووتکردن و هۆکاری هاتووچۆو گشت بوارەکانی ژیاندا، بەلام بە پێی پێشکەوتنەکان و گەیشتن بەو هۆکارانە ڕۆڵی ئاژەڵان کەمبۆتەوە لەو بوارانەدا، بەلام مرۆڤ توانی ئاژەڵان بخاتە خزمەتی پیشە وە ئەویش بە بەکارهێنانی بەشەکانی لەشی گیانەوەران هەر لە پێست و شاخ و سم و پەڕو خوری دەتوانم بڵێم پێش گەیشتن بە قۆناغی پیشەسازی، مرۆڤ سوودی لێوەربگرێ جگە لەوەی مرۆڤ گۆشتی ئەو ئاژەڵانەی خواردووە پێست و خوریەکەشی بەکارهێناون تا لە سەرما خۆی بپارێزێت.

### چەند دیمەنێك

لە گەڕانەوەمدا بەناو شارو دەرەوەی شاردا چەند دیمەنێکم بەرچاوکەوت و هەندێکیشم بیست کە کاری لە دەرونم کرد بۆیە بە مجۆرە بۆ تۆی خوێنەری دەگێڕمەوە.

### دیمەنی یەکەم:





لە سەرماو سۆڵەی ئەمساڵدا لەو کاتەی بەفر زەوی سپی کردبوو بەیانیەك دیمەنێکی زۆر خەمبار کاری تێکردم ئەویش دیمەنی ئەو گوێدرێژە بوو کە هەڵواسرابوو بە پەردەکەدا دیاربوو لە سەرما ڕێگەی لێ تێکچوو بوو هەر دوو قاچەکانی دواوەی کەوتبوونە ناو ئاسنی پەردەکەوەو سەریشی شۆڕببووەوە کە لێی نزیکبوومەوە بینیم خوێن لە چاوو دەم و لوتی هاتبوو تەزویەکی هەست جوڵێن و خەم ئامێز هەموو گیانی داگرتم و تاچەند ڕۆژێك گشت کەسانی دەوروبەرم هەستیان بە خەمباری من دەکرد.

### دیمەنی دووەم:

ساتێ بە مەبەستی گەشتێك سەردانی شارباژێرم دەکرد بەهەورازو نشێوەکانی ئەزمڕی سەیرانگای گشت وەرزەکاندا گوزەرم دەکرد کاتێك ڕووکاری سلێمانیم بەجێهێشت و بەرەو دیوی شارباژێر شۆڕبوومەوە خوار کانییەکەی ئەزمڕ لەدوورەوە سەگێکم بەرچاوکەوت لەسەر جادەکە هەڵکورما بوو کاتێ نزیکبوومەوەو سەیرمکرد، ئەو سەگە بەدیار ئێسك و پروسکی بەچکەکەیەوە تاساوە کە ئۆتۆمبێلێك لێی دابوو هەر بەو هۆیەوە ئەو بەچکە گیانی لەدەست دابوو، جارێکی تر سەرم سوڕما لەو بێویژدانییەی کە بەرامبەر بەو گیانەوەرە ئەنجامدراوە، هەروەها ئەوەشم زیاتر لا ڕوون بوو کە وەفا چەندە نرخی گرانەو لەناو گیانەوەرانیشدا بوونی هەیە بە تایبەتی سەگ کە بەوەفا ناسراوە کەچی لەلای ئێمەی مرۆڤ وانییە.

### دیمەنی سێهەم:

ئەم دیمەنە لە لایەن کەسێکی ترەوە بینراوەو بەرگوێی من کەوت بە مجۆرە دەیگێڕمەوە.

هاوڕێکەم وتی: ڕۆژێك سەفەرم دەكرد لە كاتی بەفرەكەدا بۆ ناوچەی ڕانیە لە سەر جادەكە ئەوەی لای من بووە دیمەنێكی ترسناك ئەو سەگە بوو كە لە برسان پەلاماری ئۆتۆمبێلەكەی ئێمەی دەدا ئێمەش لە ترسی گیانی خۆمان نەماندەزانی چی بكەین بۆیە بە ناچاری ئۆتۆمبێلەكەمان بەریكەوت فڕێی دایە قەراغ جادەكە، بەڵام چارەنووسی ئەو سەگەمان نەزانی بەرەو كوێ بەڕێكەوت و چی بەسەرهات.

## هەڵوێستێك:

لە گەڵ ئەوەی ئەو دیمەنانەی سەرەوە تووشی بێزاریان كردم بۆ چەند ساتێك، بەڵام ئەوەی زۆر دڵخۆشی كردم بینینی ئەو كەسە بوو كە لە گوندی قەلاچوالان هەستا بوو بە بەخێوكردنی چەند گوێدرێژێك و دابینكردنی شوێن بۆیان تا لە سەرمای زستان بیانپارێزێ بێ ئەوەی هیچ جۆرە مەبەستێكی هەبێ لەم كارە جگە لە بەزەیی و هەستی بەرزی مرۆڤایەتی خۆی ئەویش ناوی (زاهیر عومەر) بوو خۆزگەم خواست هەموو مرۆڤێك ئەو هەڵوێست و بەزەییەی هەبوایە بەرامبەر بە گیانەوەرانی تر.

## بەرەو ژینگە پارێزی

بە مەبەستی زانینی ڕایی هۆبەی ژینگە پارێزی لە بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی و ژینگە پارێزی بەڕێز (محەمەد عەلی ئەسعەد) لێپرسراوی ئەو بەشە بەم جۆرە بۆمان دواو وتی: ساڵانی ڕابردوو دیاردەی بەخێوكردنی ئاژەڵی ماڵی لە ناو شاردا هەبوو كە بە هۆیانەوە چەندین گەوڕ





دروستكرابوون لە ناو شاردا لە ڕووی ژینگەوە كارێكی ناشارستانی بوو، چونكە ببووە هۆی بێزار كردنی هاووڵاتیان و پیسبوونی ژینگە ئەویش بە هۆی بڵاوبوونەوەی بۆنی ناخۆش و بڵاوبوونەوەی مێش و مەگەز لەو دەوروبەرە، بە هاوكاری ئێمە و شارەوانی لە گەڵ سامان و دروستی ئاژەڵ ئەم دیاردەیەمان لە ناو شاردا نەهێشت و لەم كاتەدا هەندێ دیاردەی ترمان هەیە وەك بەخێوكردنی پەلەوەر لە مریشك و قازو مراوی و هتد، بۆ ئەم مەبەستەش چەند جارێك هاووڵاتیا نمان ئاگاداركردۆتەوە بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردانە، دیاردەیەكی تری ناشیرین كە زۆر بەر بڵاوە لە ناو شارو دەوروبەری شار بوونی سەگی بەرەڵڵایە كە مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی هەمەجۆری لێدەكرێت هەر چەندە چەند جارێك هەڵمەتی لەناوبردنیان بۆ كراوە ئەم كارەش كە دەكرێ لە بەرژەوەندی تەندروستی گشتیی هاووڵاتیاندایە، چونكە لە ڕووی مافەوە ئەو گیانەوەرانەش مافی ژیانیان هەیە هەر چەندە تا ئێستا لە بەر بێ ئیمكانیەتی و كەم تەرخەمی لایەنە پەیوەندیدارەكان نەتوانراوە شوێنی تایبەت بەو گیانەوەرانە دابین بكرێ و ئەو بێ یاساییە نەهێڵرێت تا بە هەمووومان بتوانین ژینگەی كوردستان بە پاكی و جوانی ڕابگرین.

## ئەوەی پێویستە

لەم وڵاتەی ئێمەدا كە ساڵێك و چەند مانگێكە لە دەستی بەعس و دیكتاتۆر ڕزگار بووە گشت یاساكانی پێشوو گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەقە مافی گیانەوەرانیش بەهەند وەربگیرێت و بەرنامەی بۆ دابنرێت ئەویش بە پاراستنیان و دابینكردنی جێگەی تایبەت بۆیان وەك دروستكردنی باخچەی گەورە و دانانی بەرنامەیەك بۆ چۆنێتی پاراستنی ژیانیان و دانانی سنورێك

بۆ ئەو هەموو سەگەی کە لە ناو شاردا بڵاون و مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی هەمەجۆریان لێ بەدیدەکرێت.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (3693) پێنجشەممە (2005/6/9)بڵاوکراوەتەوە.

## ئاژەڵە بەرەڵڵاکان و لە ناوچوونیان لە ژینگەدا

لە کاتی سەرماو سۆڵەی زستان بەیانیان کە دەچووم ئۆتۆمبێلەکەم گەرم بکەم پشیلەیەکم بەدی دەکرد لە ناو بۆنیتەکەدا ئارامی گرتبوو لە ترسی سەرماو مردن هانای دەبرد بۆ ناو مەکینەکەی، منیش پێش هەڵکردن و





ئیش پێکردن بۆنیتەکەم هەڵدەدایەوە تا بڕوات و زەرەری بەرنەکەوێت، هاوڕێیەکم باسی کرد کە بەیانییەک ئۆتۆمبێلەکەی ئیش پێکردبوو، هەستی بەهاوارو زیکەیەکی زۆر کردبوو، ساتێک سەیر دەکات پشیلەیەکی بەسەزمان کەوتۆتە بەر قایش پانکەکەو دەستێکی ببوو بە خڕخاڵ و کلکی پەڕیبوو و تووکی لاشەکەی بەو ناوەدا بڵاوببۆوە، دڵنیام بەزەلیلی گیانی داوە، ئەو هاوڕێیەم وتی: هەرگیز ئەم ڕووداوەم بیر ناچێتەوە.

### بیرەوەری دوو نووسەری ناودار:

**ئەوەی لەم باسەدا هاتەوە یادم سەبارەت بە گیانەوەران بیرەوەری دوو نووسەری ناودارن، یەکەمیان شاعیری ناوداری ئێرانی ( سوهراب سپهری ) یە کە لە شیعرێکیدا باس لە منداڵی خۆی دەکات ساتێك لە سەر چەم و ئاوەکان لە گەڵ هاوڕێکانیدا ئەوان بە گاڵتە بەردیان لە بۆقەکان دەگرت و بۆقەکانیش بە ڕاستی دەمردن، کە ئەم ڕووداوە کاری لە ناخی سوهراب کرد بۆمان باس دەکات، دووەمیان نووسەری ناوداری بەرازیلی ( پاولۆ کۆئیلۆ ) یە کە لە چیرۆکێکدا باسی لە سەردەمێکی تایبەتی ژیانی خۆی دەکات کە قۆزاخەی یەکێك لە مێرووەکانی هەڵداوەتەوە پێش وادەی خۆی بۆ چەند ساتێك مێرووەکە دەژی و پاشان دەمرێت.**

**ئەم نووسەرە خۆی بە تاوانبار دەزانێ کە بۆتە هۆی گیان لە دەستدانی گیانەوەرێك و هەرگیز لە بیری ناچێتەوە؟ تۆ بڵێی لەم وڵاتەدا هەبن وەك سوهراب و پاولۆ بیر بکەنەوە بەرامبەر بە گیانەوەران، کێ هەیە شەوانە لە بەر حەپەی سەگی بەسەزمانی بەرەڵای کۆڵانەکان بە تەواوی بخەوێت کە دەنگیانپڕە لەهاوارو خەمی بێ چارەیی.**

### مەبەستێکی سەیر

ئەوەی من بەدیمکرد لە زۆربەی قەزاو ناحیەکان شارەوانییەکانی ئەو سنورانە ئەو گوێدرێژانە کۆدەکەنەوەو باریان دەکەن بۆ ناوچەکانی تر، بەلاَم ئەو گیانەوەرانە پاش چەند رۆژێك دەگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، چەند جارێك لە چوارتا ئەوەم بینیوەو لە گوندەکانی سەر جادەی سەرەکی هەمان کار کراوە، نموونەیەك دەهێنمەوە رۆژی 2006/1/20 لە گوندی شەمساوا زیاد لە (15) گوێدرێژ کۆکرابوونەوە بە مەبەستی بارکردن و دوورخستنەوەیان، لە هەمووشی ناخۆشتر ئەوە بوو لە کاتی بارکردنیاندا کە دەکرانە ئۆتۆمبێلەکەوە خەڵکەکە بەدارو بەردو لێدانی بێ بەزییانە دەکەوتنە سەرو گوێلاکی ئەو گیانەوەرانە وەك ئەوەی تۆڵەیان لێبکەنەوە کە لەناو ئێمەدا زۆر باوە.

## گەشتێك

لە گەڕانمدا لە ناوچەی شارباژێر ئەوەی کە سەرنجی ڕادەکێشام ژمارەیەکی زۆری گوێدرێژ بوو کە لە دەوروبەری جادەکە دەبینران و زۆر جاریش بە هەوای شانی خۆیان لە سەر جادەکە دەڕۆیشتن یان دەوەستان و شۆفێرانیش چاوەڕێی لوتفی ئەو کەرانە دەبوون تا جادەکە بەربدەن و ڕێگاکەیان بدەن، لە ڕێگەی چوارتادا بە هۆی بێ یاسایی و ڕێگەدانی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری گەورە قیرەکە لە زۆر شوێن بۆتە فەرشی نیمچە لوول کراو، لە مەرکەزی قەزای شارباژێر کە لە ناو چوارتادایە هەر لە سەرەتای گەیشتن بە ناو چوارتا خراپی و چاڵ و چۆڵی و پشتگوێ خستنی ڕێگای سەرەکی ناو چوارتا ، لەم ڕێگایەدا تووشی زۆر شتی سەیر دەبی بە تایبەت گوێدرێژ و گیانەوەری بەرەڵای بەسەزمان کە هیچ کەس خەمیان ناخوات، ئەمە جگە لەو دیمەنەی کە ڕۆژانە تووشی زۆربەمان دەبێت زۆر لەو ئاژەڵانەش بە هۆی بێ بەزەیی





مرۆڤەکان بوونەتە نیوە ئاژەڵ یان قاچ و دەستیان شکاوە یان برینێکی قوڵی خوێناوی بە جەستەی لاوازیانەوە دیارە.

فەرهاد حسێن ئەحمەد بەڕێوەبەری ئەندازیاری لە وەزارەتی پێشووی کشتوکاڵ و ئاودێری ئیدارەی سلێمانی باسی لەو داوایەی گروپی کەرگەلی کوردستان کرد کە داوای شوێنێکی گونجاو دەکات بۆ ئەو گوێدرێژە بەرەڵلایانە ئەو وتی: ئەو داوایە دوای ئاراستە کردنی بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ ئیدارەی سلێمانی، دەستمان کرد بە پشکنین تا شوێنێك دیاریبکەین بۆ ئەو مەبەستە لەئەنجامدا توانیمان لە ناوچەی پیرەمەگرون (20) دۆنم زەوی دابینبکەین بۆیان و لە ئایندەیەکی نزیکدا شورایەك دەکەین و ژووری تایبەت بەو مەبەستە دروستدەکەین ، هەروەها وتی: بیرۆکەی دروستکردنی ئەم پرۆژەیە لە لایەن گروپی کەرگەلی کوردستان هاتە ئاراوە بە مەبەستی پاراستنی ئەو ئاژەلانە لە سەرماو ئازاردانی مرۆڤ بە تایبەتی گوێدرێژ.

لەکوردستانی نوێ ژمارە (3965) ڕۆژی پێنجشەممە 2006./5/11 بلاَوکراوەتەوە.

## ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان، جوانی سروشتن با بە ڕاو قڕیان نەکەین

لە دنیای پڕ لە داهێنانی شارستانی و ژیاری ئەمڕۆدا، مرۆڤ بە ئاکامی زۆر لە خۆشییەکان گەیشتووە، بەڵام بە هۆی دەستکاریکردنی سروشت و ژینگەوە، چەندین ناهاوسەنگی بەدیدەکرێت، یەکێک لەو کێشانە ڕاوکردنە بە تایبەت لە کوردستاندا کە بۆتە دیاردەیەکی ناشارستانی و تەنانەت تێکچوونی هاوسەنگی لە ژینگەدا بەدیدەکرێت و زۆر جۆر لە گیانەوەران فەوتاون یان بە هۆی ڕاوکردنیانەوە قڕیان تێکەوتووە.

## مێژووی ڕاوکردن

سەرەتا شوێنەوار ناس (کەمال نوری مەعروف) سەبارەت بە مێژووی ڕاو ڕونیکردەوە، کە مرۆڤ لەو کاتەوە کە ئامێری بەردینی دروستکردووە بە مەبەستی ڕاو کردنی ئاژەڵ و هەڵکەندنی ڕووەك لە زەویدا، لە هەندێك جاریشدا ئامێرەکانی بەکارهێناوە بۆ بەرگریکردن لە خۆی دژی ئاژەڵی دڕندەی کێوی، دەتوانین بڵێین ڕاوکردن وەك پێویستیەکی مرۆڤ لە گەڵ ژیانیدا هاتووەو گۆڕانی بەسەردا هاتووەو بە پێی ژیانی کۆمەلایەتی ئەویش گۆڕاوە، لە چاخەکانی دوایدا کە زیاتر مەودای بیر کردنەوە فراوانبووە، لە سەر ئەو بیر کردنەوانە ئامێری تازە ی دروستکردووە بۆ ڕاوکردن و لە گشت چاخەکاندا ڕاوی ئاژەڵی کێوی کراوە، بەلام زیاتر ئەم ڕاوکردنە بۆ چاخە بەردینەکانی کۆن دەگەڕێتەوە، زانا ئەمریکییەکان لە باسی شوێنەواری (قەلا چەرمۆ) دا کە گوندێکی کشتوکاڵییە و مرۆڤ ئاژەڵیشی تێدا بەخێو کردووە، بەلام ڕاوی ئاژەڵی کێوی بەردەوام کردووە، ئەمەش لەو کنەو پشکنینادا دەردەکەوێت کە ئەمریکییەکان لە ساڵانی 1949-1955 لەو شوێنەوارەدا بە ئە نجامیان گەیاند، دەرکەوت 65٪ ئێسقانی ئەو ئاژەلانەی دۆزراونەتەوە بۆ ئاژەڵی کێوی دەگەڕێتەوە، لەوانەیە هەندێك بپرسن چۆن ئەو ئیسقانانە جیاکراونەتەوە





کە ئاژەڵی کێوین، هەموو بەڵگەکان بۆ ئەوە دەچن ئاژەڵی ماڵی لە بەر ئەوەی خۆراکی بۆ ئامادە دەکرێت و ئاژەڵەکە پێوەی ماندوو نابێت ئێسقانەکەی پان و ئەستوورە، بەلاّم ئاژەڵی کێوی بە پێچەوانەوە بە هۆی زۆر ماندوو بونی بۆ پەیدا کردنی خۆراکی ژیانی ڕۆژانەی، ئێسقانی تەنك و باریکە، هەروەها سەبارەت بە ڕاوکردنی گیاندارانلەم کاتەدا، وتی: لەم کاتەدا ئەو کەسانەی ڕاو دەکەن هەست بە لێپرسینەوە ناکەن و نایانەوێت ئەو سروشتە جوانەی لە کۆنەوە بە هۆی دارودرەخت و گیانلەبەرەوە ڕازاوەتەوە تێکیدەن، چونکە جۆری ژیانی مرۆڤ گۆڕاوەو مرۆڤ پێویستی بە ڕاوکردن نەماوە، من بە نەهامەتییەکی گەورەی دەبینم، داوام وایە نەهێڵین سروشتی جوانی کوردستان بە هۆی ڕاوکردنەوە تێکبدرێت.

## ڕاوچێتی خولیاو خووە

ڕاوچی (تاهیر ئیسماعیل) وتی: ڕاوکردن وەك حەزو خولیا دەبینم بە هۆی ئەو خولیایەوە فێربووم ڕاوی (کەوو سوێسکەو ڕێوی و کەروێشك) بکەم، تا ئێستا نزیکەی (25) گیانەوەرم ڕاو کردووە، جگە لە کەوو سوێسکە کە بە تا پڕو تەڵەو ساچمەزەن و داو گرتومن، ئەو گیانەوەرانەی ڕاومکردوون لە ماوەی 5 ساڵدا بووەو لەو کاتەوەی ڕاو قەدەغە کراوە، نەچووم، لە بەر سومعەی خۆم کە نەمگرن، من حەزدەکەم ڕاو کە قەدەغەیە با بۆهەمووان قەدەغە بێت نەك تەنها بۆ هەندێك و بەس.

هەروەها (کەمال حەمەڕەش ئیبراهیم) وتی: هەموو ڕاویکم کردووە لە گیانەوەرو پەلەوەر، مرۆڤی ڕاوچی ناسراون بە هەژاری، چونکە ئیشی تریان بۆ ناکرێت، هەروەها بە دڵخۆشی و شادی ناسراون، چونکە کوڵ بە هیچ

تەنگوچەڵەمەیەکەوە هەڵناگرن و ڕاوچی پێویستە گورج و گۆڵ و وریا بێت، چونکە نێچیر بە وریایی و زیرەکی نەبێت دەستگیر نابێت.

هەروەها ڕاو بە دوو جۆر دەکرێت، بە شەوو بە ڕۆژ، شەو بە هۆی ڕوناکی گڵۆپی گەورەو لایتی سەیارەوە، ئینجا بەدارو چەك نێچیرەکە دەکوژرێت، بەتەڵە و داوو ڕەشەڕاوو ڕاوی سەرکانی و ڕاوی دێوجامە. داوام وایە ئەگەر ڕاو قەدەغە دەکرێت بە ڕاستی با کەس نەیکات، چونکە من زۆر خەڵك دەناسم ڕاویش دەکات کەس لێیان نا پرسێتەوە.

هەروەها با کاتێکی دیاریکراو دانرێت بۆ ڕاوکردن، وەك چۆن لە ڕاوەماسیدا دیاریکراوە، ڕاوی گیانداڕانی تریش با بەو جۆرە بێت.

هەروەها ( جەمال مەولود کەناروێیی ) سەبارەت بە ڕاوی ماسی ، وتی: بەم جۆرانە ڕاوی ماسی دەکرێت ( قولاپ-ماش- تۆپ – دەرمان- دەست – کارەبا ) بۆ بەرهەمی زۆر تۆپ بەکاردێت، کە زیانی زۆر دەگەیەنێت بە ماسی، چونکە گەورەو بچووك دەکوژێت، ڕاوی تۆڕیش باشترین جۆریەتی، چونکە ئەو ماسییەی مەبەستە ئەوە دەگرێت و زیان بەوە ناگەیەنێت کە کەڵکی نییەو بچووکە، من ( 30 ساڵە ڕاوی ماسی دەکەم، تەنیا وەك حەز کردوومە، نەمکردووە بە کەسابەت، دەتوانم بڵێم زیاد لە ( 2 ) تۆن ماسیم ڕاوکردووە، داوام لە حکومەت ئەوەیە ، با جۆرەکانی ڕاوە ماسی قەدەغە بکات، ئەوانەی کە زیان بە بەرهەمی ماسی دەگەیەنن، بە تایبەت ( تۆپ – کارەبا- دەرمان ) باجۆرەکانی تر لە کاتی خۆیدا بمێنێتەوە، گۆشتی ماسی وەك بەرهەمێکی نیشتمانی دەبینم و هەقە پەرەی پێبدرێت.

## ڕای پێشمەرگەکانی کوردستان





پێشمەرگە ( جەلال قادر حسێن ) لێپرسراوی بازگەی قەلاچوالان، وتی: من ڕام وایە کە ڕاوچییەکان توندترین سزا بدرێن لە سەر کوشتن و ڕاوکردنی ئەو گیانەوەرانە، چونکە کوردستان بەو گیانەوەرانەوە جوانە، زۆر جار خەڵك کەوی پێبووە لە قەفەزدا ، لێرە لێمان سەندووەو بەرەڵامان کردووە،داواکارم خەڵك ڕاونەکەن و پابەندبن بەو یاسایەی دانراوە بۆ ڕاو نەکردن، ئێمە وەك هەستکردن بە بەرپرسیاری، هەندێك بەراز لە چەمی قەلاچوالان و تەگەران هەن پاراستومانن و نەمانهێشتووە ڕاوبکرێن، بڕیارمانداوە لەمەولا هەر کەسێك گیانەوەرو پەلەوەری کێوی پێبوو لێی بسەنین و ناونووسی بکەین و ئەگەر دووبارەی کردەوە بیدەینە دادگاو سەروی خۆمان، ئەوەی جێی خۆشحاڵیمانە، لەم نزیکانەدا لە سەر چیاکان و گردەکان، تەنانەت سەرجادەکانیش زۆر لە ئاژەڵ و باڵندەی کێوی دەبینین، چونکە ڕاو ناکرێت سڵمان لێناکەنەوە.

هەروەها پێشمەرگەی دێرین ( عومەر مەحموود ) شارەزووری، وتی: ئەو کاتانەی شۆرشی نوێی گەلەکەمان لە هەشتاکاندا ڕاوی قەدەغەکرد، من پێشمەرگە بووم، وەك کەسێکی گوێڕایەڵ بۆ یاساکە بڕیارمدا واز لە ڕاو بێنم، چونکە بۆم دەرکەوت کارێکی زۆر خراپە و زەرەر بە کوردستان دەگەیەنێت، ڕاو لە ناوچەی شارەزوور زۆر خراپ کەوتۆتەوە، تەنانەت زۆر لە گیانەوەران بەرەو سنوری ئێران ڕۆیشتوون و ناوچەکەیان چۆڵکردووە، بە هۆی ئەوەی لە ئێران ڕاو قەدەغەیە، داوام لە خەڵك ئەوەیە واز لە ڕاوکردن بێنن، تا گیانەوەرانی تریش بە ئازادی بژین، چۆن ئازادیمان بۆ خۆمان دەوێت با بۆ گیانلەبەرانی تریشمان بوێت، چونکە خوا بۆ ژیان دروستیکردوون، کە مافی گشت گیانەوەرێکە نەك کوشتن و ناو قەفەز.

## شاعیرێکی میللی و ڕاو

عومەر شکاری یەکێکە لە شاعیرە میللیەکان و ( 35 ) ساڵ خەریکی ڕاوکردن بووە، وتی: هەر لە منداڵییەوە خولیای ڕاوکردن بووم، لە باوکمەوە فێر بووم، ڕاوکردن خولیایەکەو بەس، چونکە زەرەری زۆرترە لە قازانج، بۆیە تاکە سودێك لە ڕاودا تەنها خەم بە باکردنەو بەس، داواکارم ڕاو سنوری بۆ دابنرێت و لە کاتێکی دیاریکراودا بێت، بە جۆرێك کە زەرەر زۆر نەدا من پابەندم بەو بڕیارەی حکومەت دایناوە بۆ ڕاونەکردن، بۆیە لە شیعرێکدا دەڵێم:

لە سەرت دەرکە تۆ کەڵکەڵەی ڕاو
هیچ سوودی نییە دۆڕاوی دۆڕاو
کەسێکم نەدی سود وەرگرێ لێی
غەیری هەژاری و نان ودۆبڕاو

هەروەها وتی: هەست بە جیاوازی دەکەم لە نێوان بەرپرسان و خەڵکی سادە بۆ ڕاوکردن، داواکارم لە بەرپرسان بۆ خۆشیان ڕاو بە حەرام بزانن وەك چۆن بۆ خەڵکی بە ناڕەوای دەزانن.

## چەند قڕکردنێك

( کاوە ئەنوەر نادر ) دانیشتووی کۆیە، وتی: ساڵی پار، لە ڕوبارەکانی ڕۆژئاوای تەقتەق دەرمانی کشتوکاڵی لێ دابەشکرا بوو، ئەو دەرمانە ئۆکسیجینی لە ناو ئاو نەدەهێشت، ڕاوچییەکان کردبوویانە چەم و ڕوبارەکانەوە، لە ئەنجامدا هەرچی زیندەوەر هەبوو لە ناو ئاوەکانی تەقتەق تیاچوو بوون و تەنانەت ئاوەکانیش بۆنیان کردبوو، هەروەها هاووڵاتیەکی تر، وتی: شاخی ڕەشەقەڵات لە شاربازێر لە نێوان گوندەکانی ئاوەکورتە و گرگاشەدا ، نزیکەی ( 17 ) سەر بزنە کێوی لێبوو، بە هۆی ڕاوکردنیانەوە





قڕیان تێکەوت و نەمان، تەنانەت بزنەکێوی کوژراوە، ( 2 ) کاری لەسکدا بووەو بە ( 10 ) کەس بەشیان کردووە.

یان هەندێك کەس بە تاییەت دەچنە سەرتەکی بەمۆ بۆ ڕاوی بزنە کێوی و ئاسك، لەوێش بەرەو کزی دەچن، وابڕوات قڕدەکرێن.

## بەرەو وەزارەتی ناوخۆ

لە وەزارەتی ناوخۆ، چاومان کەوت بە ( عادل عەلی ) بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆ، سەبارەت بە ڕاو، وتی: ئێمە هەوڵمان داوە بۆ بەدواداچوونی ئەو دیاردەیە، لە هەر شوێنێکدا قسە لە سەر ڕاوکرا بێت، لایەنی پەیوەندیدارمان ئاگادار کردۆتەوە، لەکاتی سەردانەکانی وەزیری ناوخۆ بۆ ناوچەکان، من ئاگادارم کە باسی ڕاو کردنی دووپات کردۆتەوە، کە ڕێی لێبگیرێت و سزای ئەو کەسانە بدرێت کە پێی هەڵدەستن ، جگە لەوەش لە ڕۆژنامەکاندا، بەتاییەتی باسی ئەو دیاردەیە دەکەین، ڕاستە ڕاو قەدەغە کراوە، بەڵام لە هەندێك شوێن جارجارە سەری هەڵداوە، بە هۆی شێوازی لێپێچینەوە کە توند نەبووە، ڕاو دیاردەیەکی جیهانییە، بەڵام لای ئێمە شێوازی ڕاوی بێ بەزییانە ڕەچاو دەکرێت.

بۆ بەرگرتن لە ڕاو، هەقە لایەنە پەیوەندیدارەکان چالاکتر کارەکانیان ئەنجام بدەن لەو ناوچانەی کە ڕاوی تێدا دەکرێت، هەروەها ڕاگەیاندنی کوردی کەمتەرخەمە بەرامبەر بەم دیاردەیەو هیچ هەڵمەتێکی بۆ ئەنجامنەدراوە لە ڕووی هۆشیارییەوە تا خەڵکی لە زەرەرەکانی ڕاو بە ئاگابن و پاراستنی گیانەوەران بە ئەرکی نیشتمانی بزانن.

## بەڕێوەبەرایەتییەکی نوێ

لە مانگی 2003/9 لە سەر بیرۆکەی بەڕێوەبەرایەتی دارستان و باخ و کۆلێجی کشتوکاڵ، لە ڕێگەی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری و بە هاوکاری فەرماندەیی گشتی ( هـ پ ك ) لە لایەن پۆلیسی هەرێمەوە، بە سەرپەرشتی ( CPA ) بەڕێوەبەرایەتی ( پۆلیسی دارستان و ژینگەی هەرێم ) پێکهات.

موقەدەم ( حسێن محەمەد ساڵح ) بەڕێوەبەری ئەم بەشە، وتی: سنوری کارو چالاکیمان لە کۆیە تا خانەقینە، ئەرکمان پاراستن و چاودێریکردنی سامانی دارو دارستان و پارێزگاریکردنە لە ئاژەڵە کێوییەکان، لە گەڵ ئە نجامدانی ئەرکەکانی پۆلیس بە گشتی، بۆ ڕاگرتنی باری هێمنی و ئاسایش و ڕێگە گرتن لە ئە نجامدانی تاوان، کارو چالاکییەکانمان هەموو ناوچەکان دەگرێتەوەو لە زۆر شوێن بەش و بنکەمان کردۆتەوە، زۆر جار شەوانەش مەفرەزەمان دەردەچێت ، هەروەها ڕێگە دەگرین لە داربڕین و خەڵوز کردن و ڕاوی ئاژەڵی کێوی، یان ئاگادار کردنەوەی گوندەکان لە ڕێی ئە نجومەنی گوندەکانەوە، کە لەو کارانە دوور بکەونەوە کە ئاماژەم پێداون، بە پێچەوانەوە سزای توندی ئەو کەسانە دەدەین.

## تاکە ڕێکخراوی ژینگە پارێزی

ڕێکخراوی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز کە لە 1991/10/16 لە لایەن چەند کەسێکی دڵسۆزی ژینگەوە، دامەزراوە تا بتوانن ڕۆڵیان هەبێت بۆ جوانکردن و پاك ڕاگرتنی ژینگەی کوردستان، هەر لەوێ چاومانکەوت بە ( سەربەست عەبدولڕەحمان عەزیز ) بەرپرسی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەکە و وتی: ئێمە باوەڕمان وایە کە هەموو زیندەوەرێك گرنگی خۆی هەیە لە هاوسەنگی سروشتدا، بۆیە لەناوبردنی یان قڕکردنی ڕەگەزەکەی ، بە کێشەیەکی ژینگەیی دادەنێین، هەروەها بڕوامان وایە لە ناو زیندەوەراندا بەزیان و بێ





زیان نییە، ئەوە مرۆڤەکانن ئەو پۆلێنە خراپە دەکەن، لە بەر ئەوە مرۆڤ لەم سەردەمەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سنوری دەسەڵاتی لە سەر زەوی فراوان دەکات، لە ناچاریدا زیندەوەرانی کێوی کشاونەتەوە بۆ سەختترین و دژوارترین جێگەکانی زەوی لە شاخە بەرزەکان و قوڵایی دەریاکاندا، تا گیانی خۆیان و ڕەگەزەکانیان قوتار بکەن لە مەترسی مرۆڤ، بەڵام ئێمەی مرۆڤ بە تازەترین چەکی دوورهاوێژ و بڕۆجەکتەرو فرۆکە لە ناویان دەبەین و ڕۆژانە هەزارەها تەن پاشەڕۆی ژەهراوی مرۆڤ دەکرێتە ئاوەوە کە ئەویش بۆتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی ئۆکسجین و ژەهراوی بوونی ئاوەکان.

سەبارەت بە ڕاوکردن، داوامان لە حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە ئەو یاسایانەی ئێمە دامان ڕشتووە بۆ پاراستنی ژینگە کە زیندەوەران یەکێکن لە ڕەگەزەکانی و ئەبێت جێبەجێبکرێن ، یان هەندێك زیندەوەر خەریکن تووشی قڕبوون بن وەك ( سەگلاو ) شوێنی تایبەتییان بۆ دروستبکرێت یان لە بەشی دروستی ئاژەڵ، بەشێك هەبێت بۆ چارەسەری زیندەوەرە کێویە شکستەکان هەروەها چەند ناوچەیەکی پارێزراو دروستبکرێت و ڕێگە نەدرێت بە خەڵکی دەستدرێژی بکەنە سەر زیندەوەران و ڕێگە لە خاوەن بوون یان کڕین و فرۆشتنی چەکی ڕاو بگیرێت بە چەکە هەواییەکانیشەوە. دەمەوێت زۆر سوپاسی ئەفسەری پۆلیس لیوا ( ئەحمەد عەلی عارف ) بەڕێوەبەری نەهێشتنی تاوان بکەم کە ئەندامی کۆمەڵەکەمانەو هاوکاری زۆری کردووین لە قوتار کردنی گیانەوەرو زیندەوەران لە دەست ڕاوچییەکان.

## هەڵوێستێك

بۆ ئە نجامدانی ئەم ڕیپۆرتاژە سەردانی ژێر پردەکەی شەقامی مەولەویم کرد لە سلێمانی، کە ناسراوە بە شوێنی ئاژەڵی کێوی و ماڵی کە لەوێ دەفرۆشرێت، کەسێکم بینی ( کوندەپەپوو )یەکی بەدەستەوە بوو بە تەمای

**فرۆشتنی بوو، داوای ( 200 ) دیناری چاپی کۆنی لێدەکرد، پاش چەند ساتێك قسەکردن بۆی، بڕوای هێنا کە باڵندەکە ئازاد بکات و بیباتە دەرەوەی شار، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە بەرنامەی باش و گونجاو دابنرێت بۆ هۆشیارکردنەوەی زیانەکانی ڕاوکردن لە کەناڵەکانەوە بە تایبەت ژینگە و زیندەوەران دیاردەکە کەمدەبێتەوەو ژینگەی کوردستان جوانتر دەبێت.**

## دەرئەنجام

لە ئەنجامی بینینی ڕاوچییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان ، بۆمان دەرکەوت کە ژینگەی کوردستان زۆر پێویستی بە ئاوڕلێدانەوە هەیە و پێویستە لە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی قەدەغەکردنی ڕاو بەیەکجاری ڕێگەی باشتر و توندتر بگرێت، بەتایبەت بەرامبەر بەرپرسان، چونکە خەڵک گلەیی لە بەرپرسان دەکەن، کە زیاتر ڕاو دەکەن،لە خەڵکی تر، بەتایبەتی زیندەوەرە دەگمەنەکان کە پێویستە قرنەکرێن و نەفەوتێن، بۆ ئەو مەبەستە با شوێنی فراوان لە شاخەکان و قەدپاڵەکان تەلبەن بکرێن، بۆ ئاسوودەیی ژیانی زیندەوەران تیایاندا ، یان هەر بەرنامەی تایبەت بە هۆشیارکردنەوەی خەڵکی لە پاراستنی ژینگەوە دابنرێت بە تایبەت لە کەناڵەکانی خوێندنی پەروەردەیی بە مەبەستی زیاتر جوانکردن و ڕازاندنەوەی سروشتی کوردستان لە لایەکی تر هاوکاری ڕێکخراوی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز بکرێت، لە ڕووی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی دایاننا‌وە بۆ پاراستنی ژینگەی کوردستان، تا هەنگاوی باشتر بنرێن و وڵاتەکەمان گەش ببینرێت و ببێتە دنیایەکی شارستانی.

لە کوردستانی نوێ ژمارە (3352) سێشەممە 2004/4/27بلاوکراوەتەوە.





# دابەزینی نرخی بەروبوومی کشتوکاڵی و چۆنیەتی کڕینەوەی لە جوتیاران

کشتوکاڵ بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگی بژێوی جوتیاران، بە بێ کشتوکاڵ و بەرهەمهێنان ژیانی مرۆڤ دەکەوێتە مەترسییەوە، کوردستانیش بە یەکەم شوێنگەی کشتوکاڵ دادەنرێت، لە کاتی ئابڵوقەی ئابوریدا نەتەوەکەمان گرنگی و بایەخی کشتوکاڵی باشتر بۆ دەرکەوتووە بە تایبەتی پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان کاتێک گوندەکان ئاوەدانکرانەوە ئەمرۆش لە سایەی پرۆسەی ڕزگاری عێراقدا بواری بژێوی خەڵک بە گشتی ڕوو لە باش بوونە، هەروەها جوتیاران گلەیی ئەوە دەکەن کە نرخی بەروبوومەکانیان دابەزیوە.

## بەروبوومەکان مایەی خۆیان ناگرێتەوە

**یەکێك لە جوتیارەکانی گوندەکانی شارباژێر بە ناوی ( بەکر حسێن ڕەسولْ ) وتی: بەروبومی کشتوکاڵی وەك ساڵان نییە چونکە بۆ ئێمە تەنها زەرەرەو بەروبومەکانمان مایەی خۆی ناگرێتەوە بە هۆی گرانی جووت و گێرە، یەك سەعات جووت بە ( 50 ) دیناری سویسرییەو کاتێك دەییەین بۆ بازار تەنها کرێی ئۆتۆمبێل دەردەهێنێتەوە، ئەمساڵ بەروبوومی نۆك باش نەبوو ئەویش بە هۆی باران بارین کە نەمانتوانی لە کاتی خۆیدا دەسکەنەی بکەین، بۆیە بەرهەممان کەم بوو بەلاّم گەنم و جۆ باش بوو، جگە لەم بەروبوومانە ڕەزو باخیشیان هەیە هەرچەندە باخ و ڕەز باش بەرهەم دێت و بەرهەمی زۆرە، بەلاّم لە کاتی پێگەیشتنیدا ئەوانیش لە بازاڕ پارە ناکات و زۆری زەرەر دەبێت و هەر بەڕەزەکەوە جێی دەهێڵین.**

## کرێی ئۆتۆمبیل دانەبەزیوە

هەروەها جوتیار ( مستەفا حسێن سەعید ) لە گوندی واژە دەڵێت: ئەمساڵ لە ساڵان بەروبووم نرخی زیاتر دابەزیوە، لە پێشدا وتیان نۆك مەفرۆشن لێتان وەردەگرن، ئێمە نەمانفرۆشت و لێشیان وەرنەگرتین، جگە لەوە کرێی ئۆتۆمبێل دانەبەزیوە بە تایبەتی بۆ گوندەکان، ئێمە لە گوندی واژە ئێستاش هەر نەفەری ( 10 ) دینار دەدەین، هەروەها وتی: هەموو بەرهەمێك دەبێت ببرێتە عەلوە تا بەو نرخەی دەیانەوێت لێی وەربگرن بەمەش زەرەر لە جوتیار دەدرێت، دواتر جوتیار ( کەمال کەریم سەعید ) دەڵێت: ئێمەی جوتیار هیچ کەس و لایەنێك نییە هانای بۆ بەرین بە تایبەتی کاتێك کێشەی کشتوکاڵ ڕووبەڕوومان دەبێتەوەو دەبێت خۆمان چارەسەری بکەین و بۆمان دەبێتە ئەرکێکی گران هەر لە دابینکردنی مەکینەی ئاوو ناخۆشی ڕێگاو کرێی زۆرو هەموو شتەکانی تر من بۆ خۆم ئەمساڵ زۆر زەرەرم کردووە لەو بەروبووم و بەرهەمانەی پارەم لێ خەرجکردووە، چونکە مایەی خۆی دەرناهێنێت.

## حەوت دۆنم گەنمم بەرەڵڵا کرد

هەروەها جوتیار ( عومەر عەبدوڵڵا ساڵح ) وتی: من ئەمساڵ دانەوێڵە و میوەو سەوزەم کردووە، تەماتەی ئەمساڵ نەخۆشە گەڵاکەی لول دەبێت و پاشان زەرد هەڵدەگەرێت، ئینجا وشك دەبێت، نرخی کولەکە و خەیاریش حسابی بازاڕی دۆلاری بۆ دەکەن زۆر نرخێکی نزمە، گەنمیش من حەوت دۆنمم کردووە نەمدوریوەتەوەو بەرەڵڵام کردووە.

کێشەکانی جوتیاران زۆرن لەوانە کرێی عەلوە وەك خۆی وایە و کەس نییە بە نرخێکی باش لێمان بکڕێتەوە، جگە لەمانەش پەین و دەرمانی مێروکوژ دابەش ناکرێت تا زیانەکانی بەروبوومەکە باش بکرێت و بەرهەم زیاد بکرێت،





هەروەها گرانی کرێکار لە کاتی دروێنە و کێشە کردن و کرێی مەکینەی هەباشە کە سەعاتی ( 40 ) دینارە ئەویش بۆتە بارگرانییەکی تر.

## ئەگەر وابێت ساڵێکی تر کشتوکاڵ ناکەم

هەروەها جوتیار ( مەحموود حاجی قادر ) وتی: من وەك سەپان ئەم زەویەم وەرگرتووە کە ( 50 ) دۆنمە بۆ خزمەتکردنی باخ و موڵکەکە و بەروبومەکەی بۆ خۆمە، بەڵام بە هۆی کرێی جووت و دروێنەکردن و هەباشە زەرەر دەکەم، ئەگەر وابێت ساڵێکی تر هیچ جۆرە بەروبوومێك ناکەم و زەرەر لە خۆم نادەم، ئەمساڵ ( 10 ) تەن گەنمم هەبوو، بەڵام بە هۆی لێدانی مێرووی سن پارە ناکات و ماوەتەوەو جگە لەوەی بازاڕیش وەك پێویست نییە، تا ئێستا دەسکەنەی نۆکم نەکردووە چونکە پارە ناکات، من گلەیی دەکەم لە وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری چونکە نەیانتوانیوە دەڕاسەیەکی دروێنە کردن بنێرن بۆ شارباژێر تا دروێنەی بەروبوومەکان بکات بە نرخێکی گونجاو یان بۆچی وەزارەتی کشتوکاڵ هەندێك تراکتۆر نانێرێت بۆ جووتکردن تا سەعاتی جووت کردن نەگاتە ( 50 ) دینار، هەروەها بۆ هەر جوتیارێك وابزانم دوو فەردە پەینی کیمیاوی بەشی هیچ ناکات بۆیە من ئەم دوو فەردە یەشم وەرنەگرت.

## نرخی هەموو شتێك گران بۆتەوە ئۆتۆمبێل نەبێت

هەروەها بۆ هەمان کێشە ڕوومانکردە شۆفێری هێنانی بەروبووم ( ئەحمەد حەسەن مەجید ) و لەم بارەیەوە وتی: بە ڕای من نرخی ئۆتۆمبێل گران نییە، چونکە بە هۆی بازاڕەوە هەموو شتێك گران بۆتەوە تەنها نرخی ئۆتۆمبێل نەبێت وەك خۆی وایە، هەروەها من واهەست دەکەم غەدر لە جوتیار دەکرێت چونکە هەموو شتێك لە بازاڕی ڕەشدا دەکرێت و کەس هاوکاری ناکات بە نسبەت کرێوە لای ئێمە زۆر نییە چونکە من یەك سندوق لە لادێیەوە دەبەم بۆ

عەلوە بە سێ دینار بەلاَم عەلوە بۆ یەك سندوق سێ دینار عمولەیەتی و یەك دینار حەماڵی بێ ئەوەی دابیگرێت.

## ئەگەر کرێچی نەبێ

هەر سەبارەت بە ژیانی میوەو سەوزەفرۆشەکان سەردانی فرۆشیار ( دڵشاد عومەر ) مان کرد و وتی: من ئەم شتانە لە عەلوە دەکڕم لە عەلوەش کەم و زۆری بە ئارەزووی خۆیانە لە دانانی نرخدا، لە فرۆشتنی میوەو سەوزەدا ئەگەر کرێچی نەبیت بەشی ژیانی رۆژانە دەکات و هەرچەندە بەم گەرمایە زۆر هیلاك دەبین و تا ئێستا بیر لەوە نەکراوەتەوە جێگەیەکی باشمان بۆ دابین بکرێت چونکە شار قەرەباڵغە و ئەو یەك دوو شوێنە هەیە بەشی هەموو فرۆشیارەکان ناکات، هەروەها فرۆشیار ( جەلال محەمەد سالح ) وتی: من لە تەینالْ سەوزە ئەهێنم، سەبارەت بە نرخی میوەو سەوزە ئەگەر بهێڵن بیفرۆشین لە بێ کاری زۆر باشترەو ژیانی خۆمانی پێ بەرێدەکەین ، داواکارم شارەوانی حسابێکمان بۆ بکات و لەکۆڵ گرتنی عەرەبانە و غەرامە ببینەوە بە دابینکردنی جێگایەك.

## بەرەو عەلوەکە

هەر سەبارەت بە کێشەی عمولە و حەماڵی سەردانی عەلوەی سلێمانیمان کردو چاومان کەوت بە ( سەلام عەلی فەتاح ) سەرۆکی ئەنجومەنی عەلوەکەو لە بەرامبەر گلەیی جوتیاراندا وتی: گلەیی جوتیاران رەوایە بەلاَم دەسەلاَتی ئێمەی تێدا نییە، پەیوەندی بە بەڵێندەرەکانەوە هەیە، هەر چەندە شارەوانی داوێتی بە کرێ، عمولە 4٪ کە نرخی رەسمی خۆیەتی، هەروەها عمولەی دوکانیش 2٪ بە رای من لەوەتەی عەلوە هەیە یاسایەکی رێکوپێکی بۆ دانەنراوە، بەلاَم بەرێز حاکم قادر سەرۆکی شارەوانی بەڵێنی داوە کە کاتی





بەکرێدانی تەواو بوو، لە سەر بڕیاری دوکانەکان بخرێتە سەر عەلوە تا یەك عمولە بسەنرێت، سەبارەت بە نرخ پەیوەندی بە بازاڕی دۆلارەوە بەرز بێت ئەوا نرخی شت گران دەبێت و کە نزمیش بوو شت دادەبەزێت.

هەروەها وتی جگە لە مۆز کە لە تورکیاو سوریاوە دێت بەرهەمەکانی تر هەموو بەرهەمی خۆماڵین لە ناوچەکانی خۆمان دێتە عەلوەوە ئینجا دەخرێتە بازاڕەوە.

هەر لە عەلوە سەردانی بەشی عمولەی عەلوەمان کرد کە تایبەتە بەو بەڵێندەرانەی کە لە شارەوانی بەکرێیان گرتووە، لەوێ ( عەباس محەمەد ) وتی: کاری ئێمە لێرە ئەوەیە کە پسوڵە بکەین بۆ ئەو میوەو سەوزانەی دەبرێنە دەرەوەی عەلوە بە مەبەستی فرۆشتنی، بەلاَم کاتێك کەسێك شتێك دەکرێت بۆ ماڵی خۆی ئێمە پارەی لێوەرناگرین، نرخی عمولەش یاساییەو ( 4٪ ) ە، هەروەها وتی: لە زاڵگەکان ئێمە پسوڵە دەبڕین بۆ ئەوەی بەروبوومەکان نەچنە بازاڕ ڕاستەوخۆ بۆ ئەوەی بازاڕ قەرەباڵغ نەکاو شێرزەیی دروست نەبێت بەلاَم ئێمە لێرە بەرپرسین لە پاك وخاوێنی عەلوە بە هۆی دابینکردنی کرێکاری تایبەت، بەنیسبەت عمولەی دوکانەکانەوە پەیوەندی بە دوکاندارەوە هەیە ئەویش 2٪ تەنها لە بری فرۆشتنی ئەو بەروبوومانەیە کە دەیفرۆشێت هەروەها بەرزونزمی نرخی بەروبووم پەیوەندی بە دۆلارەوە نییە جگە لە مۆز چونکە مۆز بە دۆلار مامەڵە دەکرێت، کاتێك دۆلار ( 350 ) بوو تەماتە سندوقی بە ( 15 ) دینار بوو کاتێك چووە ( 950 ) هەر بە ( 15 ) دینار بوو.

هەروەها وتی کاروبارەکانمان باش دەڕوات هەر چەندە بە پێی ئیشی ئەمڕۆ نرخەکەی جوتیارو بەڵێندەری خاوەن عەلوەش زەرەر دەکەن بە هۆی دابەزینی نرخی بەروبووم و بازاڕ.

## بەرەو وەزارەت

هەر بۆ وەڵامدانەوەی گلەیی جوتیاران و دابەزینی نرخی بەروبووم و چۆنیەتی کرینەوەی بەرهەم لە جوتیاران سەردانی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێریمان کرد چاومان کەوت بە ڕاوێژکاری وەزارەت ( جەلال مەلا کەریم ) و بەم جۆرە وەڵامی داینەوە.

ئێمە وەك وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری لە بڕیاری 986 هەموو ساڵەکان هەوڵماندداوە بەروبوومی جوتیاران بکڕینەوە وەك لە دەرەوە دەیکڕن بە پارەی زیاد بالێرەوە بیکرن، چونکە هانی جوتیاران دەدات بۆ زیاتر بەرهەم هێنان بەڵام لە بەندەکانی بڕیاری 986 هەیە کە بەروبووم لە ناوخۆ نەکڕدرێتەوە، ئەمە بووە هۆی زەرەرمەند بوونی جوتیاران، هەر چەندە هەوڵی زۆرمان داوە بەڵام بی سوود بووە لەو هەوڵانە بەردەوام بووین لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە پاش چەند کۆبوونەوەیەك لە گەڵ هاوپەیمانان، هەوڵدرا گەنم و جۆی جوتیاران بکڕدرێتەوە ئێمە پێشنیارمان کرد کە تەنی بە ( 120 ) دۆلار بکڕنەوە لە بەر ئەوەی پارەی تێچوونی بەرهەم هێنانی دانەوێڵە لە پێش ڕووخانی بەعس بووە زۆری تێچووە بەڵام ئەوان ( 105 ) دۆلاریان داناوە بۆ دانەوێڵەی دەرەجە یەك لە ڕۆژی 2003/7/5 تا 2003/7/22 بڕی ( 3508 ) تەن و ( 982 ) کیلۆ لە جوتیاران وەرگیراوە پرۆسەکە بەردەوام دەبێت تا بەرواری 2003/10/15)، ئەمە تەنها گەنم دەگرێتەوە بە پێی پیسی و بوونی نەخۆشی مێرووی نرخ دادەبەزێت، هەروەها وتی: یەکێك لە کێشەکانمان ئەوەیە جوتیارانی کوردستان گەنمی کۆن تێکەڵ بە گەنمی تازەی ئەمساڵ دەکەن ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لێی وەرنەگیرێت و زیان بە تەندروستی هاووڵاتیان دەگەیەنێت ، بە پێی بۆچوونمان بەرهەمی





ناوچەکەمان دەگاتە بڕی ( 200 ) هەزار تەن لەم ساڵدا، هەروەها وتی وەرگرتنەوەی بەروبوومەکان بە هاوکاری لیژنەی وەزارەتی دارایی و ئابوری و بەڕێوەبەرێتی گشتی بازرگانی دەبێت.

هەروەها لە وەڵامی ئەوەی بۆچی ئامێر دابین نەکراوە بۆ جوتیاران وتی: هەوڵمان داوە بەڵام تا ئێستا ئامێری درەوێنەکردن نەهاتۆتە ناوچەکەمان ، ئەگەر بوار هەبوو لە ئایندەدا حسابی بۆ دەکرێت بە پێی ناوچەکان چونکە دەراسە بۆ ناوچەی شاخاوی نابێت، ساڵی پار هەوڵماندا لە گەڵ ڕێکخراوی ( fao ) لە بودجەی ( lgf ) کە پارەی کۆکراوەی داهاتی شتە هێنراوەکانی فاوە ( 50 ) ئامێری خەرمان کوت دروست بکەین بۆ چارەسەری گێرەو شەنی بەروبووم، بەڵام ڕێکخراوی فاو نەیهێشت و هەڵیان وەشاندەوە، هەروەها وتی: سستی لە کاری ڕایکردنی بەرنامەی 986 لە لایەن ڕێکخراوی فاو بە هۆی ڕێگری ڕژێمی بەعس بووە پارەیەکی زۆر ماوەتەوە لە فەیسەکاندا لە گشت بوارەکاندا پەلەی لێبکرێت بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان لە کوردستاندا.

سەبارەت بە دابەزینی نرخی بەروبووم و زەرەرمەند بوونی جوتیاران وتی: بە هۆی بوونی جیاوازی پێگەیشتنی کاتی بەروبوومی ناوچەکەمان لە گەڵ هاوسێکان و دەوروبەردا ، کاتێك بەروبوومی خۆمان پێدەگات هی ئەوانیش دێتە ناومان بۆیە بەروبوومی خۆمان نرخی پێویست ناکات بۆ جوتیار، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی توانای دارایی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری تا پرۆژەی بەرهەمهێنانی هەمیشەیی ناو شوشە و تونێلی پلاستیکی لە ئایندەدا ئەگەر ئەمە بکرێت نرخی بەرز دەبێتەوەو جوتیار سوودمەند دەبێت.

## ئەنجام

لە ئەنجامی بینینی جوتیاران و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆمان ڕوون بۆتەوە کە بە هۆی سستی لە ڕایکردنی کاروبارەکان کە ڕژێم نەیویستووە وەک پێویست هەنگاوی بۆ بنێت و بڕیاری 986 بە بێ ڕەزامەندی ڕژێمێک کاری پێنەکراوە بۆیە پارەیەکی زۆر بلۆک کراوەو نەتوانراوە بخرێتە خزمەت پرۆژەو بواری خزمەتگوزاری تا گشت بوارەکان لێی سوودمەند بن و جوتیارانیش بەو ئامێرو کەلوپەلانە شاد بن کە ژیانیان چاکتر دەکات، لە لایەکی تر بە هۆی ڕووخانی بەعس و دروست بوونی هەلومەرجێکی تایبەت لە ولاتەکەماندا جوتیاران زەرەرمەندن، هەق وایە کار بکرێت بۆ ئەوەی لەو بڕە پارەیەی ماوە جوتیاران زۆرترین بەشیان بەربکەوێت، هەروەها سور بوونی زیاتر لە سەر بەرنامە جێبەجێنەکراوەکان تا بواری کشتوکاڵ لە دوای پرۆسەی ئازادی باشتر گەشە بکات.

لەکوردستانی نوێ ژمارە (3131) چوارشەممە 2003/7/30بلاوکراوەتەوە.